RAND LABOR AND POPULATION

CHILDREN AND FAMILIES
EDUCATION AND THE ARTS
ENERGY AND ENVIRONMENT
HEALTH AND HEALTH CARE
INFRASTRUCTURE AND TRANSPORTATION
INTERNATIONAL AFFAIRS
LAW AND BUSINESS
NATIONAL SECURITY
POPULATION AND AGING
PUBLIC SAFETY
SCIENCE AND TECHNOLOGY
TERRORISM AND HOMELAND SECURITY

The RAND Corporation is a nonprofit institution that helps improve policy and decisionmaking through research and analysis.

This electronic document was made available from www.rand.org as a public service of the RAND Corporation.

Skip all front matter: Jump to Page 1

## Support RAND

Purchase this document

Browse Reports & Bookstore

Make a charitable contribution

## For More Information

Visit RAND at www.rand.org

Explore RAND Labor and Population

View document details

### Limited Electronic Distribution Rights

This document and trademark(s) contained herein are protected by law as indicated in a notice appearing later in this work. This electronic representation of RAND intellectual property is provided for non-commercial use only. Unauthorized posting of RAND electronic documents to a non-RAND website is prohibited. RAND electronic documents are protected under copyright law. Permission is required from RAND to reproduce, or reuse in another form, any of our research documents for commercial use. For information on reprint and linking permissions, please see RAND Permissions.

This report is part of the RAND Corporation research report series. RAND reports present research findings and objective analysis that address the challenges facing the public and private sectors. All RAND reports undergo rigorous peer review to ensure high standards for research quality and objectivity.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان

# بانیاتنانی توانا لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە رێگەی کۆکردنەوەی داتا




شموئیل آئابرامزون
(Shmuel Abramzon)
نیکۆلاس بێرگر
(Nicholas Burger)
بۆنی گوش-داستیدار
(Bonnie Ghosh-Dastidar)
پیتر گلیک (Peter Glick)
کریشنا ب. کومار
(Krishna B. Kumar)
فرانسیسکۆ پرێز-ئارسە
(Francisco Perez-Arce)
ئەلێکساندریا سی. سمیت
(Alexandria C. Smith)


RAND CORPORATION

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان

# بونیاتنانی توانا لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە ڕێگای کۆکردنەوەی داتا

بە پشتیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

شمۆئیل ئابرامزون
(Shmuel Abramzon)
نیکۆلاس بێرگر
(Nicholas Burger)
بۆنی گوش-داستیدار
(Bonnie Ghosh-Dastidar)
پیتەر گلیک (Peter Glick)
کریشنا ب. کومار
(Krishna B. Kumar)
فرانسیسکۆ پرێز-ئارسێ
(Francisco Perez-Arce)
ئالێکساندێریا سی. ئیسمیت
(Alexandria C. Smith)

RAND LABOR AND POPULATION

ئەم توێژینەوە لەلایەن "هێزی کار و دانیشتووانی دەزگای راند" جێبەجێ کرا. "هێزی کار و دانیشتووانی دەزگای راند" لە بواری جێبەجێ کردنی گەلالەکانی توێژینەوەیی راستەقینانە، بە کوالێتی لە سەرەوە و ئەزموونی بۆ پشتیوانی لە سیاسەتەکان و رێکخراوەکانی سەرتاپای جیهان و بەرەوپێشبردن، ناوبانگی دەرکردووە. چالاکی ئەو تیشکی خستووەتە سەر بازارەکانی کار، سیاسەتی خۆشگوزەرانی کۆمەلایەتی، ئاکاری دانیشتووان، کۆچبەری، پەرەسەندنی نێودەوڵەتی و بابەتە پەیوەندیدارەکان بە بەساڵاچوویی و خانەنشینی بە مەبەستی ناسینی کاریگەری هێزە سیاسی، کۆمەلایەتی و ئابوورییەکان لە سەر بڕیاردانی سەربەخۆ و تەندروستی منداڵان، گەورەساڵان و بنەماڵەکان.

*نووسەرانی ئەم راپۆرتە بە ریزبەندی ئەلفبێ ناویان هاتووە.*

دەزگای راند، رێکخراوەیەکی ناحکوومییە کە بە توێژینەوە و لێکدانەوەی کوالێتی ئاستی سیاسەتدانان و بڕیاردان بەرز دەکاتەوە. بابەتە بڵاوکراوەکان لە لایەن دەزگای راند بە شێوەی پێویست، پەرچی بیرورای خزمەتخوازی پەیوەندیدار بە لێکۆڵینەوە و پشتیوانە داراییەکانی خۆی ناداتەوە.

لە دەزگای راند پشتگیری بکەن—بە سەردانی ئەم ناونیشانەی خوارەوە دەتوانن یارمەتی خێرخوازانەی بەخشراو لە باج پێشکەش بکەن:
www.rand.org/giving/contribute.html

RAND® هێمایەکی بازرگانی تۆمارکراوە.

© مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە 2014 دەزگای راند

ئەو بەڵگەنامە و هێما بازرگانیانەی لێرەدا هاتوون بە پێی یاسا پارێزگاری دەکرێن. ئەم پیشاندانەی خاوەندارێتی مەعنەوی دەزگای راند تەنیا بۆ بەکارهێنەری نابازرگانی پێشکەش کراوە. دانانی رێگەپێنەدراوی بەڵگەکانی دەزگای راند لە ماڵپەڕەکانی تردا قەدەغەیە. بەڵگەنامەکانی دەزگای راند بە پێی یاسای مافی لەبەرگرتنەوە دەپارێزرێن. بڵاوکردنەوەی ئەم بەڵگە تەنیا بۆ بەکار هێنانی تاکەکەسی رێگەپێدراوە بە مەرجێک کە بە بێ گۆڕان و تەواو بێت. بڵاوکردنەوە یان بەکارهێنانی سەر لە نوێی هەرکام لە بەڵگەنامە توێژینەوەییەکان لە بە هەر شێوەیەکی تر تر بۆ بەکارهێنانی بازرگانی پێویستی بە رێپێدانی دەزگای راندە یە. بۆ دەستەبەر کردنی زانیاری سەبارەت بە رێپێدانی چاپی سەر لە نوێ و لینکدان، سەردانی لاپەڕەی رێپێدانی دەزگای راند بکەن:
.www.rand.org/pubs/permissions.html

نووسینگەکانی دەزگای راند

سانتامونیکا، کالیفۆرنیا • واشینگتۆن، دیسی

پیتزبورگ، پێنسیلوانیا • نیووئورلینز، لۆس‌ئانجلێس • جاکسون، میسیسیپی • بوستۆن، ماساچوسێت

کامبریج، بەریتانیا • بروکسێل، بەلجیکا

www.دەزگای راند.org

# پێشەکی

بوونی ئاماری گشتگیر و بڕوادار سەبارەت بە ناوچەیەک، هەلی دۆزینەوەی پێداویستییە گرنگەکان، گەڕان بە دوای پێشکەوتن، پلاندارێژی بۆ پەرەپێدان و پێکهێنانی سیاسەتە گونجاوەکان دابین دەکات. هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI) ئاماری پێویست بۆ باشتر کردنی ژێرخان، دابینکردنی بوار بۆ هاندانی پەرەپێدان، راکێشانی سەرمایە بیانییەکان و گەیشتن بە گەشەی ئابووری بەردەوامی لە بەردەستدا نییە.

لە یەکێک لە توێژینەوە پێشووەکاندا، ئێمە پێشنیاری پلانە رێکخراوەییە هەبووەکانمان بۆ کۆکردنەوە و بە هاوبەشیدانانی داتاکان لە ئاستی هەرێمی کورستانی عێراق (KRG) هەڵسەنگاند. ژێرخانە داتایی و زانیارییە هەبووەکان لە KRIمان پشکنی. ئەولەوییەتە سیاسیەکانی KRG بۆ دڵنیا بوون لە کارامەیی داتا کۆکراوەکان بۆ سیاسەتدانەرانمان دیاری کرد. ئایتمەکانی داتا کە دەبێت بۆ هەر بوارێکی ئەولەوییەت کۆبکرێنەوە، دیاریمان کرد. مێتۆدەکانی کۆکردنەوەی داتاکان، پلانە رێکخراوەییەکان و خەریتەی رێگای جێبەجێ کردنی پێشنیارەکان، بریتی لە قۆناغەکانی بونیاتنانی توانای سەرچاوە مرۆییەکان لە KRG و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) مان پێشکەش کرد.[1]

ئامانجی توێژینەوەی شوێنگرانە کە بە پشتگیری KRG ئەنجام درا، پێشکەش کردنی رێنموونی لە بواری جێبەجێکردنی پێشنیارە دراوەکان لە ماوەی کۆرسی ئەو چالاکییانەدا بوو کە لە پێشدا باسیان لێ کرا. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە، یارمەتیدانی دەزگای ناوەندی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) و KRG بۆ بونیاتنانی توانا بۆ لە ئەستۆ گرتنی بەرپرسیارێتی کۆکردنەوەی داتایە. ئێمە بۆ ئامادەکردن، جێبەجێ کردن و راڤەی گشتگیری رووپێوی پێویست بۆ سیاسەتدانان لە KRG، یان هەمان رووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان، لەگەڵ KRSO هاوکاری نزیکمان هەبوو و لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکاندا راوێژمان کرد. ئەم رووپێوە، هەلی چاودێری بەردەوامی رەوتی بەشداری هێزی کار، بێکاری و پێوەرەکانی تری پەیوەندیدار بە هەرێم دابین دەکات. دەزگای راند رێنموونییە گشتییەکان و فێرکاریی تاوتوێکارانە و کردەوەییانەی بە KRSO پێشکەش کرد. وێڕای ئەوە، فەرمانبەرانی KRSO بە بەشداریکردن لە خولی ژیانی تەواوی رووپێو، لە گەڵاڵەی سەرەتاییەوە تا کۆکردنەوەی داتاکان بۆ راڤەی سیاسەت، و بە قبووڵکردنی بەرپرسیارێتی جێبەجێکاری و راڤەی کۆتایی رووپێوەکان لە فێرکاری کردەوەییانە کەڵکیان وەرگرت.

بەردەنگی سەرەکی ئەم راپۆرتە، سیاسەتدانەرانی KRG و فەرمانبەرانی KRSO ین. ئەم راپۆرتە بۆ پێشکەش کردنی (1) کورتەیەک لە چالاکییەکانی ئێمە بۆ ئەم گەڵاڵە، (2) دیمەنێک لە دەرەنجامە سەرەکییە وەرگیراوەکان لە رووپێوی هێزی کار و (3) رێنموونی نیشاندەر بۆ ئەم بەردەنگانە لە بەرچاو گیراوە. ئێمە بە هێنانی زۆربەی وردەکارییە تەکنیکییەکان لە پاشکۆکاندا، دەمانهەوێت کە ئەم راپۆرتە بخەینە بەر دەست هەموو ئەو کەسانەی کە رەنگە ئابووری KRI، شێوەی بونیاتنانی توانا بۆ دەزگای ناوەندی ئامار و گەڵاڵە، جێبەجێکاری و راڤەی رووپێوەکانی هێزی کار، بە تایبەت بواری ئابووری تازە سەرهەڵداویان پێخۆشە.

ئەم توێژینەوە لە "هێزی کار و دانیشتووانی دەزگای راند" ئەنجام درا. "هێزی کار و دانیشتووانی دەزگای راند "لە بواری جێبەجێ کردنی گەڵاڵەی توێژینەوەیی کە روانگەیەکی راستەقینەیان هەیە، بە کواڵیتی بەرز و ئەزموونین بە مەبەستی پشتیوانی لە سیاسەتەکان و رێکخراوەکان لە سەرتاسەری دنیا و باشتر کردنیان،

---

[1] ساندرا بێری (Sandra H. Berry)، نیکۆلاس بێرگر (Nicholas Burger)، هارون دوگو (Harun Dogo)، کریشنا کومار (Krishna B. Kumar)، ئالساندرۆمالکیودی (Alessandro Malchiodi)، جفری مارتینی (Jeffrey Martini)، تووداج مینگیستو (Tewodaj Mengistu)، هاوارد شاتز (Howard J. Shatz)، ئەلێکساندریا سمیت (Alexandria C. Smith)،ئارتور یوسانوڤ (Artur Usanov) و یوان یونگ (Joanne K. Yoong)، *گەڵاڵەی سیستەمی کۆکردنەوەی داتای پەیوەندیدار بە سیاسەت بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق*، سانتامونیکا، کالیفۆرنیا: دامەزراوەی راند، MG-1184-KRG، کانونی دووەمی 2012.

ناوبانگی دەرکردووە. چالاکی ئەو تیشکی خستووەتە سەر بازارەکانی کار، سیاسەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، ئاکاری دانیشتووان، کۆچبەری، پەرەپێدانی نێودەوڵەتی و بابەتە پەیوەندیدارەکان بە بەساڵاچوویی و خانەنشینی بە مەبەستی ناسینی کاریگەری هێزە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە سەر بڕیاردانی سەربەخۆ و تەندروستی منداڵان، گەورەساڵان و بنەماڵەکان. بۆ دەستەبەرکردنی زانیاری زیاتر سەبارەت بە "هێزی کار و دانیشتووانی دەزگای راند" پەیوەندی بەم ناونیشانە بکەن: RAND Labor and Population, RAND Corporation, 1776 Main Street, P.O. Box 2138, Santa Monica, CA 90407-2138, (310) 393-0411.

بۆ دەستەبەرکردنی زانیاری زیاتر سەبارەت بە دەزگای راند سەردانی ئەم ناونیشانە بکەن: http://www.rand.org.

# ناوەرۆک

**پێشەکی** ................ iii
**کورتە** ................ xiii
**پێزانین** ................ xv
**نیشانەی کورتکراوە** ................ xvii
**فەرهەنگۆک** ................ xix

بەشی یەک
**پێشەکی** ................ 1
کۆکردنەوەی داتا لە هەرێمی کوردستانی عێراق ................ 1
باشترکردنی کۆکردنەوەی داتا لە ڕێگەی تواناسازی ................ 2
وۆرکشۆپ بۆ پشتیوانیکردنی تواناسازی ................ 3
ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان ................ 3
خشتەی کات و چەنجارەی ڕووپێو ................ 4
ڕاسپاردەکان بۆ ڕووپێوی دامەزراوەکان ................ 4
ڕێکخستنی ئەم ڕاپۆرتە ................ 4

بەشی دووەم
**دیزاینی سامپڵ وەرگرتن** ................ 7
ئامانج ................ 7
دیزاینی سامپڵ وەرگرتنی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان ................ 7
خولانەوەی گروپی سکیم ................ 9
وۆرکشۆپ و تواناسازی ................ 13
پوختە ................ 13

بەشی سێ
**دیزاینی ڕاپرسی** ................ 15
چالاکیەکان و تواناسازی بۆ دیزاینی ڕاپرسی ................ 15
دیزاینی ڕووپێویەکانی پێشووتر و کەلێنەکانی زانیاری ................ 16
ئامانجەکانی دیزاینی ڕاپرسی ................ 16
دابینکردنی داتای سوودبەخش و شیاو و بۆ پێدانی زانیاری بۆ دیاریکردنی سیاسەت ................ 16
دابینکردنی زانیاری جیهانی هاوشێوە ................ 17
بە دەستهێنانی ئامانجەکانی سەرەوە لە گەڵ پاراستنی بارگرانی وەڵامدەر (Respondent Burden) بە شێوەیەکی شیاو ................ 17
پێکهاتەی ڕاپرسی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان ................ 18
زانیاری پێشەکی ................ 18

تۆمارکەری خێزان 18
پەروەردە 19
بەشداری هێزی کار 19
حاڵەتەکانی تۆڕ 19
حاڵەتەکانی کارکردن 19
کاری نیوە دەوام و کاری بەشیی 19
پوختە 20

بەشی چوارەم

**کۆکردنەوەی داتا، پاککردنەوە، و ڕەواکردن** 21
پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا بۆ ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان 21
کۆکردنەوەی داتا، پاککردنەوە، و ڕەواکردن 21
وۆرکشۆپ و تواناسازی 22
کورتە 23

بەشی پێنجەم

**شیکردنەوە و ئەنجامەکان** 25
هێڵە گشتیەکانی پرۆسەی شیکردنەوەی KRLFS 25
ئەنجامە سەرەکیەکان لە KRLFS ەوە 25
بەشداریکردنی هێزی کار 26
ڕێژەی دامەزراندن، بێکاری و ژێردامەزراندن. 27
ڕێژەی بێکاری بەپێی تەمەن، رەگەز و خوێندن. 27
ژمارەی بێکاران بەگوێرەی گرووپی تەمەن و رەگەز 30
نیشاندەرەکانی هێزی کار بەپێی پارێزگا 30
نیشاندەرەکانی هێزی کار بەپێی قەزا 32
دامەزراندنی کاتی تەواو و کاتی بەشەکی و لەژێر دامەزراندندا 34
دامەزراندنی فەرمی و نافەرمی 35
دامەزراندن بەپێی کەرتی خاوەندارێتی 37
دامەزراندن بەپێی کەرتی چالاکی 38
وێرکشۆپ و توانا سازی 39
قاڵبێک بۆ ئەنجامەکانی راپۆرتکردن 41
پوختە 41

بەشی شەش

**راسپاردەکان بۆ رووپێوی دامەزراوەکان** 43
ئامانج 43
بەراوردی سەرانسەری وڵات بۆ ڕووپێوی پرۆژە بۆ هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی 43
ڕاسپاردەکان 44
پوختە 46

بەشی حەوت

**دەرەنجامەکان و هەنگاوەکانی داهاتوو** 47

**پاشکۆی[1]**

A: گەلاڵەی نموونەهەڵگری ........ 51
B: گەلاڵەی سووڕان بۆ KRLFS ........ 69

**سەرچاوەکان** ........ 75

[1] پاشکۆی زیاتر بە سەرهێڵ بەردەستە

## شێوەکان


شێوەی 1.1. پرۆسەی ڕووپێویەکە و پێکهاتەی وۆرکشۆپەکانی ڕاند بۆ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان...... 3
شێوەی 1.2. سکیمی خولانەوەی 2-(2)-2 بۆ ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان .................. 11
شێوەی 2.2. نمایشی سکیمی گرووپەکانی خولانەوە و سامپڵی نەوەکان لە خولی 1ی ڕووپێوی بۆ قەزای سۆران، پارێزگای هەولێر.................................................... 12
شێوەی 1.5. ڕەوشی هێزی کاری دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق و پێناسەی دەستەواژەکان ....... 26
شێوەی 2.5. ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان و ئابوریەکانی تر .................................. 28
شێوەی 3.5. ڕێژەی بێکاری بەپێی گرووپی تەمەن و ڕەگەز.............................................. 29
شێوەی 4.5. کۆی ژمارەی بێکاران بەگوێرەی گرووپی تەمەن و ڕەگەز ................................ 30
شێوەی 5.5. نیشاندەرەکانی هێزی کار بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و چەند وڵاتێکی تر...... 31
شێوەی 6.5. بەشداریکردنی هێزی کار بەپێی قەزا ................................................. 32
شێوەی 7.5. بێکاری بەپیی قەزا ......................................................... 33
شێوەی 8.5. ڕێژەی سەدی دامەزراوان بەپیی کۆی کاتژمێرەکانی کارکردن ........................... 34
شێوەی 9.5. دامەزراندنی فەرمی و نافەرمی بۆ تاکە دامەزراوەکانی تەمەن +15....................... 36
شێوەی 10.5. دامەزراندنی فەرمی و نافەرمی بەپێی ڕەگەز............................................... 37
شێوەی 11.5. دامەزراندن بەپێی کەرتی خاوەندارێتی.................................................... 38
شێوەی 12.5. ڕێژەی سەدی دامەزراندن بەپێی کەرتی چالاکی ............................................ 39
شێوەی 13.5. دامەزراندن بەپێێ کەرتی چالاکی ئابوری، بەپێی ڕەگەز (ڕێژەی سەدی پشکەکان) ........... 40
شوەی 1.B. گەڵاڵەی سووڕان 2-(2)-2 بۆ رووپێوی تەواوی نموونە (n = 7,000)..................... 70

# خشتەکان


خشتەی 1.2.  ژمارەی خێزانەکان لە سامپڵەکە بە پێی قەزا، کە قەزاکان ڕیزبەندی کراون بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان.......... 10
خشتەی 1.5.  بەشداریکردنی هێزی کار و بێکاری، بەپێی ناوچە و خوێندن، تەمەنی +15.......... 29
خشتەی 2.5.  بەشداریکردنی هێزی کار و بێکاری، بەپێی پارێزگا و ڕەگەز، تەمەنی +15.......... 31
خشتەی 3.5  کارکردنی بەشەکات وەک پشکی کۆی دانیشتوانی کارکەر بەپێی پارێزگا.......... 35
خشتەی 4.5.  دامەزراندن بەپێی کەرتی چالاکی ئابوری، بەپێی پارێزگا (ڕێژەی سەدی).......... 39
خشتەی 1.6.  بەراوردی ڕووپێوی دامەزراوەی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان/دەستەی ئاماری ناوەندی، بەحرەین، و نیوزیلەندە.......... 45
خشتەی 1.A.  ئەژمێرکارییەکانی نموونەی کاریگەر لە ئاستی قەزایی.......... 63
خشتەی 2.A.  ژمارەی خێزانەکان بەپێی قەزا لەسەر بنەمای یاسای (کیش)ی هەموارکراو.......... 65
خشتەی 3.A.  پەراوێزی هەڵەی نیشتیمانی و ژێرگروپ بۆ ڕێژەی بەشداری هێزی کار.......... 67
خشتەی 4.A.  پەراوێزی هەلەی نیشتیمانی و ژێرگروپ بۆ ڕێژەی بێکاری.......... 68

# کورتە

ئاماری گشتگیر و بڕوادار بۆ گەڵاڵە کردنی سیاسەتە ئابوورییەکان زۆر پێویستە. بوونی ئاماری گشتگیر و بڕوادار، هەلی دۆزینەوەی پێداویستییە گرنگەکان، گەڕان بە دوای پێشکەوتن و پلاندارِێژی بۆ پەرەپێدان دابین دەکات. گرنگتر ئەوەیە کە، ئامار بەشێکی گرنگە لە ژێرخانی پلاندانانی سیاسەتی سەرکەوتوو لە زۆرێک لە بوارەکاندا. هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI) ئاماری پێویست بۆ باشتر کردنی ژێرخانی، دابینکردنی بوار بۆ هاندانی پەرەپێدان، راکێشانی سەرمایە بیانییەکان و گەیشتن بە گەشەی ئابووری بەردەوامی لە بەردەستدا نییە.

لە توێژینەوەی پێشوودا، ئێمە

- ئامادەكارییە رێکخراوەییەکانی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستانمان (KRG) بۆ کۆکردنەوە و بەهاوبەشی دانانی داتاکان هەڵسەنگاند.
- ژێرخانە داتایی و زانیارییە هەبووەکانمان لە KRI هەڵسەنگاند
- ئەولەوییەتە سیاسیەکانی KRG مان بۆ کۆکردنەوەی داتا پەیوەندیدارەکان بۆ سیاسەتدانان دەستنیشان کرد
- ئایتمەکانی داتا کە دەبێت بۆ هەر بوارێکی ئەولەوییەت کۆبکرێنەوە، دەستنیشان کرد و ئەوانەی کە بۆ سیاسەتدانان لە ئاستی سەرەوەدا گرنگترن، دیاریمان کرد. ئەو داتایانەی کە دەبێت بۆ هەر بوارێکی ئەولەویەت کۆ بکرێنەوە، دیاریمان کرد و ئەوانەی کە بۆ سیاسەتدانەرانی ئاستی بەرزترن، دەستنیشان کرد
- مێتۆدەکانی کۆکردنەوەی داتاکان، پلانە رێکخراوەییەکان و نەخشە رێگای جێبەجێ کردنی پێشنیارەکان، بریتی لە قۆناغەکانی بونیاتنانی توانای سەرچاوە مرۆییەکان لە KRG و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) مان پێشکەش کرد.[1]

چالاکی تۆمارکراو لەم پەرتووکەدا بە ئامانجی یارمەتیدانی جێبەجێکردنی پێشنیارە پەیوەندیدارەکان بە توێژینەوەی پێشوو ئەنجام دراوە. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە، یارمەتیدانی دەزگای ناوەندی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) و KRG بۆ بونیاتنانی توانا بۆ لە ئەستۆ گرتنی بەرپرسیارێتی کۆکردنەوەی داتایە. RAND بۆ ئامادەکردن، جێبەجێ کردن و راڤەی گشتگیری خولی یەکەمی رووپێوی پێویست بۆ سیاسەتدانان لە KRG، یان هەمان رووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان، لەگەڵ KRSO هاوکاری نزیکمان هەبوو و لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکاندا راوێژمان کرد. ئەم رووپێوە هەر سێ مانگ جارێک جێبەجێ دەکرێت تا هەلی چاودێری بەردەوامی رەوتی بەشداری هێزی کار، بێکاری و پێوەرەکانی تری پەیوەندیدار بە هەرێم دابین بکرێت. RAND رێنموونییە گشتییەکان و فێرکاریی تاوتوێکارانە و کردەوەییانەی بە KRSO پێشکەش کرد. وێرای ئەوە، فەرمانبەرانی KRSO بە بەشداریکردن لە خولی ژیانی تەواوی رووپێو، لە گەڵاڵەی سەرەتاییەوە تا کۆکردنەوەی داتاکان بۆ لێکدانەوەی سیاسی، و بە قبووڵکردنی بەرپرسیارێتی جێبەجێکاری و راڤەی کۆتایی رووپێوەکان لە فێرکاری کردەوەییانە کەڵکیان وەرگرت.

---

[1] ساندرا بێری (Sandra H. Berry)، نیکۆلاس بێرگر (Nicholas Burger)، هارون دوگو (Harun Dogo)، کریشنا کومار (Krishna B. Kumar)، ئالساندرۆمالکیودی (Alessandro Malchiodi)، جفری مارتینی (Jeffrey Martini)، تووداج مینگیستو (Tewodaj Mengistu)، هاوارد شاتز (Howard J. Shatz)، ئەلێکساندریا سمیت (Alexandria C. Smith)،ئارتور یوسانوف (Artur Usanov) و یوان یونگ (Joanne K. Yoong)، > *گەڵاڵەی سیستەمی کۆکردنەوەی داتای پەیوەندیدار بە سیاسەت بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق* ، سانتامونیکا، کالیفۆرنیا: دەزگای راند، MG-1184-KRG، 2012

پرۆژەکە بریتی بوو لەم چالاکییانە کە بونیاتنانی توانا بەشێکیەتی کە ناکرێت لێی جیا بکرێتەوە:

1. گەڵاڵەکردنی ڕێبازی نموونەهەڵگری KRLFS
2. گەڵاڵەکردنی پرسیارنامەی راپرسی
3. کۆکردنەوە، پاڵاوتن و ڕەوایی داتاکان
4. راڤەی داتاکانی KRLFS بۆ هەڵسەنگاندنی پێوەرە سەرەکیی و گرنگەکانی هێزی کار
5. پەرەپێدان بە پێشنیارەکان بۆ رووپێوی دامەزراوی KRI هەلی ئەژمێرکاری پێوەری دڵنیا بۆ بەرهەمهێنانی ناپوختەی نیشتمانی KRI دابین بکات.

چالاکییەکانی 1 تا 4 بە هاوکاری نزیکی KRSO لە پێنج کارگەی گشتگیر کە لە نووسینگەکانی KRSO (بە ئامادەبوونی 15 تا 30) بە رێوە چوو، و بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەربڵاوەکان لە ماوەی جێبەجێ کردنی پرۆژەکەدا ئەنجام درا.

KRSO یەکەمین خولی KRLFS لە تەموزی 2012 و دووهەمین خولی لە کانونی یەکەمی 2012 سەرکەوتووانە جێبەجێ کرد. ئاستی توانای ئێستا لە ڕێگای بە ڕێوە بردنی کارگەکان و فێرکاری کردەوەییانە بەرز کرایەوە. راڤەی داتا وەرگیراوەکان لە خولی یەکەم، ژمارەیەک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی هێزی کار و ئابووریی KRI، بریتی لە بەشداری گشتی لە خوارەوەی هێزی کار، بە تایبەت ژنان، نرخی گشتی بێکاری (7.4 لە سەد) کە بە گوێرەی زۆرێک لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە خوارەوەیە، نرخی زۆر لە سەرەوەی بێکاری لە نێوان لاوان و ژنان، زاڵبوونی کەرتی گشتی وەک سەرچاوەی دامەزران لە سەر کار و لە بەرانبەردا رۆڵی کەم دیاری کەرتی تایبەتی فەرمی لەم بوارەدا و رۆڵی گرنگی دامەزران لە سەر کار لە بەشی خزمەتگوزاری کە سێ لە چواری هەموو کارەکان بۆ ئەوە ( ئەم ژمارەیە بۆ پیشەسازی 20 لە سەدە)، ئاشکرای کرد.

خولەکانی دواتری KRLFS، زانیاری نوێکراوە سەبارەت بە رەوتی گۆڕانی ئەم پیشاندەرانە (ئیندیکاتۆر) و پیشاندەرە گرنگەکانی تر بە درێژایی کات و لە وەڵامی سیاسەتەکاندا، پێشکەش دەکات. هاوکات، جێبەجێ کردنی بەردەوامی راپرسی یارمەتی دەدات بۆ بەهێزکردنی تواناکانی KRSO لە بواری کۆکردنەوە، راڤە و راپۆرتی داتاکان و دروستکردنی لێهاتوویی و ئەزموون بۆ چالاکییە توێژینەوەییەکانی تر بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی پەیوەندیدار بە زانیاری.[2]

---

[2] لە بەر ئەوەیکە KRSO بەرپرسیارێتی سەرەکی راڤەی خولی دووهەم و خولەکانی دواتری لە ئەستۆدایە، لێرە باسیان لێ ناکەین.

# پێزانین

ئێمە سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) دەکەین بە بۆنەی پشتگیری کردنی لەم توێژینەوە. ئێمە هەر چەند لە فیدباک و پشتیوانی چەندین کەس لە هەموو کاربەدەستانی KRG سوودی فراوانمان وەرگرت، بەڵام خۆمان بە قەرزداری ڕێزدار عەلی سندی، وەزیری پلاندانان، سیروان موحەمەد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و زاگرۆس فەتاح بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی پلاندانان دەزانین.

بە بێ هەوڵی بێوچان و خزمەتگوزاری وەگێڕانی وریا مەحموود، عومەر عابید، هۆشیار تەحسین و فەرهاد بورهان قادر، چاوپێکەوتن لەگەڵ هەموو کاربەدەستانی KRG کە لە ماوەی سەفەر بۆ KRI دیدارمان لەگەڵ کردن، ڕێک نەدەکەوت. ئێمە هەروەها سوپاسی ڕێنموونی و یارمەتی گرووپەکانی دیکەی پرۆژەکانی توێژینەوەیی کە دەزگای ڕاند بۆ KRG جێبەجێی کردووە، دەکەین. ئەم پرۆژانە بە ڕێبەرایەتی راس ئانتۆنی(C. Ross Anthony)، ملیندا موور (Melinda Moore)، هاوارد شاتز (Howard J. Shatz)، لوای کۆنستانت (Louay Constant)، جورجس وێرنز (Georges Vernez)، شێلی کالبرتسن (Shelly Culbertson) و رابین میلی (Robin Meili) جێبەجێ کران

هەروەها پێمان خۆشە لە فەرمانبەرانی بە توانا و هەوڵدەری KRSO کە هەوڵەکانی ئەوان بووە هۆی سەرکەوتنی یەکەمین راپرسی هێزی کاری هەرێمی کوردستان، سوپاسگوزاری بکەین. بە تایبەت، پێمان خۆشە لە گۆهدار موحەمەد عەلی سەعید، رەقیب بەهادین مەحموود، سامان ئەحمەد، فاتمە عومەر عەلی، بەشدار ئەیوب کەریم، سۆران حەبیب، شوان عەباس خدر و نەعیمە ئەکرەم جەبار سوپاسگوزاری بکەین.

ئێمە لە دەزگای راند لە ڕێنموونی و پشتگیری یەکەی هێزی کار و دانیشتووان سوودمان وەرگرت. هەروەها سوپاسی رابین میلی، بەڕێوەبەری بەرنامە نێودەوڵەتیەکان، کە کاری هەماهەنگی هاوڕێیانی توێنینەوەکانی RANDی لە ئەستۆدا بوو و هەروەها لە پەریسا رۆشن و جۆی موعینی کە یارمەتی ئەویان دا، دەکەین. هەروەها سوپاسی سارا وایلانت (Sarah Weilant) بە بۆنەی هەوڵی ئەو بۆ فۆرمەتبەندی کردنی پێشنووسی راپۆرت و فەرمانبەران کاری بژارکردنی دەزگای راند بۆ یارمەتیدانیان بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی کۆتایی دەکەین.

لە کۆتاییدا، بۆ ئامادە کردنی ئەم راپۆرتە لە شرۆڤەکانی دوو رەخنەگری نەناسراو کەڵک وەرگیراوە.

# کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| 2012Q3 | وەرزی سێهەمی 2012 |
| CSO | دەزگای ناوەندی ئامار |
| DEFF | کاریگەری گەلاڵە |
| ESS | ئەندازەی نموونەی کاریگەر |
| GDP | کۆ بەرهەمی ناوخۆ |
| GRP | کۆبەرهەمی هەرێمی |
| ICC | هاوکۆڵکەی هاوپەیوەندی ناو دەستەیی |
| IHSES | رووپێوی کۆمەڵایەتی - ئابوری خێزانی عێراقی |
| IKN | تۆڕی زانیاری عێراق |
| ILO | رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی |
| ISCO | رێکخراوی نێودەوڵەتی ستانداردی کار |
| KRG | حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| KRI | هەرێمی کوردستانی عێراق |
| KRLFS | رووپێوی هێزی کاری کوردستان |
| KRSO | دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان |
| LFP | بەشداری هێزی کار |
| ME | پەراوێزی هەڵە |
| PSU | یەکەی نموونەهەڵگری سەرەکی |
| RG | گرووپی سووڕان |
| SRS | نموونەهەڵگری سادەی هەڵکەوتی |
| SSU | یەکەی نموونەهەڵگری لاوەکی |

| | |
|---|---|
| پۆلێن | ژێرگرووپێک لە یەکە هاوچەشنەکان (هاوشێوە) لە دانیشتووانێکی گەورەتر کە ئاماری سەرەکی بۆ ئەژمار دەکرێت. |
| پۆلێنبەندی ئاشکرا | جۆرێک لە گەڵاڵەی نموونەهەڵگری کە دانیشتووان دابەش دەکاتە سەر پۆلێنەکان – بۆ وێنە بە پێی قەزا یان ئەوانەی نیشتەجێی شارنشین یان گوندنشین-. لەم کاتەدا، نموونە سەربەخۆکان بە شێوەی هەڵکەوتی لە هەر پۆلێنێک هەڵدەبژێردرێن. بەم جۆرە، دەرکەوتی شیاوی هەر پۆلێنێک لە نموونە گەرەنتی دەبێت. لە بەرانبەردا SRS هەیە. |
| پەراوێزی هەڵە (ME) | نیوەیەک لە پانتایی ناوبەری دڵنیاییە. |
| تەرخانکردنی نموونەی ناهاوڕێژەیی | ستراتیجی تەرخانکردنی نموونە کە خێرایی نموونەهەڵگری ئەو لە قەزا بچووکترەکاندا زۆرترە و دەبێتە هۆی دەرکەوتنی لە رادەبەدەری ئەوانە لە نموونەدا. (و لە قەزاکانی زۆرتر گەورە رادەی دەرکەوتن لە رادە کەمتر دەکات). لە بەرانبەردا، تەرخانکردنی نموونەی هاوڕێژەیی بە ئەندازە هەیە. |
| تەرخانکردنی نموونەی هاورێژەی بە ئەندازە | بەرنامەیەک کە بە جێبەجێ کردنی نرخێکی نموونەهەڵگری هاوبەش (یان لە سەدی خێزانەکان) لە سەر هەموو قەزاکان، پشکێکی (بەشێکی) یەکسان لە نموونە و پشکێک لە دانیشتووانی گشتی بۆ هەر قەزایەک تەرخان دەکات. لە بەرانبەردا تەرخانکردنی نموونەی ناهاورێژەیی هەیە. |
| تەرخانکردنی نموونەی یەکسان | جۆرێک ستراتیجی تەرخانکردنی نموونەی ناهاوڕێژەیی کە لەودا رێژەیەکی یەکسان لە خێزان یان تاکەکان لە کەر پۆلێنێک واتە هەر قەزایەک هەڵدەبژێردرێت. |
| کاریگەری گەڵاڵە (DEFF) | فاکتەری گۆڕین کە لە ئەندازەی نموونەی پێویستی لە ژێر نموونەهەڵگری هەڵکەوتی سادە (SRS) بۆ گەڵاڵەی ئاڵۆز وەک گەڵاڵەی دەستەیی، دەگوێزدرێتەوە. DEFF نیسبەتی ڤەریانسی مەزندەی دەستەبەرکراو لە گەڵاڵەی ئاڵۆز بە ڤەریانسی مەزندەی هاوشێوەی دەستەبەرکراو لە SRSە. ئەگەر DEFF گەورەتر لە 1 بێت، رادەی وردبینی ئەو کەمترە لە SRS. DEFFی مەزندەکانی ئاستی نیشتمانی بریتی لە هاوکێشی دووهەم زیاترە لەو شتەی کە بۆ گەڵاڵەی دەستەیی جێبەجێ دەکرێت. ئەم کاریگەرییە بە هۆی بەکارهێنانی وەزنەکانی نموونەی نایەکسان بۆ پۆلێنە جیاوازەکانە. |

| | |
|---|---|
| گەلاڵەی دەستەیی | ڕێبازێک بۆ نموونەهەڵگری کە بە هەڵبژاردنی هەڵکەوتی یەکەکانی نموونەهەڵگری سەرەکی(PSU یەکان) بلۆکەکانی KRI لە چوارچێوەی سەرژمێری دەست پێدەکات. لە پاش هەڵبژاردنی PSU یەکان، نموونەیەک لە خێزانەکان بە شێوەی هەڵکەوتی لە هەر PSU هەڵدەبژێردرێت. خێزانەکان بە یەکەکانی نموونەهەڵگری لاوەکی (SSU) دەناسرێن. |
| ناوبەری دڵنیایی | بۆ ئامارەیەک (وەک نرخی بێکاری) ئەژمێردرێت و بازنەی دەوروبەری ئەو ئامارە کە ڕادەی ڕاستەقینە لەگەڵ ئاستی ئەگەری دیاریکراو (بەشێوەی ئاسایی 95 لە سەد) دەکەوێت ناو ئەو، پیشان دەدات. |
| نموونەهەڵگری سادەی هەڵکەوتی (SRS) | بەرنامەیەکی نموونەهەڵگری کە نموونەی هەڵکەوتی لە دانیشتووانی گشتی دەردەکێشێت. لە بەرانبەردا پۆلێنبەندی ئاشکرا هەیە. |
| هاوکۆڵکەی هاوپەیوەندی ناو دەستەیی (ICC) | هاوپەیوەندی دەرەنجامەکان لە نێوان یەکەکانی هەموو دەستەیەک دەپێوێت. ئەگەر تاکەکان ئەگەر تاکەکان لە "گرووپ"ەکاندا (دەستەکانی ڕووپێو) ڕێکبخرێن و ئەگەر ڤەریانسی گشتی دەرەنجام دابەش بکەینە سەر ڤەریانسی "ناو گرووپی" و "نێوان گرووپی"، ICCای نیسبەتی ڤەریانسی گشتی کە "نێوان گرووپیی"ە، دەبێت. |
| ئەندازەی نموونەی پەیوەندیدار بە ناو | ئەندازەی نموونەی گشتی یان ڕاستەقینەی پێویست بۆ گەیشتن بە ئاستێکی یایبەت لە وردبینی کە بە لێکدانی ئەندازەی نموونەی کاریگەر لە DEFF بە دەست دەهێنرێت. |
| ئەندازەی نموونەی کاریگەر (ESS) | ئەندازەی نموونەی پێویستی ژێر SRS. |

بەشی یەک

# پێشەکی

ئاماری گشتگیر و جێگەی متمانە زۆر گرنگە لە هەر هەرێم و وڵاتێک بۆ دروستکردنی سیاسەت. ئامار دەسنیشانکردنی پێویستیەکان، بەدواداچوونی بەرەوپێش چوونی سیاسەت و هەنگاوەکانی ئێستا و پلانەکانی داهاتووی گەشەسەندن ئاسان دەکات. لەوەش گرنگتر، ئامار بناغەیە بۆ پلاندانانی سیاسەتی سەرکەوتوو لە زۆربەی بوارەکان. هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI) ئەو ئامارەی نیە کە پێویستیەتی بۆ باشترکردنی ژێرخان، هاندانی گەشەی کەرتی تایبەت، سەرنج ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی، و دروستکردنی گەشەی ئابوری بەردەوام. بۆ نموونە، ڕێژە بەرزەکانی بێکاری گەنجان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە هۆی کەڵەکەبوونی بێزار و ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی. بێکاری کێشەیەکی سەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، بەڵام حکومەت داتای سەلمێنراوی بێکاری نەبوو بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، با تەنها ڕێژەی بێکاری گەنجان بێت، کە وا دەکات هۆکار بێت بۆ دەسنیشانکردنی هەر کێشەیەک کە بوونی هەیە لە گەڵ پەرەپێدانی سیاسەتەکان بۆ دەسنیشانکردنیان.

ئەم ڕاپۆرتە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەیەک پوخت دەکات کە بنیاتنراوە لە سەر هەوڵەکانی تری پێشووی دامەزراوەی ڕاند بۆ دارشتنی سیستەمێکی سیاسەتی کۆکردنەوەی داتا بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق.[1] لەو پرۆژەیەی ئێستادا، یارمەتیمان دابینکرد لە جێبەجێکردنی ئەو پێشنیازانەی لە کاری پێشووتر پێشکەشکرا بوون. ئامانجی گشتگیری پرۆژەکە دانراوە بۆ یارمەتیدانی دەزگای ناوەندی ئاماری هەرێمی کوردستانی عێراق - دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) - و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستا بە ئەنجامدانی تواناسازی بۆ ئەنجامدانی سیاسەتی پەیوەست بە کۆکردنەوەی داتا. ڕاند لە نزیکەوە کاری کرد لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بۆ ئامادە کردن، ئەنجامدان، و شیکردنەوەی - لە سەرەتاوە تا کۆتای - ڕووپێویەکانی هێزی کار کە گرنگ بۆ دروستکردنی سیاسەت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. ڕاند ڕێنوێنی گشتگیر و مەشقی شیکاری و ڕاهێنانی کرداری دابینکرد. لەبەرئەوەی ئەندامانی ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەشدارن لە سووڕی ژیانی تەواوی ڕووپێویەکە، لە چەمکدانانەوە بۆ کۆکردنەوەی داتا تا شیکاری سیاسەت، و لە بەر ئەوەی بەرپرس بوون لە جێبەجێکردنی کۆتایی و شیکردنەوەی ڕووپێویەکان، لە ڕێگەی ئەنجامدانەوە فێر بوون.

## کۆکردنەوەی داتا لە هەرێمی کوردستانی عێراق

لە پرۆژەی پێشووترمان بۆ پشتیوانی کردنی کۆکردنەوەی داتا بۆ دروستکردنی بڕیار لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ڕاند ئەم کارانەی خوارەوەی ئەنجامدا:

- ئامادەکاریەکانی دامەزراوەیی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستانی هەڵسەنگاند بۆ کۆکردنەوە و هاوبەشکردنی داتا
- داتا و زانیاری ژێرخانی هەنووکەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراقی هەڵسەنگاند

[1] ساندرا هـ. بێری، نیکۆلاس بێرگەر، هارون دۆگۆ، کریشنا ب. کومار، ئەلیساندرۆ مالچیۆدی، جێفری مارتینی، تیۆداج مێنگیچو، هاواراد ج. شاتز، ئەلێکساندریا س. سمیث، ئارتور ئۆسانۆڤ، و جۆنای ک. یوونگ، *دارِشتنی سیستەمێک بۆ سیاسەتی پەیوەست بە کۆکردنەوەی داتا بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق*، سانتا مۆنیکا، کالیف.: دامەزراوەی ڕاند، MG-1184-KRG، کانونی دووەمی 2012.

- سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەرامبەر بە فەراهەمکردنی کۆکردنەوەی داتای پەیوەست بۆ دیاریکردنی سیاسەت دەسنیشانکرد
- ئایتمی داتای دەسنیشانکرد کە پێویستە کۆ بکرێتەوە بۆ هەر یەک لە بوارەکان، دیارخستنی ئەوانەی کە گرنگ بۆ دروستکردنی سیاسەت لە بەرزترین ئاست
- ڕێگەکانی کۆکردنەوەی داتا و ئامادەکاری دامەزراوەیی پێشنیاز کرد لە گەڵ دابینکردنی نەخشە ڕێگەیەک بۆ جێبەجێکردنی پێشنیازەکان، بەلەخۆگرتنی هەنگاوە پێویستەکان بۆ دروست کردنی توانای سەرچاوەی مرۆیی لە نێو حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان هەنگاوی گەورەیان ناوە لە پەرەپێدانی سیستەمی بەهێزی کۆکردنەوەی داتا. لە دۆخێکی باشدان بۆ بنیاتنان لە سەر بەرەوپێش چوونی ئەنجامدراو تا ئەمڕۆ، بۆ جێبەجێکردنی چالاکیە نوێکانی کۆکردنەوەی داتا، و بەرزکردنەوەی توانای دامەزراوەیی. ئەو ئەولەویاتانەی دیاریمانکرد بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق پێشخستنی سیستەمێکی کواڵیتی بەرزی لەخۆت گرت بۆ هێزی کار و ڕووپێویەکانی پرۆژە. بەردەستکرنی ئەوانە و داتای تر بۆ بڕیاربەدەستان بە شێوەیەکی شەفاف و لە کاتێکی گونجاو یارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی خۆی.
لە ڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵ وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەری دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، چەندین وەزارەت، ڕاند و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دوو پێویستی سەرەکیان دیارکرد بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە دەستنیشانی بکات:

1. پێویستی بۆ کۆکردنەوەی داتا لە ڕێگەی ڕووپێوی و هۆکاری تر و شیکاری داتای کۆکراوە
2. پێویستی ئەوەی ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەشدار بن لە پرۆسەی تەواوی ڕووپێوی (نمونە وەرگرتن، نەخشەسازی ڕاپرسی، جێبەجێکردنی ڕووپێوی، و شیکاری داتا) و پەرەپێدانی توانای دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ هەر یەک لە کارەکانی ڕووپێویەکە ئەنجام بدات.

لەو باوەڕەداین کە کارکردن لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ڕووپێویەکە لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی ئەم پێویستیانەی دیاریکرد و دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی توانای بەرز بووەوە لە نێو دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و ئاوتپوتی داتای بەرجەستە کە پێویستە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشبخات بۆ ئەوەی بڕیاری زانستیانەی سیاسەت بدات.
بەشەکەی تری ئەم بەشە گەلاڵەی پرۆژەکە باس دەکات کە ڕاند جێبەجێکرد بە هاوبەشی لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە.

### باشترکردنی کۆکردنەوەی داتا لە ڕێگەی تواناسازی

تواناسازی لە ڕێگەی کارکردن بە هاوبەشی لەگەڵ کلایەنت ڕۆڵێکە کە ڕاند گێڕاویەتی بۆ چەندین ڕێکخراوی کەرتی حکومی و کەرتی تایبەت لە سەرانسەری جیهان و بە شێوەیەکی گەشەسەندوو دەیگێڕێت بۆ وەزارەتەکان و قەوارە نیمچە حکومیەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.
هەوڵەکە نزیکەی ماوەی 12 مانگی خایاند و دوو خولی لەخۆگرت لە ڕووپێوی بێکاری (یەکەمیان لە تەمووزی 2012، و دووەمیان لە کانونی یەکەمی 2012) لە گەڵ پەرەپێدانی پێشنیازەکان بۆ ڕووپێوی دامەزراوەکان کە دەتوانێت پشتیوانی داتا بکات بۆ هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی هەرێمی (GRP) لە هەرێمی کوردستانی عێراق. کاکڵەی ئەرکەکانی پرۆژەکە، کە بەشەکانی تر بە تێروتەسەلی باسی لێوە دەکات، ئەمانەی لە خۆ گرت

- داڕشتنی ڕێگەی سامپڵ وەرگرتن بۆ ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان (KRLFS)
- پەرەپێدانی ڕاپرسی ڕووپێوی هێزی کار، لە نزیکەوە کارکردن لە گەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
- کۆکردنەوەی داتای KRLFS، ئینجا پاککردنەوە و سەلماندنی داتاکە
- شیکردنەوەی داتای KRLFS بۆ هەڵسەنگاندنی دەرەنجامە سەرەکیەکانی هێزی کار
- پێشنیار بۆ ڕووپێوی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

پرۆژەکە کۆمەڵێک پێشنیاری پێشکەشکرد، کە لە سەرانسەری ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێدەدەین. سەرەڕای ئەم ڕاپۆرتەی کۆتایی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، نموونەمان بەرهەمهێنا بۆ ڕاپۆرتکردنی داتا بۆ خەڵکی گشتی (و بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، بەو شێوەیەی باوە لە نێو کارەکانی ئاژانسە دامەزراوەکانی ئامار.

## وۆرکشۆپ بۆ پشتیوانیکردنی تواناسازی

ئەندامانی تیمی ڕاند بە ئەزموون لە کۆکردنەوەی داتای ڕووپێوی و ڕێگەکانی شیکاری، کۆی پێنج وۆرکشۆپیان ئەنجامدا بۆ ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و شیکارانی تری حکومەت لە ماوەی سێ گەشتی جیاواز بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق. ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دەتوانن نمایشی وۆرکشۆپەکان بکەنە سەرچاوە، کە بە شێوەی پاشکۆی سەرهێڵی ئینتەرنێت پێشکەش دەکرێن بۆ ئەم بەلگەنامەیە، لە خولەکانی داهاتووی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان و ڕووپێویەکانی تر. ورکشۆپەکان داڕێژرا بوون بۆ ئەوەی ڕێنماییکار و کارلێکارانە بن. شێوەی 1.1 پێنج هەنگاوەکەی پرۆسەی ڕووپێویەکە نیشان دەدات، کە هەر یەکەیان بابەتی وۆرکشۆپێکی جیاواز بوو.

وۆرکشۆپەکان لەنزیکەوە یەکخرا بوون لەگەڵ گەشە و جێبەجێکردنی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان و داڕێژرا بوون و کاتیان دیاریکرا بوو بۆ ئەوەی هاوکات بن لە گەڵ هەنگاوە گرنگەکانی پرۆسەی ڕووپێوی. بۆ نموونە، سامپڵ وەرگرتن و وۆرکشۆپەکانی ڕاپرسی لە سەرەتای پرۆژەکە جێبەجێکران، کاتێک ڕاند و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان خەریکی ئامادە کردن بوون بۆ کارکردن بە یەکەوە بۆ داڕشتنی ڕاپرسیەکە و دانانی پێکهاتەی سامپڵ وەرگرتنەکە.


## ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان

چالاکی سەرەکی پرۆژەکە بریتی بوو لە کارکردن لە نزیکەوە لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ پەرەپێدان، جێبەجێکردن، و شیکردنەوەی خولی یەکەمی دووپات بوونەوە، ڕووپێوی خولی هێزی کار لە هەرێمی کوردستانی عێراق. ڕووپێویەکە بە ڕێگەیەکی ئاوا داڕێژرا و ئەنجامدرا کە فرە ئامانجەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێکا:

- ڕاپرسیەکە بە گوێرەی باشترین کارە جیهانیەکان پێشخرا، بەلەخۆگرتنی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی کاری جیهانی (ILO) بۆ پێوانەکردنی تایبەتمەندیەکانی هێزی کار. ئەمە دەبێتە هۆی زامنکردنی ئەوەی کە داتاکان کواڵیتیان بەرزە کە دەکرێت بەکار بێن بۆ بەراروردکاریە جیهانیەکان.
- ڕێگەی سامپڵ وەرگرتن پێشخرا بۆ دابینکردنی فراوانی و قووڵی: قەبارەی سامپڵەکە بای ئەوەندە گەورەیە بتوانێت پێشبینی دروست بکات بۆ ئاستی ئاماری هەرێمی کوردستانی عێراق لەگەڵ ووردبینی بەرز و ڕێپێدان بە گروپە لاوەکیەکان و شیکاری ئاستی بەش لەگەڵ ووردبینی مام ناوەند یان باشتر.
- ڕووپێویەکە داڕێژرا بوو و دانرا بوو بۆ ئەوەی لە سەر بنەمایەکی دووبارە و وەرزی جێبەجێ بکرێت. ئەمە لە ئەنجامدا زانیاری باوەڕپێکراو و ڕێک دابین دەکات بۆ حکومەت و خەڵکی گشتی دەربارەی هێزی کار و دۆخەکانی بازاڕی کار بۆ پشتیوانیکردنی دروستکردن و دانانی سیاسەت.

بەشەکانی تر پێکهاتەکانی ڕووپێوی هێزی کار باسدەکات بە تێروتەسەڵی زیاتر.

**شێوەی 1.1**
**پرۆسەی ڕووپێویەکە و پێکهاتەی وۆرکشۆپەکانی ڕاند بۆ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان**




RAND *RR293-1.1*

## خشتەی کات و چەندجارەی رووپێو

لە بەرئەوەی خولی یەکەمی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان لە سفرەوە داڕێژرا بوو، تەواوی شەش مانگمان بەسەر برد لە گەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ داڕشتن و خشتەی سامپڵ وەرگرتن و ڕاپرسیەکە. وۆرکشۆپەکانی تواناسازی لەم ماوەیەدا ئەنجامدرا. دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان داتاکەی کۆکردەوە و ووردبینی بۆ کرد لە ماوەی دوو مانگ و ئینجا داتا ووردبینکراوەکەی شیکردەوە لە ماوەی دوو مانگی دواتردا. بۆ خولەکانی داهاتوو، کاتێک کە ستافەکە ئەزموونی زیاتر وەردەگرت، کاتی پێویست بۆ قۆناغەکانی سامپڵ وەرگرتن و داڕشتنی ڕاپرسی پێویستە کورتتر بێت، هەر کە ئەمە پێویستە بۆ قۆناغی شیکاری. پرۆسەکە خێراتر دەبێت کاتێک ئەزموونەکە دەبێتە هۆی ڕێککاری لە چوارچێوەی ڕێگەکانی سامپڵ وەرگرتن، ڕاپرسی، لۆجیستیکی مەیدانی و شیکاری.

لە کاتێکدا ڕووپێوە وەرزیەکان زانیاری نوێ دابین دەکەن و کاریگەرانە جووڵەی بازاڕی کار وەردەگرن، چرکەری سەرچاوەن و بە باشترین شێوە دادەمەزرێن دوای دروست کردنی توانا پێویستەکان. ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان بە ئامانجی بوون بە ڕووپێویەکی وەرزی دامەزرا. هەرچۆنێک بێت، لە دوو ساڵی یەکەمدا، ئاستەنگەکانی سەرچاوە و توانا وایکرد ئەنجامدانی ڕووپێویەکە هەر شەش مانگە و جارێک پێویست بێت. کاتێک کە تیمی ڕووپێوی بەردەوام دەبێت لە دەستخستنی ئەزموون و کە پرۆسەی پلاندانانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ خشتەدانانی ڕووپێوی بە ڕێکیەکی زیاتر، پێویستە خشتەی وەرزی شیاوی دەستخستن بێت.

## راسپاردەکان بۆ رووپێوی دامەزراوەکان

پێکهاتەی دووەمی پرۆژەکە بریتی بوو لە دیاریکردن و دابینکردنی چوارچێوەیەک بۆ ڕووپێوی بەرفراوانی ئایندەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ دامەزراوەکان. داتای ڕووپێوی دامەزراوەکان ئینپوتێکی سوودبەخش دەبێت بۆ هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی هەرێمی، یان ئاوتپوتی گشتی، بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق. جێبەجێکردنی ڕاستەقینەی ئەم ڕووپێویە و بەکارهێنانی داتا بۆ هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی هەرێمی لە دەرەوەی مەودای ئەم پرۆژەیە بوو، بە تایبەتی لە ئەگەر جەختی سەرەکی بۆ سەر پەرەپێدانی ڕووپێویەکانی هێزی کار. لە گەڵ ئەوەش، کاری پەرەپێدانی ڕووپێوی کە لێرە ئەنجامدراوە ڕاستەوخۆ دەچێتە نێو چالاکیەکانی ئایندەی هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی هەرێمی. کارمان لێرە جەختی کردە سەر بەکارهێنانی بەرارودی سەرتاپای وڵات بۆ دەسنیشانکردنی باشترین کارەکان لە کۆکردنەوەی داتای ڕووپێوی پتەو کە دەکرێت بەکار بێت بۆ هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی (GDP) لە هەرێمی کوردستانی عێراق. ژمارەیەک وڵات، بەلەخۆگرتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ڕووپێویەکانی دامەزراوە بەکار دێنن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بازاڕی کار، وەک دامەزراندن، ژمارەی کاتژمێرەکان، و دەستکەوتەکانی کارمەندان، کە دەکرێت بەکار بێت بۆ دەستکەوتنی زنجیرەیەک پێشبینی دامەزراندن، گەرچی ئەم جۆرە ڕووپێویانە سوودبەخش نین بۆ هەژمارکردنی بەشداری هێزی کار یان ڕێژەکانی بێکاری. لە سەر بنەمای شیکاری ئێمە، پێشنیازمان پێشکەش کرد بۆ دەستکاریکردنی ڕووپێوی دامەزراوە کە لە کاتی ئێستادا جێگەی گرنگی پێدانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی ئاماری ناوەندیە (CSO).

## ڕێکخستنی ئەم ڕاپۆرتە

زۆرینەی بەشەکانی تری ئەم ڕاپۆرتە زانیاری زیاتر پێشکەش دەکات سەبارەت بە هەنگاوە گرنگەکان کە ڕاند و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان پەیڕەویان کرد لە جێبەجێکردنی ئەم ڕووپێویە کە نوێنەرایەتی مەودایەکی فراوان دەکات. بەشی دووەم پوختەی پەرەپێدانی ستراتیجیەتێکی بەهێز و کاریگەرە بۆ ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان. بەشی سێیەم پێداچوونەوە دەکات بۆ پرۆسەی داڕشتنی ڕاپرسی، کە بنیاتنراوە لە سەر باشترین کاری جیهانی لە کاتێکدا، لە هەمان کاتدا، گونجاندنی

ڕووپێویەکە بۆ پێداویستیە تایبەتەکان و دۆخەکانی بازاڕی کار بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق. بەشی چوارەم پوختەیەکی کورتە سەبارەت بە پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا بۆ خولی یەکەمی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان، کە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەڕێوەی برد. بەشی پێنجەم پوختەی پرۆسەکانی شیکردنەوەی داتاکانە و ئامارە سەرەکیەکانی هێزی کار پێشکەش دەکات کە بەرهەم هاتووە لە یەکەم ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان. بەشی شەمەم باس لە کاری ڕووپێوی دامەزراوە دەکات و پێشنیاز پێشکەش دەکات لە سەر بنەمای بەراوردی جیهانی پڕزانیاری کردنی نەخشەسازی ئایندەی رووپێوی دامەزراوەکان کە دەکرێت بەکاربێت بۆ دروستکردنی خەملاندنەکانی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق. بەشی حەوتەم دەرەنجامەکان و پوختەی ڕاپۆرتەکە پێشکەش دەکات لە دیدی داهاتوو.

سەرەڕای دوو پاشکۆکەی ئەم بەرگە، کە پرۆسەکانی سامپڵ وەرگرتنی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵگەنامەیەی جیاواز لە سەر ئینتەرنێت بەردەستە کە کۆمەڵێک پاشکۆی تێدایە کە نمایشی ئامرازەکانی ڕووپێویەکانی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان دەکات لە گەڵ زانیاری تێروتەسەڵ سەبارەت بە وۆرکشۆپەکان ڕاند کە لە ماوەی پرۆژەکە ئەنجامدراون.

## دیزاینی سامپڵ وەرگرتن

### ئامانج

سامپڵ وەرگرتن گرنگە، وە تەکنیکیترین بەشی داڕشتن و ئەنجامدانی ڕووپێویە. لە ماوەی گفتوگۆمان لەگەڵ بەڕێوەبەری دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەڕێز سیروان موحەمەد لە سەرەتای پرۆژەکە، ئەوە ڕوون بوو کە تواناسازی لەم بوارە لە نێو ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان گرنگ بوو. لە ڕێگەی کارکردن لە گەڵ ستافەکە سەبارت بە سامپڵ وەرگرتن بۆ ڕووپێویەکی ڕاستەقینە — ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان — و لە ڕێگەی وۆرکشۆپێکی دوو ڕۆژە سەبارەت بە دیزاینی سامپڵ وەرگرتن، هەوڵی ئەوەماندا ئەم توانایە دروست بکەین.

### دیزاینی سامپڵ وەرگرتنی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان

ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان زانیاری کۆدەکاتەوە سەبارەت بە کار و داتاکانی تر هێزەکانی کار لە سامپڵێکی هەڕەمەکی خێزانەکان لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانی عێراق. سامپڵ وەرگرتن بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەرترە لە ڕووانگەی تێچووەوە بەراورد بە کۆکردنەوەی زانیاری لە هەر تاکە کەسێک لە نێو دانیشتوان، کە سەرژمێریەک دەکرێت بەرهەمی بهێنێت. مەبەست لە ستراتیجیەتی سامپڵ وەرگرتن بریتیە لەوەی بە ووردی سامپڵەکە هەڵبژێریت بۆ ئەوەی ئاماری هەژمارکراو و ڕاپۆرتکراو بە شێوەیەکی ڕاست و دروست نوێنەرایەتی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکات لە گەڵ هەرێم و گروپە لاوەکیەکان و بۆ ئەوەی ئەم ئامارانە "باوەڕپێکراو" یان "وورد" بن، واتە پێشبینی بکرێت بە ئاستی بەرزی دڵنیایی. زانستی سامپڵ وەرگرتن بە باشی پێشخراوە، و ئێمەش نوێترین تەکنیکمان بەکارهێنا بۆ جێبەجێکردنی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان.

ئەم پەرەگرافانەی خوارەوە باس لە ستراتیجیەتی ئێمە دەکات بۆ سامپڵ وەرگرتن بۆ ڕووپێوی هێزی کار. پاشکۆی أ شیکاریەکی تێروتەسەڵ پێشکەش دەکات سەبارەت بەم ستراتیجیەتە و هۆکارەکانی بەکارهێنانی.

دیزاینی سامپڵ وەرگرتن هەڵبژێردرا بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئامارەکان، وەک ڕێژەی بێکاری، دەکرێت بژمێردرێت بە ووردبینی پەسندکراو لە گشت ئاستەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و بۆ ئەم گروپە لاوەکیانەی خوارەوە: پارێزگا، گرووپەکانی تەمەن (15–30، 31–49، 50–64)، ڕەگەز، ناو شار یان دەرەوەی شار، ڕەگەز بە گوێرەی دەرەوە یان ناوەوەی شار، گرووپەکانی تەمەن بە گوێرەی ناو شار یان دەرەوەی شار، و پارێزگا بە گوێرەی ناو شار یان دەرەوەی شار.

بە شێوە ڕووپێویەکانی پێشووتری خێزان لە هەرێمی کوردستانی عێراق و عێراق، ئێمە پەیڕەوی دیزاینێکی دوو قۆناغیمان کرد، لەگەڵ بلۆک یان ناوچەکانی ژماردن کە لە چوارچێوەی سەرژمێریەکە پۆلێنکراوە کە وەک یەکە سەرەکیەکانی سامپڵ وەرگرتن کاردەکەن (یان وەک پێکهاتەی ڕووپێوی) و خێزانەکان لە نێوانیان وەک یەکەی سامپڵ وەرگرتنی لاوەکی.

ئێمە بە شێوەیەکی ڕوون سامپڵەکەمان چین چین کرد کە هەر یەکەیان بۆ 33 ناوچە دابەشکران لە هەرێمی کوردستانی عێراق. ڕێگەی جیاواز هەیە سەبارەت بە دیاریکردنی ئەوەی چەند خێزان (یەکە) لە هەر ناوچەیەک وەربگیرێت بۆ سامپڵەکە. سامپڵ وەرگرتنی تەرخانکردنی ڕێژەیی سامپڵەکە لە سەرانسەری

ناوچەکان فەراهەم دەکات بە ڕێژەی هاوبەشیان لە نێو گشت دانیشتوان. ئەمە ویستراوە لە بۆچوونی ووردبینی لە ئاستەکانی گروپە لاوەکیەکان و ئاستە نیشتیمانیەکان بەڵام کۆتای دێت بەلەخۆگرتنی یەکەی زۆر کەم لە بچووکترین ناوچە و یەکەی زۆر زۆر گەورە لە ناوچە گەورەکان. بە پێچەوانەوە، تەرخانکردنی یەکسان، فۆرمی سامپڵ وەرگرتنی ناڕێژەیی، هەڵبژاردنی هەمان ژمارەی خێزانەکان لە گشت ناوچەکان، بێ گوێدانە قەبارەیان. ئەم ڕێگەیە، کە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی-ئابوری خێزانی عێراقی (IHSES) و ڕووپێویەکانی تر بەکاریدێنن، زامنی نوێنەرایەتی پێویست دەکات لە بچووکترین ناوچەکان و ووردی یەکسان لە سەرانسەری ناوچەکان. بەڵام کاتێک ناوچەکان زۆر جیاوازن لە ڕووی قەبارەوە، بەو شێوەیەی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەیە، بە شێوەیەکی بەرچاو ڕێگەکە ووردبینی کەم دەبێتەوە لە سەر ئاستی نیشتیمانی لەبەرئەوەی پێویستی سامپڵ وەرگرتن زیاد دەکات و ووردبینی کەم دەبێتەوە تەنانەت لە سەر ئاستی گروپە لاوەکیەکان بۆ گروپە لاوەکیە گەورەکان.

ئێنجا ئێمە تەبەنیمان کرد، بە چەند دەستکاریەکی کەم، ڕێگەیەکی مام ناوەند کە لێسلی کیش پێشنیاری کرد، کە سامپڵی خێزانەکان دابین دەکات بە گوێرەی ناڕێژەیی لە سەرانسەری ناوچەکان، کەمترین قەبارەی سامپڵ دابین دەکات بۆ بچووکترین ناوچە، و گەورەترین سامپڵ سنووردار دەکات کە تەرخانکراوە بۆ گەورەترین ناوچە.[1] لە نێو هەر ناوچەیەک، بە شێوەی هەڕەمەکی هێشوو یان بلۆکمان هەڵبژارد، لەگەڵ ئەگەری ڕێژەیی دەسنیشان کردن بە گوێرەی قەبارە. ئەمە، ئەگەری هێشوویەک دەسنیشان بکرێت ڕێژەییە بۆ پشکەکەی لە کۆی دانیشتوانی ناوچەکە.

بەشێکی سەرەکی دیزاینی سامپڵ وەرگرتن بریتیە لە هەڵبژاردنی قەبارەی سامپڵەکە: هەر چەندە ژمارەی یەکەکان یان خێزانەکان زیاتر بێت، ئەوەندە پێشبینیەکان ووردتر دەبن سەبارەت بە بێکاری یان ئامارەکانی تر، وە زۆرتر شیاو دەبێت کە پێشبینی باوەڕپێکراو بەرهەم بێنیت بۆ سامپڵە لاوەکیە جیاوازەکان. لە هەمان کاتدا، سامپڵی گەورەتر تێچوو بەرز دەکاتەوە لە گەڵ کاتی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕووپێویەکە. هەژمارکردنەکانی قەبارەی سامپڵ بەکاردێت بۆ هەڵبژاردنی قەبارەی شیاوی سامپڵ و پشت دەبەستێت بە پێشبینی هۆکارەکان و هەمەچەشنی ئاماژەکەرە سەرەکیەکان و هۆکاری پەیوەندی نێو هێشوویی (ICC)، کە پەیوەندی دەرەنجامەکانی یەکەکانە لە نێو هێشوو یان بلۆکی سامپڵ وەرگرتن. ICC پێوانەی لێکچوونی خێزانەکان یان کەسەکان دەکات لە نێو بلۆکێکن؛ هەر چەندە ICC بەرزتر بێت، ئەوەندە پێشبینیەکان کەمتر شیاو دەبن، واتە سامپڵێکی گەورەتری دەوێت بۆ دەستخستنی ئاستێکی دیاریکراوی ووردی.

بۆ ڕێنمایی هەژماردنەکانی قەبارەی سامپڵ، ئێمە داتامان بەکارهێنا لە سەرچاوە بەردەستەکان، بە تایبەتی نوێترینەکانی IHSES (2007). ئەو داتایەی بەکارمان هێنا پێشبینی ڕێژەی بەشداری هێزی کارە لە هەرێمی کوردستانی عێراق (هۆکار لەسەدا 42.39، هەمەچەشنی 0.49)، ڕێژەی پێشبینیکراوی بێکاری لە نێو ئەوانەی لە هێزی کاردان (هۆکار لە سەدا 11.9، هەمەچەشنی 0.32) و ICC بۆ 0.0268 و 0.0335 بۆ بەشداری هێزی کار و بێکاری. هەروەها ئێمە پێشبینیەکانی ڕێژەی مام ناوەندی تاکەکانمان بە پێی خێزانەکان بەکارهێنا کە تەمەنیان 15 ساڵ یان زیاتر بوو لە کوردستان (3.77 لە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی-ئابوری خێزانی عێراقی (IHSES) ) و ڕێژەی مام ناوەندی بەشدارانی هێزی کار بە پێی خێزان (1.60).

لە کۆتاییدا، قەبارەی سامپڵەکانمان هەژمارکرد کە پێویست دەبێت بۆ دەستخستنی پەراوێزی جیاوازی هەڵە (MEs) - لە سەدا 3، لە سەدا 5، لە سەدا 7.5، و لە سەدا 10 - و بەهەند وەرگرتنی کاریگەریەکانی قەبارەی سامپڵ بەوەی قەبارەی هێشووی جیاوازی هەبێت (خێزانەکان سامپڵیان لێوەرگیرا بە گوێرەی بلۆک). پەراوێزی جیاوازی هەڵە (ME) پێوانەیەکە بۆ ئەوەی پێشبینیەکی سامپڵێک چەندە وورده یان باوەڕپێکراوە. بۆ نموونە، ئەگەر ڕێژەی پێشبینیکراوی بێکاریی لە سەدا 6 بێت لەگەڵ لە سەدا 2 پەراوێزی جیاوازی هەڵە (ME)، دەتوانین بڵێین لە گەڵ لە سەدا 95 ی دڵنیایی کە ڕێژەی ڕاستەقینەی بێکاری لە نێوان سەدا 4 بۆ سەدا 8 دەبێت، واتە، لە نێوان ڕێژەی لە سەدا 2ی خاڵەکانی لە خوارەوە و لە سەرووی پێشبینیەکان. چەندە سامپڵەکە گەورەتر بێت، گشت شتەکان یەکسان بن، پەراوێزی هەڵە بچووکتر دەبێت، پێشبینیەکان زیاتر باوەڕپێکراو دەبن.

ئێمە سەرەتا پێشبینیەکانی هێزی کار و ڕێژەی بێکاریمان بەکارهێنا، ICC و بەرزترین پەراوێزی هەڵەی ویستراو بۆ هەژمارکردنی قەبارەی سامپڵەکە کە پێویست دەبێت ئەگەر ستراتیجیەتی سامپڵ وەرگرتن شێوەی سامپڵ وەرگرتنی هەڕەمەکی سادە بێت. بە شێوەی کرداری، دیزاینی دوو قۆناغی واتە ئێمە سامپڵمان وەرگرت لە نێو هێشووەکان یان بلۆکەکان، و بەهۆی هۆکاری پەیوەندی نێو هێشوویی ICC، ئەمە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی شیاویی یان ووردی (واتە پەراوێزی هەڵە بەرز دەکاتەوە). ئێمە پێشبینی سەرەتایی

[1] Leslie Kish, “Multipurpose Sample Designs,” *Survey Methodology*, Vol. 14, No. 1, 1988, pp. 19–32.

قەبارەی سامپڵمان گۆڕی لە ژێر سامپڵ وەرگرتنی هەڕەمەکی سادەی بۆ قەبارەی سامپڵی ڕاستەقینەی پێویست بە بەکارهێنانی کاریگەری دیزاین بۆ بەهەند وەرگرتنی دیزاینی هێشوویی، لە گەڵ کاریگەری دیزاینی تر بەهۆی بەرزبوونەوە بەهۆی تەرخانکردنی نارێژەیی لە سەرانسەری ناوچەکان بەو شێوەیەی لە سەرەوە باسی لێوەکرا. لە کۆتاییدا، ژمارەی تاکەکان بە پێی خێزانمان بەکارهێنا بۆ گۆڕینی قەبارەی ئەم سامپڵە ویستراوە، کە ئاماژەیە بۆ تاکەکان، ژمارەی پێویستی خێزانەکان بۆ سامپڵەکە.

قەبارەی کۆتای سامپڵەکەمان بریتی بوو لە 7000 خێزان. پەراوێزی هەڵە (ME) بۆ پێشبینی نیشتیمانی سەرانسەری بەشداری هێزی کار خەمڵێنرا لە لایەن هەژمارکردنەکانمان بۆ ئەوەی بچووک بێت، نزیکەی 1.1% بوو. پەراوێزی هەڵەی مەزەندەکراوی پەیوەست بە پێشبینی نیشتیمانی سەرانسەری ڕێژەی بێکاری هەروەها بریتی بوو لە 1.1%. لە ژێر یاسای هەموارکراوی کیش کە ئێمە بەکارمان هێنا، پەراوێزی هەڵە لە سەر ئاستی ناوچە پێشبینیکراو بوو لە نێوان 3.5% و 5.6% بێت بۆ بەشداری هێزی کار و لە نێوان 3.1% و 5.0% بۆ ڕێژەی بێکاری. قەبارەی سامپڵی هەڵبژێردراو دڵنیای ووردی شیاوی کردەوە بۆ گروپە لاوەکیە هەمەجۆرەکان کە لەسەرە تێبینیکرا (پارێزگا، ڕەگەز، جۆری تەمەن). بە شێوەیەکی گشتی، پلانی سامپڵ وەرگرتنی پێشنیارکراو پێشبینیکراو بوو کە ئاستی بەرزی ووردی لەخۆ بگرێت بۆ ئەم گروپە لاوەکیانە: 5%ی پەراوێزی هەڵە زۆر بە دەگمەن ئەو سنوورەی بەزاند بۆ دەرەنجامەکانی بەشداربوون و بێکاری، و لە چەند حاڵەتێکی کەم 3%ی پەراوێزی هەڵە سنووری تێپەڕاند. داتای ڕووپێوی ڕاستەقینە ووردی گشتی ئەم پێشبینیانەی دڵنیا کردەوە.

خشتەی 2.1 نمایشی ژمارەۆ سامپڵی خێزانەکانە لە هەر یەک لە 33 ناوچەکە لە هەرێمی کوردستانی عێراق. دە خێزان چاوپێکەوتنیان لە گەڵکرا لە هەر هێشوویەک، بۆیە ژمارەی گشتی هێشووەکان لە هەر ناوچەیەک ژمارەی ئاماژەپێکراوی خێزانەکانە کە دابەشکراوە لە سەر دە.

لە کۆتاییدا، لە بەرئەوەی سامپڵەکە سامپڵی هەڕەمەکی سادە نەبوو، ئێمە چینەکانی سامپڵ وەرگرتنمان هەژمارکرد بۆ بە هەند وەرگرتنی تەرخانکردنی ناهاوڕێکی سامپڵەکە لە سەرانسەری ناوچەکان (هەروەها چینەکان بەکارهات بۆ ڕێککردنی نەبوونی وەڵام). جێبەجێکردنی چینەکان (الفئات) لە شیکاریەکان نوێنەرایەتیکردن دەگێڕێتەوە بۆ سامپڵەکان.

## خولانەوەی گروپی سکیم

لە ڕاوێژ لەگەڵ بڕیاربەدەستانی هەرێمی کوردستانی عێراق، بڕیاردرا کە ڕووپێوی کار گەر دووبارە بکرێتەوە لە ماوەی ڕێک و دووبارە بووەوە ئەوە بە باشترین شێوە لە خزمەتی پێویستیەکانی بڕیاردان دەبێت لە ڕێگەی دابینکردنی نوێترین زانیاری سەبارەت بە ئاستەکانی بێکاری و پێوانە سەرەکیەکانی تر. بە جێبەجێکردنی کارەکە لە چەند وڵاتێک، و گفتوگۆکردن لەگەڵ بڕیاربەدەستانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سیستەمێکی ڕووپێوی وەرزی دیاریکرا بۆ ئەوەی هەڵبژاردەیەکی باش دەبێت بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق. ڕووپێویە دووبارەبوەکان دەتوانێت دروستکردنی سامپڵێکی نوێ خێزانەکان یان تاکەکان لە هەر خولێک فەراهەم بکات، یان لە بەرامبەردا، چاوپێکەوتن لە گەڵ هەمان سامپڵ لە ماوەی خولی دووبارە بووەوەی ڕووپێویەکە (ڕووپێوی دەستە). ڕووپێویکردنی هەمان خێزان یان تاکەکان چەندین سوودی هەیە. بە شێوەیەکی بەرچاو ووردی پێشبینیەکانی گۆڕانکاری لە پێوانە یەکخراوەکان بەرز دەکاتەوە. لەوەش زیاتر، بەدواداچوونی هەمان تاکەکان بۆ چەند جارێک ڕێگە دەدات بە تێگەیشتنی باشتر لە گۆڕانکاریەکان بە تێپەڕبوونی کات لە دەرەنجامەکانی هێزی کاری تاکەکان (بەشداریکردن، کاتژمێرەکانی کارکردن، و دەستکەوتەکان).

هەرچۆنێک بێت، هەروەها ڕووپێویەکانی دەستە بە دەست کێشەی شەکەتی دەناڵێنێت بەهۆی ماندووبونی ڕووپێویەکە: بە تێپەڕبوونی کات، ژمارەی زۆر و زۆرتری خێزانەکان بەرەو ئەوە دەچن لە سامپڵەکە دەربچن. کاتێک ئەمە ڕوودەدات، ئەوە سامپڵەکە بچووکتر دەبێتەوە، و ئەگەری زۆرە، نوێنەرایەتی کەمتر بکات؛ جێگرتنەوەی ئەو خێزانانەی دەچوونە دەکرێت قەبارەی سامپڵەکە چاک بکاتەوە بەڵام نوێنەرایەتیکردنەکە چاک ناکاتەوە.


دیزاینەکانی خولانەوە چارەسەرێکی مام ناوەند پێشکەش دەکات لەڕێگەی ڕێپێدانی هەندێک ئۆڤەلاپی سامپڵەکە لە ماوەی خولەکانی ڕووپێویەکە بۆ بەرزکردنەوەی شیاوی، لەکاتێکدا خۆدوور دەگرێت لە ئۆڤەرلاپی تەواو کە دەبێتە هۆی شەکەتی زۆر بەهۆی دووبارە چاوپێکەوتنی لە ڕادەبەدەر. ئەمانەی خوارەوە دیزاینی خولانەوە دەردەخات کە ئێمە پێشنیاری دەکەین بۆ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ شەپۆڵە لاوەکیەکانی ڕووپێویەکە:

**خشتەی 1.2**
**ژمارەی خێزانەکان لە سامپڵەکە بە پێی قەزا، کە قەزاکان ڕیزبەندی کراون بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان**

| ڕیزبەندی | پارێزگا | قەزا | دانیشتوان | ژمارەی خێزانەکان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەولێر | سەنتەری هەولێر | 852,329 | 400 |
| 2 | سلێمانی | سەنتەری سلێمانی | 761,557 | 400 |
| 3 | دهۆک | سەنتەری دهۆک | 323,400 | 350 |
| 4 | دهۆک | زاخۆ | 237,236 | 280 |
| 5 | هەولێر | دەشتی هەولێر | 203,072 | 250 |
| 6 | سلێمانی | ڕانیە | 198,518 | 250 |
| 7 | هەولێر | مەخمور | 178,319 | 240 |
| 8 | سلێمانی | کەلار | 170,624 | 230 |
| 9 | دهۆک | سیمێل | 162,058 | 230 |
| 10 | هەولێر | سۆران | 159,969 | 220 |
| 11 | دهۆک | ئاکرێ | 152,124 | 220 |
| 12 | سلێمانی | چەمچەماڵ | 145,358 | 210 |
| 13 | دهۆک | شێخان | 145,043 | 210 |
| 14 | هەولێر | شەقلاوە | 131,660 | 210 |
| 15 | دهۆک | بەردەڕەش | 118,841 | 200 |
| 16 | سلێمانی | پشدەر | 114,731 | 200 |
| 17 | دهۆک | ئامێدی | 95,797 | 190 |
| 18 | هەولێر | کۆیە | 95,746 | 190 |
| 19 | هەولێر | خەبات | 95,148 | 190 |
| 20 | سلێمانی | هەڵەبجە | 91,611 | 180 |
| 21 | سلێمانی | سەید سادق | 73,010 | 180 |
| 22 | سلێمانی | دوکان | 62,881 | 170 |
| 23 | سلێمانی | شارەزور | 58,536 | 170 |
| 24 | هەولێر | مێرگەسوور | 52,865 | 170 |
| 25 | سلێمانی | کفری | 47,250 | 170 |
| 26 | سلێمانی | دەربەندیخان | 43,297 | 170 |
| 27 | سلێمانی | پێنجوێن | 40,475 | 160 |
| 28 | هەولێر | چۆمان | 28,404 | 160 |
| 29 | هەولێر | ڕواندوز | 22,608 | 160 |
| 30 | سلێمانی | شارباژێڕ | 18,628 | 160 |
| 31 | سلێمانی | خانەقین | 11,967 | 160 |
| 32 | سلێمانی | قەرەداخ | 7,983 | 160 |
| 33 | سلێمانی | ماوەت | 7,839 | 160 |
| کۆی گشتی | | | 4,909,884 | 7,000 |

- ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان پەیڕەوی سکیمێکی خولانەوەی "2-(2)-2" دەکات. لەم دیزاینە باوە، هەر خێزانێک بۆ دوو وەرزی یەک بە دوای یەک وەک سامپڵ وەرگیراوە، بۆ دوو وەرزی دواتر "پشوو" دەدات، ئینجا بۆ دوو وەرزی تر دەکرێتەوە سامپڵ، ئینجا لە کۆتاییدا لە سامپڵەکە دەردەچێت.[2]
- لە خولێکدا، چوار نەوە یان دەستە هەیە، هەر یەکەیان چارەکێک (1,750)ی کۆی سامپڵەکەی 7,000 خێزان پێکدەهێنێت. هەر نەوەیەک چاوپێکەوتنی لە گەڵ دەکرێت بۆ دوو وەرزی یەک بەدوای یەک، بۆ دوو خەولەکەی تر لە دەرەوە دەبێت، ئینجا دەگەڕێتەوە بۆ دوو خولی تر. شێوەی 1.2 ڕێژەکان نیشان دەدات بە تێپەڕبوونی کاتی نەوەکان کە سامپڵەکە پێکدەهێنێت.
- بۆ بەڕێوەبردنی لۆجیستیکی ئەم ڕێگەیەی سامپڵ وەرگرتن، دابەشکردنی هێشووەکانی سامپڵەکە سوودبەخش دەبێت (7,000 بلۆک بۆ هەر یەک لە دە خێزان) بۆ دوو گرووپی خولانەوە (RG)، کە پێی دەوترێت RG1 و RG2. هەر گرووپێکی خولانەوە نیوەی هێشووەکانی سامپڵەکە (350) و نیوەی خێزانەکانی سامپڵەکە (3,500) لە خۆ دەگرێت. دوو لە چوار نەوە سامپڵکراوە لە هەر وەرزێک دەگەڕێتەوە بۆ RG1 و دوو دانەشی بۆ RG2. شێوەی 2.2 ئەم پرۆسەیە ڕوون دەکاتەوە بۆ یەک قەزا، سۆران لە پارێزگای هەولێر؛ بەو شێوەیەی خشتەی 1.2 نیشانی دەدات، سکیمی سامپڵ وەرگرتنی تەرخانکراوی ئەم قەزایە 22 هێشووە (واتە 220 خێزان). ئێمە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی نیوەی (11) ی هێشووەکانی ئەم قەزایە دەدەین بە RG1 و نیوەی بۆ RG2. بەم شێوەیە، بۆ کۆی سامپڵەکە، دوو RGمان هەبوو بە 350 بلۆک یان هێشوو لە هەر دانەیەک، کە هەر قەزایەک هێشووەکانی بە یەکسانی دابەشکرا بوو لە نێوان RG1 و RG2.
- خێزانەکانی نێو نەوەیەکی نوێ لە هەمان هێشووەوە زیاد دەکرێن کە لێیەوە نەوەیەک دەرهێنراوە. دانانی دە خێزان لە یەک هێشوو، پێنج خێزان لە نەوەی کۆن و پێنجی تریان لە نەوەی نوێن؛ ئەوانەی لە نەوە نوێیەکەدان لە پۆلینی خێزانەکان هەڵدەبژێردرێن بە هەڵاویردنی ئەوانەی لە نەوە کۆنەکەن.
- شێوەی 1.2 ئەوە نیشان دەدات کە سامپڵەکە بە شێوەی بەرەو ژوور بنیاتنراوە لە گەڵ زیادکردنی نەوە نوێکان: تا ساڵی 2، وەرزی 2 دەخایەنێت بۆ دەستخستنی سامپڵی تەواوی 7,000 خێزان لە چوار نەوەکە. لە کاتێکدا ئەم ڕێگە بەرەوژوورە باوە، هەروەها شیاوە کە بە سامپڵی تەواو دەست پێبکەیت لە ڕێگەی


**شێوەی 1.2**
**خولی ڕووپێو 2-(2)-2 بۆ ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان**




تێبینی: هەر ڕەنگێک (بۆیە) پیشاندەری دەستەیەکە.
RAND *RR293-2.1*

[2] سەیری ئەمە بکە: Eurostat, *Task Force on the Quality of the Labour Force Survey: Final Report*, Luxemburg: Publications Office of the European Union, 2009.

**شێوەی 2.2**
**نمایشی سکیمی گرووپەکانی خولانەوە و سامپڵی نەوەکان لە خولی 1ی ڕووپێوی بۆ قەزای سۆران، پارێزگای هەولێر**




تێبینی: هەر RG خاوەن 11 دەستەی (هێشووی) دە خێزانی، پێنج دنک لە هەموو دەستەیەک، بۆ 110 خێزانە. ئاراستە، ئەندازە و شکڵە هێلکەییەکان جگە لە پیشاندانی سرووشتی ناچەشنی دەستە different جیاوازەکان گرنگایەتییەکی تری نییە.
RAND *RR293-2.2*

دەستکردن بەو شێوەیەی کە ڕووپێویەکە پێشووتر لەم وەرزەدا بوو بێت (پیشاندراوە وەک خولی 1 ی ڕووپێوی لە شێوەی 1.2). ئەم سوودبەخشە لەبەرئەوەی پێشبینی پێشکەش دەکات بۆ قەبارەی تەواوی سامپڵەکە لە خولی یەکەم. ئەم ڕێگەیە بەم شێوەیە جێبەجێ دەکرێت:

– دروستکردنی دوو RG یەکە بەو شێوەیەی لە سەرەوە باسی لێوەکرا.
– لە هەر هێشوویەک لە RG1، هەرەمەکیانە پێنج خێزان بۆ "نەوەی 1" هەڵبژێرە. ئینجا لە لیستی ئەو خێزانانەی ماونەتەوە لەم هێشووە، هەرەمەکیانە پێنج خێزان هەڵبژێرە بۆ ئەوەی لە "نەوەی 5" دا بن.
– لە هەر هێشوویەک لە RG2، هەرەمەکیانە پێنج خێزان بۆ "نەوەی 2" هەڵبژێرە. ئینجا لە لیستی ئەو خێزانانەی ماونەتەوە لەم هێشووە، هەرەمەکیانە پێنج خێزان هەڵبژێرە بۆ ئەوەی لە "نەوەی 6" دا بن.
– گشت خێزانەکان لەم چوار نەوەیە (کۆی سامپڵی 7,000ی) چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە لە خولی یەکەمی ڕووپێویەکە.

شێوەی 2.2 ئەم سکیمە نیشان دەدات بۆ قەزای سۆران لە پارێزگای هەولێر. ڕێوشوێنی هاوشێوە لە گشت قەزاکان جێبەجێکرا. لە چارەکی داهاتوودا کارمان کرد وەک ئەوەی لە ساڵی 2، چارەکی 3 بوویناپە، لە شێوەی 1.2، و هەر یەک لە نەوەکان بەم شێوەیەی مامەڵەی لە گەڵکرا:

- نەوەی 1 مامەڵەی لەگەڵکرا وەک ئەوەی چوار جار  چاوپێکەوتنی لەگەڵ کرا بێت لە چارەکی پێشووتر، بۆیە ڕووپێویەکە جێدەهێڵێت.
- نەوەی 2 مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت وەک ئەوەی ئەم چارەکە چاوپێکەوتنی چوارەمە، بۆیە بەردەوام دەبێت بۆ ئەم خولە، ئینا بە شێوەیەکی هەمیشەیی دەڕوات.
- نەوەی 5 مامەڵەی لە گەڵ دەکرێت وەک ئەوەی چارەکی پێشووتر چاوپێکەوتنی دووەم بوو بێت، بۆیە ئەم چارەکە جێدەهێڵێت بۆ گەڕانەوە بۆ دوو چارەکی دواتر بۆ دوو خولی تری ڕووپێوی.
- نەوەی 6 مامەڵەی لەگەڵدەکرێت وەک ئەوەی ئەمە چاوپێکەوتنی دووەمینی بێت، بۆیە دوای ئەم چارەکە، پشوویەکی دوو چارەکی وەردەگرێت بەر لە گەڕانەوە بۆ دوو خولی تری ڕووپێوی.

- نەوەی 3 لە هێشووەکانی RG 1 دەست پێدەکرێن (پێنج خێزانی نوێ بۆ هەر هێشوویەک). ئەم نەوەیە مامەڵەی لە گەڵ دەکرێت وەک ئەوەی دوای دوو جار چاوپێکەوتنی لە گەڵکرا بێت و ئینجا دەربچێت بۆ دوو چارەکەکە، بۆیە دووبارە چاوپێکەوتنی لە لەگەڵ دەکرێت لە چارەکی داهاتوو، ئینجا بە شێوەیەکی هەمیشەیی دەڕوات.
- هەروەها نەوەی 7 مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت لە هێشووەکانی RG 1 (پێنج خێزانی نوێ بۆ هەر هێشوویەک)، بۆ یەکەم چوار خولی ڕووپێویەکەی.

پرۆسەکە بەردەوام دەبێت لە خولەکانی ڕووپێوی ئایندە، بەو جۆرەی لە شێوەی 1.2 نیشاندراوە.

## وۆرکشۆپ و تواناسازی

گفتوگۆکانی سەرەتا لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دیزاینی سامپڵ وەرگرتنی دیاریکرد وەک بوارێکی سەرەکی بۆ تواناسازی. ئینجا، ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەشدار بوون لە هەنگاوە جیاوازەکانی دیزاینی سامپڵ وەرگرتن. لە سەرەتا، ستافی ڕاند وۆرکشۆپێکی دوو ڕۆژی چڕی ئەنجامدا سەبارەت بە سامپڵ وەرگرتن لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە شوباتی 2012.[3] ئەو بابەتانەی باسیان لێوەکرا بریتی بوون لە سامپڵ وەرگرتن ئەگەری سامپڵ وەرگرتن و چین چین کردن و دیزاینی هێشوویکراو)، دروستکردن و بەکارهێنانی چینەکانی سامپڵ وەرگرتن، بەهەند وەرگرتنەکانی قەبارەی سامپڵ، ووردی (ME)، و هێز.

دوای وۆرکشۆپەکە، لە ڕاوێژ لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ستافی ڕاند سکیمی تەرخانکردنی کیشی دروستکردن بۆ قەزاکان. دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان هەڕەمەکیانە هێشووەکانی هەر قەزایەک و خێزانەکان نێو هێشووەکانی دەسنیشان کرد. هەروەها دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان RG و نەوەکانی بە پێی ڕێنوێنی ڕاند دەسنیشان کرد. لەگەڵ هەر هەنگاوێکی پرۆسەی گشتی ڕووپێویەکە، کارلێکی بەردەوامی ستافی ڕاند و ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دڵنیایی ئەوەی کردەوە کە ئەزموونی سامپڵ وەرگرتن گوێزرایەوە بۆ ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان. بۆ نموونە، ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بە ڕێنوێنیی ڕاند، خۆیان چینەکانی سامپڵ وەرگرتنیان دروستکرد، کە ڕاند دواتر پشکنینی بۆ کرد. بەهەمان شێوە، بۆ خولی دووەمی ڕووپێویەکە، ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان RG و نەوەکانیان بە خۆان دروستکرد.

## پوختە

ئێمە یارمەتی ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانماندا بۆ ئەوەی پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن لە دیزاینی سامپڵ وەرگرتن لە ڕێگەی وۆرکشۆپێک، ئینجا یارمەتی دیزاینی سامپڵەکانی ئەوانماندا بۆ ڕووپێویەکی ڕاستەقینە، ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان. هەروەها پرۆسەکە بووە هۆی بەرهەمهێنانی دیزاینی سامپڵ وەرگرتن کە بەرجەستەکردنی باشترین کاری جیهانیە بۆ ڕووپێویەکانی هێزی کار کە، لە ڕێگەی خولی ڕووپێوی وەرزی، کە داتای گونجاو و باوەڕپێکراوی دابینکرد بۆ بڕیاربەدەستان و خەڵکی گشتی. لەوەش زیاتر، لە بەر ئەوەی ڕووپێویەکە هەموو وەرزێک دووبارە دەکرێتەوە، کارامەییەکان لە تەکنیکەکانی سامپڵ وەرگرتن بەهێز دەبن بە تێپەڕبوونی کات.

[3] سەیری پاشکۆی E بکە لە وەشانی سەر ئینتەرنێت بۆ نمایشەکانی وۆرکشۆپ.

# دیزاینی ڕاپرسی

## چالاکیەکان و تواناسازی بۆ دیزاینی ڕاپرسی

لە ماوەی کۆبوونەوە سەرەتاییەکان لەگەڵ ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و کاربەدەستانی تر، کۆمەڵێک ئاستەنگ و تایبەتمەندیمان وەرگرت کە پەیوەست بوون بە تێگەیشتن لە بازاڕی کاری هەرێمی کوردستانی عێراق و ئامانجەکانی ڕووپێوی هێزی کاری نوێی ڕوون کردەوە. بە بەهەند وەرگرتنی ئەم هۆکارانە، ڕاند و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ئامرازەکانی ڕووپێویان داڕشت بۆ ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان دوای ئەویش وۆرکشۆپێک سەبارەت بە دیزاینی ڕاپرسی کە لە شوباتی 2012 لە هەولێر سازکرا. لە ئامادەکاری بۆ داڕشتنی ڕاپرسی، ڕاند و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان پێداچوونەوەی‌ان بۆ ئەو ڕووپێویانە کرد پێشووتر ئەنجامدراون لە کوردستان و لە سەر ئاستی جیهانی، بە تێبینیکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی و کەلێنی زانیاری کە پێویست بوو پڕ بکرێتەوە.

بەو شێوەیەی پێشووتر ڕوونکرایەوە، دیزاین، جێبەجێکردن، و شیکاری ڕووپێوی کار لە نزیکەوە لکێنرا بۆ تواناسازی لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان. ئامانجەکە بریتی بوو لە کارکردن لە نزیکەوە لەگەڵ ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە سەر ڕووپێویەکە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەنجامدانەوە فێر ببن. دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ئەزموونی درێژکراوەی هەبوو لە ڕێکخستنی بواری کار و جێبەجێکردنی ڕووپێویەکان و داخڵکردنی داتا. ئینجا، دیزاینی ڕاپرسی — لە گەڵ سامپڵ وەرگرتن و شیکاری داتا — دیاریکرا وەک لە بوارە سەرەکیەکان کە تیایدا ڕاند دەتوانێت زۆرینەی یارمەتی پێشکەش بە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بکات بۆ پەرەپێدانی شارەزایی تایبەت. لە کاتی سەردانی تیمی ڕاند لە شوباتی 2012 بۆ هەولێر، تیمەکانی ڕاند و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان گفتوگۆی چڕیان ئەنجامدا سەبارەت بە سامپڵ وەرگرتن و ڕاپرسی. ئەم گفتوگۆیانە هاندران لە ڕێگەی دوو وۆرکشۆپ کە لە لایەن ستافی ڕاندەوە سەرکردایەتی کرا، یەکێکیان سەبارەت بە سامپڵ وەرگرتن (لە بەشی دوو باسی لێوە کرا) و یەکێکی تریان لە سەر دیزاینی ڕاپرسی.

وۆرکشۆپی دیزاینی ڕووپێوی زنجیرەیەک بابەتی ڕووماڵ کرد کە پێویستە بەهەند وەربگیرێت لە کاتی داڕشتنی ڕووپێویەک، وەک فۆرماتی پرسیارەکان، بەکارهێنانی شێوازەکانی پشتگوێخستن، هەڵبژاردنی ماوەی بیرهێنانەوەی شیاو بۆ پرسیارەکان، و چۆنیەتی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی بوار بۆ باشترکردنی دیزاینی ڕاپرسی.[1] بە ئەنجامدانی کاری دروست و هەڵە باوەکانی دیزاینەکانی ڕووپێوی تێپەڕی، و نموونەی ڕاستەقینەی لە خۆ گرت. هەروەها باسی لە چۆنیەتی پەیڕەوکردنی ئەم بنەمایانە کرد لە دۆخی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان.

دوای ئەم سەردانە، ستافی ڕاند و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەیەکەوە کاریانکرد بۆ داڕشتنی ڕاپرسی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان. ئەم گفتوگۆیە جەختی کردە سەر کۆمەڵێک بابەت، لە نێوانیان چۆنیەتی دڵنیابوون لەوەی کە پرسیارەکان و جۆری وەلامەکان گشت ئەگەرەکانی دۆخی هەرێمی کوردستانی عێراقی لە خۆت گرت بوو. پێداچوونەوە دووبارەکانی مۆدیولی ڕووپێویە جیاوازەکان بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی ڕەشنووسێکی ئەم ڕاپرسیە ئامادە بوو بۆ وەرگێڕان و تاقیکردنەوەی مەیدانی.

---

1 سەیری پاشکۆی F بکە لە وەشانی سەر ئینتەرنێت بۆ نمایشەکانی وۆرکشۆپ.

## دیزاینی ڕووپێویەکانی پێشووتر و کەلێنەکانی زانیاری

ڕووپێوی جێبەجێکراو لە هەرێمی کوردستانی عێراق یان لە هەموو عێراق کە زانیاری تێدایە سەبارەت بە کار و ڕووپێوی کۆمەڵایەتی-ئابوری خێزانی عێراقی (IHSES) لە خۆدەگرێت (2007 و 2012)، ڕووپێوی کاری عێراق (2008)، و ڕووپێوی تۆڕی زانیاری عێراق (2011). کاتێک ئەمە زانیاری بەهاداری پێشکەشکرد، دیزاینەکەیان شیاو نەبوو بۆ چاودێریکردنی ئاستەکانی بێکاری و ئاماژەکارەکانی تری بازاڕی کار. جگە لە ڕووپێویەکانی تری کار لە عێراق، ئەم ڕووپێویە فرە مەبەستانە زۆر درێژن بۆ ئەوەی بکرێت لە ماوەی ڕێک کۆنترۆڵ بکرێت. بۆ نموونە، ڕووپێوی کۆمەڵایەتی-ئابوری خێزانی عێراقی (IHSES) ڕووپێویەکی خێزانیە کە مەبەستی گشتیە کە بەشەکانی خانوو، تێچووەکانی خێزان، و تەندروستی دەگرێتەوە لە نێو بابەتەکانی تری نا پەیوەست بە کار. ئەمە وا دەکات بەڕێوەبردنی بەردەوام هەبێت بۆ ناکرداری ڕووپێوی کۆمەڵایەتی-ئابوری خێزانی عێراقی (IHSES)؛ لە ڕاستیدا، دوو ڕووپێویەکەی ئەم دواییەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی-ئابوری خێزانی عێراقی (IHSES) ماوەی نێوانیان پێنج ساڵ بوو. بۆیە، بۆ پێکانی ئامانجەکانی چاودێری، پەرەپێدانی ڕووپێویەکی کاری بچووکتر و لە گەڵ جەختی زۆرتر پێویست بوو کە بکرێت بە ئاسانی جێبەجێ بکرێت لە ماوەی ڕێک.[2]

لە هەڵسەنگاندنی پێویستی و ناوەڕۆکی ڕووپێویەکی نوێ، هەروەها ئێمە لە نزیکەوە پرسیارەکان و پێناسەکانی چەمکە سەرەکیەکانی هێزی کارمان پشکنی کە لە ڕووپێویەکانی پێشووتر بەکارهات. ئەو پرسیارانەی بەکارهات بۆ پێناسەکردنی کار و بێکاری بە شێوەیەکی باو هاوڕێک نیە لە سەرانسەری ئەم ڕووپێویانە و گشت کاتێک بە ووردی پێناسە نەکراون، کە بۆتە هۆی دروست بوونی جیاوازی لە پێشبینیەکانی ئەم نیشاندەرانە. بۆ نموونە، ڕووپێوی کاری عێراقی 2008 پرسیار دەکات سەبارەت بە کار لە هەفتەی ڕابردوو بەڵام بە شێوەیەکی ڕوون پرسیار ناکات سەبارەت بەکاری مووچە بۆ نەدراو لە کاروکاسبی خێزان، کە بەشێکە لە پێناسەی ستاندەری ILO بۆ کار، هەروەک لە خوارەوە باس دەکرێت.

سەرەڕای ئەمەش، بەهەند وەرگرتنی ئەگەری ئەوەی تاکەکان زیاتر لە یەک کار ئەنجام دەدەن گرنگە، وا مەزەندە دەکرێت ئەم بابەتە لە هەرێمی کوردستانی عێراق گرنگ بێت؛ ڕووپێوی کۆمەڵایەتی-ئابوری خێزانی عێراقی (IHSES) ڕووماڵی ئەمەش دەکات، بەڵام ڕووپێویەکانی تر ڕووماڵی ئەمە ناکەن. هەروەها ڕووپێویەکانی تری پێشوو بە شێوەیەکی گشتی زانیاری پێویست دابین ناکەن بۆ ئەوەی جیاوازی نێوان کاری ڕەسمی و نا ڕەسمی دیاری بکرێت. پشکی کاری ڕەسمی ئاماژەکەرێکی گرنگە بۆ گەشەی ئابوری، بەڵام دیاریکردنی جیاوازیەکە پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیاریە دەربارەی زنجیرەی تایبەتمەندیە پەیوەستەکان بە کار.

بە شێوەیەکی گشتی، پشکنینمان بۆ ڕووپێویەکانی پێشووتر کە لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەکارهات بوو پێشنیاری پێویستی کرد بۆ ڕووپێویەک کە جەختی زیاتر و بەردەوامی هەبێت کە هاوڕێک بێت لە گەڵ ستاندەرەکانی ILOای جیهانی بۆ ئەم ڕووپێویانە؛ ئەمە دەبێتە هۆی دیاریکردنی بابەتەکانی هێز، وەک کاری ڕەسمی و نا ڕەسمی؛ و هەروەها دەبێتە هۆی دیاریکردنی تایبەتمەندیە تایبەتەکانی بازاڕی کاری هەرێمی کوردستانی عێراق.

## ئامانجەکانی دیزاینی ڕاپرسی

لە سەر بنەمای ئەو بەهەند وەرگرتنانەی لە سەرەوە تێبینیکرا، دیزاینی ڕووپێویەکە بۆ پێکانی سێ ئامانجی سەرەکی بوو.

### داینکردنی داتای سوودبەخش و شیاو و بۆ پێدانی زانیاری بۆ دیاریکردنی سیاسەت

یەکەم، ڕووپێویەکە داڕێژرا بوو بۆ داینکردنی پێویستیەکانی زانیاری بۆ بڕیاربەدەستانی هەرێمی کوردستانی عێراق. گرنگترین زانیاری پێویست کە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسیان لێوە کرد بریتی بوو لە هەبوونی زانیاری وورد و نوێ سەبارەت بە ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستانی عێراق و ناوچە تایبەتەکان. نیشاندەرە ستاندەرە پەیوەندیدارەکان بریتین لە ڕێژەی بەشداری هێزی کار و ڕێژەی بێکاری (جیاوازی لە نێوان دوو دانەکە بریتیە لە ڕێژەی بێکاری). بێگومان، کێشەکانی کار کە هەرێمی کوردستانی عێراق و هەرێمەکانی تری ڕووبەڕووی دەبنەوە لە دەرەوەی ئەم نیشاندەرە بنەڕەتیانەن: هەروەها

---

[2] ڕووپێوی تۆڕی زانیاری عێرق پچڕاوە و بۆیە ناتوانێت نوێکردنەوەی وەرزی دابین بکات دەربارەی دۆخی هێزی کار.

بڕیاربەدەستان گرنگی دەدەن بە جۆری کار کە تیایدا هێزی کار بەشدارە، لە چەندین ئاستی جیاوازدا. بۆیە، گرنگیدان هەیە بە دابەشکردنی هێزی کار لە سەرانسەری بەشە ئابوریەکان، بۆ نموونە، پیشەسازی و خزمەتگوزاریەکان؛ لە سەرانسەری کارەکان؛ لە سەرانسەری کەرتی گشتی و تایبەت؛ و لە سەرانسەری کاری ڕەسمی و نا ڕەسمی. بوارێکی تری ڕوونی گرنگیدان بریتیە لە پارەدان و سوودەکان: ئەمە چۆن جیاوازە لە سەرانسەری کار و جۆرەکانی کارمەندان، بۆ نموونە، و چۆن بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت. هۆکارە گرنگەکانی تری پەیوەست بە کار کە پێویستە تێبگەین بریتیە لە ئاستی بەرزی کۆچکردن لە نێو هەرێمی کوردستانی عێراق (بۆ نموونە، کۆچی گوندەکان بۆ شارەکان)، کۆچکردن لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق، کۆچکردن بۆ کار، و کارکردنی بەشیی ئەوانەی کاردەکەن.

لە بەر ئەوەی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی وەرزی ئەنجام دەدرێت، زانیاری دابین دەکات سەبارەت بە ئاستی ئەم پێوانانە، کە گرنگە ئەگەر زیاتر نەبێت لە زانیاری دەربارەی ئاستەکانی ئەم نیشاندەرانە لە یەک خاڵی کات. بۆیە بڕیاربەدەستان دەتوانن، بۆ نموونە، ڕووپێویەکە بەکاربێنن بۆ تێگەیشتن لەوەی ئایا بێکاری بەرز دەبێتەوە یان کەم دەبێتەوە (و لە نێوانی ناوچە یان گروپەکانی لە نێوان دانیشتوان دەگۆڕێت). هەروەها ڕووپێویەکە دەکرێت بەکار بێت بۆ بەدواداچوونی گۆڕانکاریەکان بە تێپەڕبوونی کات لە نێو هۆکارەکانی تر بۆ بەشەکانی کار لە کەرتی گشتی و لە دروستکردن و گۆڕانکاریەکان لە بەشداری ئافرەتان لە بازاڕی کار یان بەشە تایبەتەکان.

**داینکردنی زانیاری جیهانی هاوشێوە**

زۆر سوودبەخشە بتوانیت ئاستەکانی کار بەراورد بکەیت لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق، لە وڵاتانی تری ناوچەکە، و لە سەرانسەری جیهان. لە نێو شتەکانی تر، ئەمە یارمەتیدەرە بۆ جیاکردنەوەی ئاستەکانی عێراق و ئاستە جیهانیەکان لە دیاردەی تایبەت بە هەرێمی کوردستانی عێراق. بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە پێویستی بەوەیە بە ووردی ڕاپرسیەک دابڕێژرێت بۆ لەخۆگرتنی پێوانەکانی —کار، بەشداریکردن، کەرت، هتد، کە هاوتان بەوانەی ڕووپێویەکانی تر بە شێوەیەکی جیهانی کۆی دەکەنەوە، هەر کاتێک شیاو بێت. ئەم گرنگی پێدانێکی کەم نیە، لە بەرئەوەی دەستکاریکردنی بچووک لە ڕێگەی ئاڕاستەکردنی پرسیار یان ڕێگەی ئەوەی نیشاندەرێک هەژمار دەکرێت دەکرێت ببێتە هۆی پێشبینی تەواو جیاواز. زۆرینەی ئەگەر هەموو نەبێت لە ئامارەکانی هێزی کار لە سەرانسەری جیهان پەیڕەوی ڕێنماییەکانی ILO دەکەن بۆ هەژمارکردنی ڕێژەی بێکاری و ئامارەکانی تر، ڕێخۆشکەر دەبێت تا وڵاتان پێکهاتەی ڕاپرسی ڕووپێوی و پرسیاری هاوشێوە بەکاربێنن. هەرچۆنێک بێت، هەندێک مەودا هەیە بۆ گونجاندنی پرسیارەکان بۆ پێویستیەکانی دۆخە تایبەتەکان.

بە هەمان شێوە، چالاکیە ئابوریەکان بەپێی کەرت بە شێوەیەکی گشتی پۆلین دەکرێن بە بەکارهێنانی پۆلینی پیشەسازی ستاندەری جیهانی نەتەوە یەیکگرتووەکان بۆ گشت چالاکیە ئابوریەکان، و کارەکان پۆلین دەکرێن بە گوێرەی پۆلینی ستاندەری جیهانی بۆ کارەکان (ISCO)، لە هەردووکی یان دەستیان کردووە بە ILO یان پشتیوانیان کردووە. دیزاینی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان لە نزیکەوە پابەندی ئەم ڕێسایانەیە.

ئێمە هەروەها پشکنینمان ئەنجامدا بۆ کۆمەڵێک ڕووپێوی هێزی کار کە لە ناچەکە هەبوون - بەلەخۆگرتنی ڕووپێوی کاری عێراق و ڕووپێویەکانی ئوردەن، فەلەستین، بەحرەین، و تورکیا - لەگەڵ هەندێک ڕووپێوی لە کەنەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان و چەندین وڵاتی تر. پێویستە جەخت بکرێتە سەر ئەوەی کە پرۆسەی داڕشتنی پێکهاتەی ڕووپێوی و پرسیارەکان بۆ ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان بە سادەیی بابەتێکی بە تەنها بەکارهێنانی پرسیارەکانی ڕووپێویەکانی تر نەبوو. ڕاند و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لەنزیکەوە کاریان لەگەڵ یەکتر کرد بۆ دڵنیابوون لەوەی کە جۆری پرسیار و وەڵامەکان گونجاو بوون لە گەڵ دۆخی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە گەڵ بەهەند وەرگرتنی ووشەکان و هۆکارەکانی تر، لە هەمان کاتدا پابەند بوون بە ڕێنماییە جیهانیەکان.

**بە دەستهێنانی ئامانجەکانی سەرەوە لە گەڵ پاراستنی بارگرانی وەڵامدەر (Respondent Burden) بە شێوەیەکی شیاو**

بارگرانی وڵامدەر ئاماژەیە بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنێک چەند کات دەخایەنێت بۆ ئەوەی تەواو بکرێت. گرنگە بۆ سەرکەوتنی ڕووپێویەکە لەبەرئەوەی بوونی ڕاپرسیەکی زۆر درێژ بە شێوەیەکی گشتی واتە بوونی ڕێژەیەکی بەرزتری ڕەتکردنەوە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەو شتەی پێی دەوترێت لایەنگیری بێ وەڵام: لە بەر ئەوەی ئەوانەی ڕازین لە ڕووپێویەکە بن لەوانەیە نوێنەری گشت دانیشتوان نەبن، پێشبینیە بەرهەمهاتووەکان بە

ووردی ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندی کۆی دانیشتووان ناکات. هەروەها ئەمە دەکرێت ببێتە هۆی وەڵامدانەوەی کواڵیتی نزم بەهۆی شەکەتی وەڵامدەر (لایەنگیری وەڵامدانەوە). سەبارەت بە ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان، ئەم بەهەند وەرگرتنانە زۆر گرنگن لەبەرئەوەی ڕووپێویەکی پەناڵە، کە تیایدا هەمان خێزان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت لە چەند خولێکی ڕووپێویەکە. چاوپێکەوتنێکی زۆر درێژ لە خولی یەکەم لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی چەندین وەڵامدەر ئەوە ڕەت بکەنەوە بەشدار بن لە خولەکانی تر، کە دەبێتە هۆی ئاستی ناپەسند لە شەکەتی.

گفتوگۆکان لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و سەبارەت بە ئەزموونی جیهانی پێشنیاری ئەوەیکرد کە چاوپێکەوتنێک نزیکەی 30 بۆ 45 خولەک بخایەنێت دەبێتە هۆی دروست بوونی قورساییەکی زۆر، و ڕووپێویەکە داڕێژرا بوو بەگوێرەی (تاقیکردنەوەی مەیدانی و جێبەجێکردنەوەی ڕاستەقینە دڵنیای ئەوەی کردەوە کە ئەم ئامانجە بەدیهات). ئالۆگۆڕیەکە ئەوەیە کە ئامرازی ڕووپێویەک کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی کورت بێت دەبێتە هۆی سنووردارکردنی بڕی زانیاری کە دەکرێت بخرێتە نێو ڕووپێویەکە. بۆیە، تیمی دیزاین لە سەری بوو بە ووردی گرنگترین پێکهاتە هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی بخرێتە نێو ڕووپێویەکە. بۆیە، نەرمی (مرونە) هەیە بۆ زیادکردنی ژمارەیەکی کەمی پرسیاری زیاتر بۆ دەستخستنی بابەتە گرنگەکان یان بابەتەکانی سیاسەت کە لەوانەیە سەرهەڵ بدات.

## پێکهاتەی ڕاپرسی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان

هاوشێوەی زۆرینەی ڕووپێویەکانی خێزان، ڕاپرسیەکە ڕێکخراوە بە شێوەی زنجیرەیەک لە مۆدیول کە باس لە بابەتی جیاواز دەکەن، دوای لاپەڕەیەکی زانیاری پێشەکیەکی سەرەتایی بۆ تۆمارکردنی زانیاریە بنەڕەتیەکان سەبارەت بە خێزانەکە و زانیاریەکانی بەڕێوەبردنی ڕووپێوی. لە خوارەوە بە کورتی باسی لێوە دەکەین و گفتوگۆی هەندێک گۆڕاوی سەرەکی دەکەین لە هەر یەکێکیان.[3]

### زانیاری پێشەکی

بەشی پێشەکی داتا کۆدەکاتەوە سەبارەت بە شوێنی جوگرافی خێزان کە سەردانی کردوە بەلەخۆگرتنی کۆردینێتی جی پی ئێس، بەرواری سەردانی، و ئەنجامی چاوپێکەوتن (ئایا تەواوکرا یان نەکرا تەواو بکرێت بەهۆی چەند هۆکارێک). ئەم بەشە گرنگە بۆ بەدواداچوونی وەڵامدەرەکان. لە هەر خولێکی ڕووپێویەکە، نیوەی وەڵامدەرانی خولی پێشووتر دووبارە پەیوەندیان پێوە دەکرێت و چاوپێکەوتنیان لە گەڵ دەکرێتەوە، بۆیە زانیاری وورد دەربارەی شوێنی خێزانەکە زۆر گرنگە.

### تۆمارکەری خێزان

تۆمارکەرەکە زانیاری بنەڕەتی دەربارەی گشت ئەندامانی خێزانەکە تۆمار دەکات: تەمەن، ڕەگەز، پەیوەندی بە سەرۆک خێزان، و باری هاوسەرگیری ئەگەر تەمەنی لە سەرووی 12 ساڵان بێت. لە بەر ئەوەی خێزانەکان چاوپێکەوتنیان لە گەڵ دەکرێت لە چەند خولێک، تۆمارکەر دەپرسێت ئەگەر هیچ ئەندامێکی خولی پێشووتر چی تر ناژین لە نێو خێزانەکە و ئەگەر هیچ ئەندامێک زیادکرا بێت، جا بەهۆی لە دایک بوون یان پەیوەندیکردنەوە بێت لە خێزانی ترەوە. پرسیارەکان دەربارەی کۆچکردنەوە دەکرێن: ئەندامانی خێزان لە کوێ لە دایک بوون و لە کوێ ژیاون لە 2003. پرسیارەکانی تر ڕووماڵی ئاڕاستە و هۆکاری گواستنەوەی ئەندامەکان دەکەن کە خێزانەکەیان جێهێشتووە لەوەتەی دوهەمین چاوپێکەوتنەوە. بۆیە، مۆدیولەکە داڕێژڕاوە بۆ وەرگرتنی دۆخی داینامیکی هەرێمی کوردستانی عێراق بە پەیوەندی لەگەڵ هاتنە ناو و دەرچوون، کە دەکرێت ڕەنگدانەوە و دیاریکردن بێت بۆ دۆخەکانی بازاڕی کاری ناوخۆیی.

---

[3] سەیری پاشکۆی C بکە لە وەشانی سەر ئینتەرنێت بۆ ڕاپرسی تەواو.

**پەروەردە**

ئەم مۆدیولە کورتە زانیاری بنەڕەتی کۆ دەکاتەوە دەربارەی خوێندنی ئەندامانی خێزان کە تەمەنیان 5 ساڵ و بەرەو سەرە. ئەم زانیاریە ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ شیکاری نیشاندەرە جۆراوجۆرەکانی هێزی کار لە ڕێگەی ئاستی پەروەردە ( بۆ نموونە، ڕێژەی بێکاری ناوەندی بەرامبەر بە دەرچووانی زانکۆ). هەروەها ڕێگەدەدات بە بەدواداچوونی گۆڕانکاریەکانی کارامەییەکانی کار بە تێپەڕبوونی کات.

**بەشداری هێزی کار**

بۆ ئەندامانی خێزان کە تەمەنیان 12 ساڵ و بەرەو سەرە، ئەم بەشە ئەوە دیاری دەکات ئایا تاکەکە هیچ چالاکیەکی کارکردنی هەیە لە کاتی ئێستا یاخود نا. هەر وەک چۆن لە بەشی پێنج باسکرا، کار پێناسەکراوە، بە گوێرەی ڕێنمایی و کارە جیهانیەکان، بۆ لەخۆگرتنی کاری پارە بۆدراو، خود-دامەزراندن، و کاری پارە بۆ نەدراو لە سەر جووتیارانی خێزان یان کاروبار. ئەو پرسیارانە و پرسیاری تر لە نزیکەوە پەیڕەوی ڕێنماییەکان و فۆرماتی ڕێکخراوی کاری جیهانی دەکات کە بەکار دێت لە ڕووپێویەکانی تری هێزی کار لە سەرانسەری جیهان.

**حاڵەتەکانی تۆڕ**

وەڵامدەرەکان ئەوانەی ئاماژەیاندا بەوەی کاریان نەکردوە لە هەفتەی ڕابردوو و هیچ چالاکیەکیان نەبووە کە بۆی بگەڕێنەوە ئەم مۆدیولەیان پێدەدرێت. پرسیار دەکات دەربارەی بەردەست بوون بۆ و ویست بۆ کارکردن و سەبارەت بە چالاکیەکانی گەڕان بە دوای کار. دووبارە پرسیارەکان هاوڕێکن لەگەڵ ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی کاری جیهانی و کاری جیهانی ستاندەر. بەکاردێن بۆ دیاریکردنی ئەوەی ئایا تاکێک هەژمار بکرێت وەک بەشدار لە هێزی کار، وەک دامەزراو، یان دانەمەزراو، یان نا، بەو شێوەیەی لە بەشی پێنج بە تێروتەسەلی باسی لێوەکرا.

**حاڵەتەکانی کارکردن**

ئەو کەسانەی دیاری دەکرێن لە مۆدیولی بەشداریکردن لە هێزی کار بۆ ئەوەی کار بکەن ئەم مۆدیولەیان پێدەدرێت. ئەم مۆدیولە زانیاری تێروتەسەڵ کۆدەکاتەوە بۆ دوو چالاکی و زانیاری پوختە دەربارەی هەر چالاکیەکی تر (کە سەلماندوویەتی زۆر دەگمەن بێت لە خولی یەکەمی ڕووپێویەکە). بۆیە، ڕاپرسیەکە کۆمەڵێک جۆری کار لە خۆدەگرێت. بۆ هەر یەک لە دوو کارەکە، زانیاری کۆدەکرێتەوە دەربارەی کەرتی ئابوری، کار بە بەکارهێنانی کۆدەکانی پۆلینی ستاندەری جیهانی بۆ کارەکان (ISCO)، و "خاوەنداریەتی کەرت" (حکومەت، ڕێکخراوی تیجاری دەوڵەت، کاری سەربەخۆ، هتد.). ئەمە ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ بەدواداچوونی ئاستەکانی کار لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە پیشەسازیە جیاوازەکان یان لە کارکردن لە کەرتی تایبەت بەراورد بە کەرتی حکومی. ئێمە ئاستی دوو ژمارەیی نوێترین پۆلینی ستاندەری جیهانی بۆ کارەکان (ISCO) بەکاردێنین.

هەروەها مۆدیولەکە زانیاری کۆدەکاتەوە دەربارەی سروشتی شوێنی کار (بەلەخۆگرتنی شوێن و ژمارەی کارمەندان) و دەربارەی ئایا خاوەن کار سوودی جۆراوجۆری کار دابین دەکات یان نا، وەک مۆڵەتی نەخۆشی و پشوو وەرگرتن. ئەم سوودانە پێوەری گرنگن بۆ کواڵیتی کار کە پەیوەست نین بە مووچە، و هەم زانیاری کار و تایبەتمەندیەکانی شوێنی کار دەکرێت بەکار بێت بۆ پۆلینکردنی کارێک وەک ڕەسمی یان نا ڕەسمی، بەگوێرەی پێناسە جیاوازەکان. لە کۆتاییدا، وەڵامدەرەکان پرسیارین لێدەکرێت دەربارەی کاتژمێرەکانی کارکردن و دەستکەوتەکان لە کارەکە، کە ڕێگەدەدات بە بەراوردی مووچە لە سەرانسەری پارێزگاکان و شوێنەکانی تر، جۆری کار یان کەرت، پەروەردە و فێربوون، و ڕەگەز و ڕێگە دەدات بە پێوانەکردنی بڕی نیوە دەوام و کاری بەشیی (جوزئی).

**کاری نیوە دەوام و کاری بەشیی**

بۆ دەستخستنی زانیاری دەربارەی کاری نیوە دەوام و کاری بەشیی، ئەم بەشە دڵنیایی کۆی گشتی کاتژمێرەکانی کارکردن دەکاتەوە لە هەفتەیەک کە لە بەشەکانی پێشووتری ڕووپێویەکە ڕاپۆرتکراوە. کاتێک کە کارمەندان لەوانەیە چەندین چالاکیان هەبێت، ئەم پرسیارە کۆ کاتژمێرەکانی گشت چالاکیەکان پێوانە دەکات. هەروەها پرسیار لە وەڵامدەران دەکات ئەگەر حەز بکەن کار بکەن زیاتر لەوەی لە کاتی ئێستادا دەیکەن، و ئەگەر وابێت، ئایا هەوڵدەدەن کاری تر بدۆزنەوە یان نا. بەو شێوەیەی لە بەشی پێنج باسی لێوەکرا، ئەم پرسیارانە دەکرێت بەکار بێت بۆ هەژمارکردنی پشکی تاکەکان کە نیوە دەوام کار دەکەن یان کاری بەشییان هەیە.

**پوختە**

ئەو ڕووپێویانەی هەن کە ڕووماڵی کێشەکانی کاری کردووە لە هەرێمی کوردستانی عێراق کێشەی کەلێنیان هەبووە، کە جەختی کردە سەر سوودەکانی دامەزراندنی ڕۆتینی کۆکردنەوەی ڕووپێوی هێزی کاری جەخت لەسەر کراو بۆ پێدانی زانیاری بۆ دیاریکردنی سیاسەت. ئێمە ئینجا کارمان کرد لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ داڕشتنی ڕاپرسیەک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری باوەڕپێکراو و ڕێک دەربارەی بێکاری و هۆکارەکانی تر بە ڕێگەیەک کە شێوەیەکی جیهانی پەسندە، لە کاتێکدا بەهەند وەرگرتنی ڕاستیەکانی بازاڕی کار و ئابوری هەرێمی کوردستانی عێراق و قورس نەکردنی ئەرکی وەڵامدەرەکان.

## پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا بۆ ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان

ڕەنگدانەوەی شارەزایی دروستکراوی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە جێبەجێکردنی بواری کاری ڕووپێوی، ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، کە سەرکردایەتی کرا لە لایەن نووسینگەی ناوەندی لە هەولێر و بە پشتیوانی هەر یەک لە نووسینگەکانی سێ پارێزگاکە، ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستانی جێبەجێکرد. ڕاند پشتیوانی کرد لە پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا لە ڕێگەی کۆمەڵێک وۆرکشۆپی بەر لە جێبەجێکردن (دوای لەم بەشە پوخت دەکرێت) و بە بەردەستکردنی ستاف بۆ یارمەتیدانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە دەستنیشانکردنی کێشەکان و ئەو کاتەی کە دەردەکەون. دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی ئەنجامدا:

- تاقیکردنەوەیەکی مەیدانی ڕووپێویەکە لە سەر سامپڵێکی بچووکی خێزانەکان لە هێشوویەکی ناوشار و دەرەوەی شار کە لە حوزەیرانی 2012 ئەنجامدرا. دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و ڕاند گفتوگۆیان کرد دەربارەی ئەنجامەکان و کۆمەڵێک گۆڕانکاریان ئەنجامدا بۆ ڕاپرسیەکە (زۆرینەیان بە شێوەیەکی ڕێژەیی بچووک بوون). سەرەڕای هەڵسەنگاندنی ڕاپرسی ڕووپێویەکە، تاقیکردنەوەی مەیدانی هەروەها هەلێک بوو بۆ تاقیکردنەوە و پاڵاوتنی ڕێوشوێنەکانی کاری مەیدانی.
- کاتێک کە ڕاپرسیەکە پێداچوونەوەی بۆکرا، ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ڕاهێنانی بژمێرەکانیان (ئەوانەی چاوپێکەوتنی ڕووپێویەکە ئەنجام دەدەن) داهێنا و جێبەجێکرد لەو کۆبوونەوانەی لە نووسینگە هەرێمیەکان بەستران.
- کۆکردنەوەی داتای سەرەکی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان لە ماوەی تەمووزی 2012 ئەنجامدرا، کە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان هەستا بە بەڕێوەبردنی چاودێران و تیمی بژمێرەکان.

ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان سەربەخۆیانە کاری مەیدانی ئەنجامدا. کاری ڕاهێنان و کاری مەیدانی بە ڕێکی بەڕێوەچوو، کە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ستاف بوو لە کۆکردنەوەی داتا. دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان پرۆسەکەی بەڕێوەبرد و کێشەکان و ئاستەنگەکانی چارەسەرکرد پێویستی بە یارمەتی کەمی ڕاند بوو.

## کۆکردنەوەی داتا، پاککردنەوە، و ڕەواکردن[1]

فۆرمە تەواوکراوەکانی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان بردران بۆ نووسینگەکانی سێ پارێزگاکە بۆ داخڵکردنی داتا، و ئینجا داتای ئەلیکترۆنی ڕەوانەکران بۆ نووسینگەی سەرەکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە هەولێر. ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان سێتی داتای کۆتایی کۆکردەوە بۆ بەکارهێنانی لە شیکاری.

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و ڕاند پرۆسەی پاککردنەوە و هەڵسەنگاندنی داتایان بە جیا و هاوتەریبانە ئەنجامدا. ئەمە دڵنیای ووردی کردەوە و هەلی ئەوەی بە ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستاندا کە سەربەخۆیانە دەست بکەن بە پرۆسەی شیکاری داتا.

[1] لە بێری و ئەوانی تر، 2012، بەشی شەش، بە شێوەیەکی گشتی، هەنگاوە کردەییەکانمان دیاریکرد کە پەیوەست بوو بە کۆکردنەوەی داتای کواڵیتی بەرز و بەڕێوەبردن.

لە ڕێگەی پشکنینی هاوتەریبی داتا، ڕاند و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان هەندێک کێشەی بچووکیان دیاریکرد لە ڕووپێوەکە و کۆکردنەوەی داتا. ئەو ڕاستیەی کە تیمەکان سەربەخۆیانە گەیشتن بە هەمان دەرەنجام کە ئاماژەی بەوە کرد کە کێشەکان سنووردار بوون و بە هیچ شێوەیەک کاریگەری نەبوو لەسەر نەزاهەتی ڕووپێوەکە. هەندێک لەو کێشانەی دۆزرانەوە ئەمانەی خوارەوەن:

- هەندێک تاک ئەوانەی کە دیاریکرابوون کە دانەمەزراون هێشتا پرسیاری ئەوەیان لێدەکرا چەند کاتژمێر کاردەکەن. لەم حاڵەتە، پێویست بوو کاتژمێرەکانی کارکردن کۆد بکرێتەوە بە نەبوو.
- لە هەندێک حاڵەت، ئەوانەی چاوپێکەوتنیان دەکرد کۆدێکیان بەکارهێنا بۆ نەبوونی وەڵام کە جیاواز بوو لەوەی دیاریکرا بوو لە ڕووپێوەکە.
- بۆ کەمێک لە تێبینیەکان لە سامپڵەکە، وەڵامەکانی چەند پرسیارێکی دیاریکراو هاوڕێک نەبوون لە گەڵ وەڵامەکانی تر. بۆ نموونە، پرسیاری پێشەکی داوای ژمارەی منداڵەکانی دەکر کە تەمەنیان 5–17 ساڵان بوو، بەڵام داتای تۆمارکەرەکە پێشنیاری ژمارەیەکی جیاوازی دەکرد لە منداڵانی خێزانەکە.

ڕاند و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان باسی ئەم کێشانەیان کرد، کە بووە هۆی دەستکاری کەمی خولی دووەمی ڕاپرسیەکەی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان (لە کۆتای 2012 تەواوکرا) و بۆ دەستکاریکردن لە ڕێوشوێنەکانی ڕاهێنان بۆ خولەکانی ڕووپێوی داهاتوو.

## وۆرکشۆپ و تواناسازی

لە ئامادەکاری بۆ جێبەجێکردنی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان، ڕاند دوو وۆرکشۆپی جێبەجێکرد لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان کە جەختی کردە سەر کۆکردنەوەی داتا و پاککردنەوەی داتا و پرۆسەکانی بەڕێوەبردن:

- وۆرکشۆپی کۆکردنەوەی داتا و ناساندن (دەروازە) ئەنجامدرا لە ئایاری 2012.[2] ئامانجی ئەم وۆرکشۆپە بریتی بوو لە پێداچوونەوە بۆ باشترین کارەکان و گرنگی ئاستەنگە پەیوەستەکان بە پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا. بە تایبەتی، وۆرکشۆپەکە جەختی کردە سەر:
  - ئامادەکاری ڕووپێوی
  - پرۆسەی ئامادە کردنی کۆکردنەوەی داتا
  - جێبەجێکردنی ڕووپێوی
  - داخڵکردنی داتا و سەلماندن
- هەروەها وۆرکشۆپی کورتەی شیکردنەوەی داتائەنجامدرا لە ئایاری 2012.[3] ئەم وۆرکشۆپە جەختی کردە سەر پرۆسەکانی بەڕێوەبردن و بەکارهێنانی داتا:
  - بەڕێوەبردنی داتا و پاراستنی زانیاری (بۆ نموونە، زامنکردنی نهێنی)
  - کارەکانی پاککردنەوەی داتای کاریگەر، پشکنین و ڕاستکردنەوەی نا-هاوڕێکیەکان و هەڵەکانی تر، و دیاریکردنی ئەوەی کەی داتای خام ڕاست بکرێتەوە کەی وا نەکرێت
  - ستراکچەری گونجاوی تۆماری فایل بۆ ڕێکخستنی داتاکان
  - پرۆگرامی بە دۆکیومێنتکردن (تۆمارکردن)

هەر وۆرکشۆپێک نزیکەی دە ستافی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ئامادە بوون لە نووسینگەکانی ناوەندی و پارێزگاکان و دوو ڕۆژی خایاند. دوای وۆرکشۆپەکان، تیمەکانی ڕاند و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە نزیکەوە لە پەیوەندیدا بوون کاتێک کە داخڵکردنی داتا و پاککردنەوە بەڕێوە دەچوو.

---

[2] سەیری پاشکۆی G بکە لە وەشانی سەر ئینتەرنێت بۆ نمایشەکانی وۆرکشۆپ.

[3] سەیری پاشکۆی H بکە لە وەشانی سەر ئینتەرنێت بۆ نمایشەکانی وۆرکشۆپ.

## کورتە

پێکهاتەی کۆکردنەوەی داتای پرۆژەکە گرنگ بوو بۆ بەرهەمهێنانی داتای کواڵیتی بەرز بۆ خولی یەکەمی ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان. ڕاند پشتیوانی ئەم پرۆسەیەی کرد لە ڕێگەی وۆرکشۆپەکانی دەربارەی کۆکردنەوەی داتا و پاککردنەوە و بەڕێوەبردنی داتا. هەروەها تیمی ڕاند پشتیوانی دابینکرد بۆ تیمی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پرۆسەکانی کۆکردنەوەی داتا، بەڵام دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان سەربەخۆیانە و سەرکەوتووانە پرۆسەکەی بەڕێوەبرد.

## هێڵە گشتیەکانی پرۆسەی شیکردنەوەی KRLFS

هەردوو KRSO و راند بە هاوبەشی پرۆسەیەکی شیکردنەوەی داتایان بۆ ساڵی 2012 ئەنجامدا، KRLFS بریتیە لە پرۆسەیەکی داڕێژراو بۆ ئاسانکاری هاوکاتکردنی راپۆرتکردنی ئەنجامەکان و تواناسازی لە چوارچێوەی KRSO دا. هەرکە پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا تەواو بوو، KRSO کۆپیە کۆتاکانی سێتی داتای KRLFS ی رادەستی راند کرد. بەکارکردن لەسەر گفتوگۆکان دەربارەی ئامارەکانی داڕشتنی راپرسی و هێزی کاری پێویست، تیمی راند هەڵسان بە پەرەپێدانی ژمارەیەکی نیشاندەری هێزی کار (لە بەشی لاوەکی دواتردا راپۆرتکراوە) و پێوانەکاری و رێنماییان بە تیمی KRSO بەخشی لەسەر چۆنێتی بنیاتنانی ئەم نیشاندەرانە لە بابەتەکانی روپێوەکەوە. ئەوکاتە دوو تیم بە تەریبی کاریانکرد لەسەر بنیاتنانی ئامارەکانی هێزی کاری پێویست. لەماوەی گەشتی ساڵی 2012 ی راند بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، تیمەکانی راند و KRSO لەرێگەی چەندین کۆبوونەوەوە راوێژیان دەکرد و شیکردنەوە و ئەنجامەکانیان بەراورد دەکرد. راند لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا، کاردەکات لەگەڵ ستافی KRSO بۆ پاڵاوتەکردنی کارە شیکاریەکان و راپۆرتکردنی ئەنجامەکان.

لە بەشی دواتر دەرەنجامەکانی راند سەبارەت بە هێزی کاری سەرەکی دەخاتە روو، کە لە راپۆرتی KRLFS 2012 وەرگیراوە و بناغەیەک بۆ شیکردنەوە و راپۆرتکردنی KRSO لەسەر مەودای درێژ خایەن دەستەبەر دەکات. مەبەست لەم نمایشە گفتوگۆکردن و ـــ لەهەرکوێیەک بگونجێت ـــ روونکردنەوەی پۆلبەندە سەرەکیەکانە. بەڵام، ئەنجامدانی شیکردنەوەیەکی زیاتر گشتگیرانە ی بازاڕی کاری هەرێمی کوردستانی عێراق و دیاردە تایبەتەکانی لە دەرەوەی مەودای ئەم راپۆرتەدایە و بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئاینده بە جێدەهێڵرێت.

## ئەنجامە سەرەکیەکان لە KRLFS وە

ئەم بەشە نیشاندەرەکانی هێزی کاری هەرێمی کوردتسانی عێراق دەخاتە روو لەسەر بنەمای راپۆرتی وەرزی KRLFS و ئەم نیشاندەرانە لەگەڵ ئەوانەی چەندین وڵاتی تردا بەراورد دەکات. ئەو ئەنجامانەی لێرەدا هاتوون لەو رووپێوە وەرگیراون کەKRSO لە وەرزی سێهەمی ساڵی 2012 ئەنجامی داوە (بەتایبەتی تەموزی 2012). هەروەک لە بەشی دوو و سێدا باسکرا، KRLFS بەجۆرێک داڕێژراوە کە زانیاری تەبا و نوێکراوە لەسەر مەودایەک لە نیشاندەرەکانی هێزی کار بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق دەستەبەر بکات.

هەریەک لەم بەشە لاوەکیانەی خوارەوە سەرەتا بە وردیی نیشاندەری جێمەبەست پێناسە دەکەن، پاشان دەرەنجامەکانی دەخەنە روو. سەبارەت بە نیشاندەرە سەرەکیەکان، ئێمە ME ی دوای ژمارەی نیشاندەرەکە دەخەینە کەوانەوە. هەروەک لە بەشی دوودا هاتووە، ME بریتیە لە پێوەرێکی وردبینی یان پشت پێبەستن بۆ خەمڵێنراوێک لە سامپڵێکەوە. بۆ نمونە، ئەگەر رێژەی خەمڵێنراوی بێکاری لەسەدا شەش بوو لەگەڵ لەسەدا ME 2، دەتوانین بڵێین کە لە سەدا 95 دڵنیایی ئەوەیە کە رێژەی راستەقینەی بێکاری لەنێوان لەسەدا 4 و 8 دایە، هەرهێندە، بەرێژەی کەم یان زیادی لەسەدا 2 خاڵی خەمڵێنراوی ئێمە. هەتا سامپڵەکە گەورەتر بێت، هەموو شتەکان یەکسانن، هەتا ME یش بچووکتر بێت، خەمڵێنراوەکان زیاتر

پشت پێبەستوون. هەروەک لە بەشی دوودا سەرنج درا، KRLFS بەجۆرێک داڕێژراوە کە خەملێنراوەکانی وردبینانە و گونجاو بن (ME نزم بێت) یان بۆ نیشاندەرە سەرەکیەکان سەبارەت بە هەموو سامپڵەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و گرووپە لاوەکیەکانی شیکردنەوە باشتر بێت.


**بەشداریکردنی هێزی کار**

هێزی *کار* بەوە پێناسە کراوە کە بریتیە لە کۆی ژمارەی تاکەکان کە تەمەنیان سەروو 15 ساڵە و "لە رووی ئابوریەوە چالاکن" ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەوان لەکاتی ئێستادا کاردەکەن یان کارناکەن بەڵام بەردەستن و بە چالاکی بەدوای کاردا دەگەڕێن. *کار* ، لەسەر بنەمای پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان، بەوە پێناسە دەکرێت کە پیشەیەکی کرێدار یان کارکردن لە پڕۆژەیەکی تاکەکەسی، بزنسێکی خێزانی، یان لە کێڵگەیەکدا بگرێتەوە، ئیتر کرێی ڕاستەوخۆ وەربگرێت یان نا. بە گوێرەی پراکتیزە نێودەوڵەتیەکان، کارکردوو یان کارمەند ئەوانە دەگرێتەوە کە پێش بەرواری چاوپێکەوتن لانی کەم یەک کاتژمێر لە هەفتەیەکدا کاریان کردووە. ڕێژەی سەدی دانیشتووانی تەمەنی کارکردن لە چوارچێوەی هێزی کاردا بریتیە لە *ڕێژەی بەشداریکردنی هێزی کار* (بڕوانە شێوەی 1.5).

داتای KRLFS پیشانی دەدات کە هێزی کاری هەرێمی کوردستانی عێراق لە وەرزی سێهەمی ساڵی 2012 دا لە سەدا 38.4 ی پێکهێناوە (ڕێژەی سەدی ME ±0.72)[1] لە کۆی دانیشتووانی تەمەن 15 ساڵ

**شێوەی 1.5**

**ڕەوشی هێزی کاری دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق و پێناسەی دەستەواژەکان**




سەرچاوە: KRLFS.

تێبینی: لە هێزی کاردا بوون کەسانی دامەزراو لە سەر کار و کەسانی بێکاریش لە خۆ دەگرێت. نرخی بەشداری هێزی کار ڕێژەی هێزی کار دابەشکراو لە سەر دانیشتوانی کەسانی 15 ساڵان و سەرترە. نرخی بێکاری، ڕێژەی کەسانی بێکار دابەشکراو لە سەر ڕێژەی هێزی کارە. نیسبەتی دانیشتوانی دامەزراو لە سەر کار بە تەواوی دانیشتوان، ڕێژەی کەسانی دامەزراو لە سەر کار دابەشکراو لە سەر ڕێژەی کەسانی 15 ساڵان و سەرترە. نیسبەتی بێکاری بە دانیشتوان، ڕێژەی کەسانی بێکار دابەشکراو لە سەر ڕێژەی کەسانی 15 ساڵان و سەرترە.

RAND *RR293-5.1*

---

[1] لەم حاڵەتەدا ڕێژەی ME دەکاتە کەم یان زیاد لەسەدا 0.72 خاڵ (کەمتر لە لەسەدا 1) و دەوروبەری کەمترینی لەسەدا 38.4.

و بەرەو ژوور-کە بەنزیکەیی ڕێژەیەکی نزمە.[2] هەرچەندە ئەم ڕێژەیە بەشێوەیەکی بنەڕەتی هاوشێوەی ئەردەنە (لەسەدا 38)، بەڵام بەشیوەیەکی بەرچاو نزمترە لەوەی تورکیا (بەنزیکەیی لەسەدا 50) و میسر (بەنزیکەیی لەسەدا 48). ڕێژەی نزمی بەشداریکردنی تێکڕایی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەشێوەیەکی گشتی لەئەنجامی نزمی ئاستی بەشداریکردنی ژنانە. لەڕاستیدا، ڕێژەی پیاوان لە هێزی کاردا باڵاترە لە ژنان. لەناو پیاوانی تەمەن 15 ساڵ و بەرو ژووردا، نزیکەی دوو لەسەر سێ، یان لەسەدا 65.7 (لەسەدا ±1.2) لە هێزی کاردان، ئەمە لەکاتێکدایە کە تەنها لەسەدا 12.2 (لەسەدا ±1.0) ی ژنان لە هێزی کاردا بوون. بەڵام لەنێو چینی گەنجانی ڕەگەزی نێردا (تەمەنی 15–24)، تەنها لەسەدا 37.8 (لەسەدا ±2.2) لەهێزی کاردا بوون، هۆکاری ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی ئەوەبوو کە هێشتا لەقۆناغی خوێندندا بوون. سەبارەت بە گەنجانی ڕەگەزی مێ، ڕێژەی بەشداریکردن تەنها لەسەدا 6.1 بوو (لەسەدا ±1.2).

**ڕێژەی دامەزراندن، بێکاری و ژێردامەزراندن.**

هێزی کار دوو گروپی تاکەکان پێک دێنێت: ئەوانەی کە کاردەکەن (بۆ نمونە دامەزراو) و ئەوانەی کارناکەن بەڵام خوازیارن و بەردەستن بۆ کارکردن و هەروەها ئەوانەش کە بەدوای کاردا دەگەڕێن (بێکارن). لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لە وەرزی سێهەمی ساڵی 2012 دا، لەسەدا 92.6 ی هێزی لەکاردابوون، ئیتر کاتی تەواو بێت یان بەشەکی. ئەم گرووپە لەسەدا 35.5 ی کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە تەمەنی 15 ساڵ و بەرەو ژووری پێکهێناوە؛ ئەمە پێی دەوترێت *ڕێژەی دانیشتووان-دامەزراندن*.

پشکی هێزی کار لە بێکاران پیی دەووترێت *ڕێژەی بێکاری* (بڕوانە شێوەی 1.5 بۆ پێناسەکان). ڕێژەی بێکاری نیشانده‌رێکی ناوەندیە لەسەر ئەوەی کە چۆن بازاڕ و ئابوری بەشیوەیەکی گشتی کاردەکات. ڕێژەی بەرزی دامەزراندن واتە ئابوریەک کە پیشە بەبڕی پێویست دەستەبەر ناکات بۆ هەڵمژینی هەموو تاکەکان کە خوازیارن و توانای بەشداریکردنیان لە دەرچووی ئابوریدا هەیە.

ڕێژەی گشتی بێکاری لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەسەدا 7.4 بوو (لەسەدا ±0.93). لەکاتێکدا ئەمە ڕێژەیەکی نزم نییە، ڕەوشەکە لە هەرێمی کوردستان بەهەرحاڵ دڵخوازانە بەراورد دەکرێت بە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە. بۆ نمونە، ڕێژەی بێکاری لە تورکیا ساڵی 2012 لەسەدا 8.4 بوو، لەکاتێکدا میسر بێکاری هەبوو بە ڕێژەی لەسەدا 12.6. لە ئەردەن و سوریا (ساڵی 2012)، بێکاری لەسەدا 11 و لەسەدا 14.9 بوو یەک لەدوای یەک (شێوەی 2.5).[3] هەروەها ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستانی عێراق نزمتر بوو لە نوێرین پێوەری بەردەست بۆ باقی ناوچەکانی تری عێراق، رووپێوی IKN بۆ ساڵی 2011 ئاماژە دەدات بەوەی بێکاری بە ڕێژەی لەسەدا 8.6 بوو لە باقی ناوچەکانی عێراقدا.[4] *ڕێژەی بێکاری-دانیشتووان*-بریتیە لە ڕێژەی سەدی کۆی دانیشتوانی تەمەن 15 و بەرەو ژوور (بە تەنها هێزی کار نا) کە بێکارن-و هەندێک جاریش خوازیاری کارن؛ ئەم ژمارەیە بریتیە لە لەسەدا 2.8 بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق.

**ڕێژەی بێکاری بەپێی تەمەن، ڕەگەز و خوێندن**


ڕێژەی بێکاری لە بەشێکی لاوەکی دیاریکراوی دانیشتواندا یەکسانە بە ژمارەی کەسانی بێکار لەو گرووپەدا بە دابەشکردن بەسەر ژمارەی هێزی کار لەو گرووپەدا. ڕێژەکانی بێکاری لەنێو کەنجاندا بە تایبەتی لەنزیکەوە

[2] لەمەدا و لە هەموو ئەژمارکردنە دوابەدواکانی لە KRLFS ەوە، کێش بەکاردەهێنرا بۆ سازاندنی داڕشتنی سامپڵکاری و ناوەڵامی.

[3] هەروەک لە مێتاداتای سندوقی نەختی نێودەوڵەتی سەرنجدراوە، تورکیا، میسر و سوریا هەموویان پێناسەیان بۆ بێکاری هاوشێوەی ئەو پێناسانەیە کە KRLFS بەکاریان دێنێت. ئەمانە ئاماژەن بەو تاکەکەسانەی کە (1) کارناکەن، (2) بەردەستن بۆ کارکردن و (3) چالاکانە بەدوای کاردا دەگەڕێن (سندوقی نەختی نێودەوڵەتی، وێبسایتی "بۆردی بانگەشەی بڵاوکردنەوەی ستانداردەکان"، 2012). پتر لەمەش، ئەم وڵاتانە بە هەمان شێوە ڕەچاوی ئەوانە دەکەن کە دەڵێن کاریان دۆزیەوەتەوە بەڵام هێشتا نەبوون بە بێکار. بەڵام ماوە ئاماژەکانی گەڕان بەدوای کاردا جیاوازن لە یەکدی. بەگوێرەی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، لە میسر ماوەی سێ مانگی رابردوودا دەگرێتەوە، لەکاتێکدا لە تورکیا ماوەی چوار هەفتەی رابردوو دەگرێتەوە و لە سوریا ئەمە روون نییە. KRLFS ماوەی سەرچاوەی 7 رۆژ بەکاردێنێت. داتای وڵاتانی تر لە ڕێکخراوەکانی ئاماری تایبەت بەخۆیانەوە وەرگیراون—تورکیا لە TURKSTAT (وێبسایتی پەیمانگای ئاماری تورکی، نوێکراوەیە)، میسر لە ئاژانسی ناوەندی جموجوڵ و ئامارەکان، وێبسایت 2013؛ و سوریا لە CBSSYR.

[4] لە هەرێمی کوردستانی عێراق، IKN ئاماژە دەدات بە ڕێژەی بێکاری لەسەدا 6، کە تارادەیەک نزمترە لەو لەسەدا 7.4 کە لە KRLFS دا خەمڵاندبوومان. بە ڕەچاوکردنی جیاوازیەکان لە سامپڵکاری و کاتگری نێوان دوو روپێوەکەدا، ئەم جیاوازیە مامناوەندیە نزیکەییە شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبووە. بەم جۆرە، IKN بە تەنها پێشنیاری تەنانەت کەلێنێکی گەورەتر دەکات (جیاوازی نێوان لەسەدا 6 و 8.7) لەنێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و باقی ناوچەکانی عێراق لەوەی بەراوردکاری ژمارەکان دەریخستووە.

**شێوەی 2.5**
**ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان و ئابوریەکانی تر**




سەرچاوە: KRLFS پەیوەندیدار بە KRI، ILO پەیوەندیدار بە تورکیە، ئاژانسی ناوەندی کۆکردنەوەی گشتی و ئامار ، ماڵپەڕ، 2013، میسر و CBSSYR سوریا. داتا پەیوەندیدارەکان بە تورکیا و میسر پەیوەندی بە سێ مانگی دووهەمی 2012 ەوە هەیە. داتا پەیوەندیدارەکان بە سوریا و ناوچەکانی تری عێراق بۆ ساڵی 2011 ەیە. داتاکانی KRI میسر پەیوەندی بە سێ مانگی سێهەمی 2012 وە هەیە.

RAND *RR293-5.2*

چاودێری دەکرێت لەبەرئەوەی ئاماژەیە بەوەی داخۆ ئابوری هەلە ئابوریەکانی بۆ ئەم گرووپە هێناوەتە کایەوە یان نا، بەمەش یارمەتی هەردوو گەشەی ئابوری و سەقامگیری کۆمەڵایەتی دەدات.

بێکاری گەنجان لە هەرێمی کوردستان (تەمەنەکانی 15–24) کە دەکاتە لەسەدا 17.6 بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزترە لە ڕێژەی لەسەدا 7.4 ی تێکرای هێزی کار. دیاردەی بێکاری لەنێو گەنجاندا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست شتێکی باوە. بەڵام کاتێک بە تێکرای ڕێژەی بێکاری بەراورد دەکرێت، بێکاری گەنجان لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ریزی نزمترینە لە ناوچەکەدا. لە وەرزی دووەمی ساڵی 2012 دا، ڕێژەی بێکاری لە نیو گرووپی تەمەنی 15 تا 24 ساڵیدا دابەزی بۆ لەسەدا 16.1 لە تورکیا بەڵام ئەم ڕێژەیە لەسەدا 35.8 بوو لە سوریا و لەسەدا 28 بوو لە ئەردەن. ڕێژەی بێکاری لە میسر بۆ ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 15–24 ساڵدایە بریتی بوو لە لەسەدا 41.4 لە 2012 (بەڵام ئەم ڕێژەیە بەشێوەیەکی بەشەکی ڕەنگدانەوەی کاریگەرییەکانی شۆڕشی 2011 بوو لەسەر ئابوری).[5]


لەکاتێکدا بێکاری لەنێو گەنجان لە هەرێمی کوردستانی عێراق کەمتر جێمەترسیە وەک لە ولاتانی ناوچەکە، بەڵام هێشتا مایەی نیگەرانیە بۆ سیاسەتەکە. هەروەک وڵاتانی تر، ڕەنگە هۆکارەکان پێکهاتەیەک بن لە لاوزی کارامەیی کار تەنانەت لەنێو گەنجانی خوێنەواریشدا، پێشبینی ناواقیعیانە دەربارەی هەلەکانی کار، و/یان نەخوازیاری کارکردن لە دەرەوەی کەسرتی گشتی یان کەرتی فەرمی وێڕای سنورداری هەلە بەردەستەکان. هۆکارەکان و چارەسەرە ئەگەرەکانی ڕێژەی بەرزی بێکاری لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی بە بایەخدانی زیاترە.

پتر لەمەش، جیاوازی ڕەگەزی لەنێوان بێکاری گەنجاندا مایەی تێڕامانە. ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەنێو گەنجانی ڕەگەزی مێدا زۆر بەرزترە، کە دەکاتە لەسەدا 48.9، بە بەراورد بە لەسەدا 12.8 بۆ گەنجانی ڕەگەزی نێر (شێوەی 3.5). سەرەڕای ڕێژەی بەرزی بێکاری لەنێو گەنجانی ڕەگەزی مێدا، ژمارەی ڕاستەقینەی گەنجانی بێکار لە ڕەگەزی نێر بەرزترە لە ژمارەی گەنجانی بێکار لە ڕەگەزی مێ

---

[5] داتای تەواو بۆ گرووپی تەمەنی 15–24 بۆ میسر بەردەست نییە. داتاکانی تورکیا و میسر هی وەرزی دووەمی 2012 بەڵام ئەوانەی سوریا هی ساڵی 2011 یە. سەرنجێ ئەوە بدە کە تورکیا لەم دواییەدا لە یەک وەرزدا دابەزینێکی تیژی لە ڕێژەی بێکاریدا بەخۆوە بینی، ئەوە بوو لە وەرزی یەکەمی 2012 دا کە ڕێژەکەی لەسەدا 10.2 بوو دابەزی بۆ لەسەدا 8.4 لە وەرزی دووەمی 2012 دا.

**شێوەی 3.5**
**ڕێژەی بێکاری بەپێی گرووپی تەمەن و ڕەگەز**




سەرچاوە: KRLFS.
RAND *RR293-5.3*

لەبەرئەوەی ژمارەیەکی کەمی ژنانی گەنج لە هێزی کاردان. سەبارەت بە گرووپەکانی تەمەنی باڵاتر، بێکاری بەشێوەیەکی بەرچاو نزمترە بۆ هەردوو پیاوان و ژانن بەڵام بەشیوەیەکی گشتی لە ژناندا زۆر بەرزترە وەک لە پیاوان. بۆ نموونە، ڕێژەی بێکاری لەنێوانە ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 25 تا 34 ساڵدایە دەکاتە لەسەدا 20.2 بۆ ڕەگەزی مێ، بەڵام دەکاتە لەسەدا 3.8 بۆ ڕەگەزی نێر.

هەروەک لە شێوەی 3.5 دا پیشاندراوە، نزمترین ڕێژەی بێکاری بۆ ئەوانەیە تەمەنیان لەنێوان 55 تا 64 ساڵدایە، سەبارەت بەوان بەتێکرا دەکاتە لەسەدا 1.5 و بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ هاوشێوەیە.

ڕێژە بەرزەکانی بێکاری ژنان بەتایبەتی گەنجانی ڕەگەزی مێ، ئەوە دەگەیەنێت کئەو ژنانەی دەچنە هێز کارەوە دوچاری ناڕەحەتی دەبنەوە بۆ دامەزراندن. پتر لەمەش، نزمی ڕێژەی بەشداریکردنی گەنجانی ڕەگەزی مێ (و ژنان بە تێکڕا) کە پێشتر سەرنجدراوە ڕەنگە هەروەها بەڵگەیەکیش بێت لەسەر ئەو جۆرە ناڕەحەتیانە، ئەگەر ژمارەیەکی زۆر لە ژنان بەهۆی ناڕەحەتی دۆزینەوەی کار نەچنە هێزی کارەوە یان تێیدا نەمێننەوە.

لە کۆتایشدا، خشتەی 1.5 پۆلبەندیەکان بەگوێرەی شوێنی شار و لادێ و ئاستی خوێندن ڕەچاو دەکات. بەشداریکردنی هێزی کار و ڕێژەکانی بێکاری هەردووکیان لەناوچە سارنشینەکاندا بەرزن بەڵام بەشێوەیەکی مامناوەندی. بەشداریکردن زۆر بەرزە بۆ ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی کۆلیژن (لەسەدا 80) و بەشێوەیەکی

**خشتەی 1.5**
**بەشداریکردنی هێزی کار و بێکاری، بەپێی ناوچە و خوێندن، تەمەنی 15+**

| | بەشداریکردنی هێزی کار (%) | بێکاری (%) |
|---|---|---|
| ناوچە دوورەکان | 35.3 | 6.0 |
| ناوچە شارنشینەکان | 39.0 | 7.7 |
| خوێندنی بنەڕەتی | 53.6 | 6.9 |
| خوێندنی ئامادەیی | 41.3 | 8.5 |
| بڕوانامەی کۆلیژ | 80.3 | 10.9 |

سەرچاوە: KRLFS.

بنەڕەتی نزمە بۆ ئەوانەی ئاستێکی نزمتری خوێندنیان هەیە، بەتایبەتی دەرچووانی ئامادەیی (لەسەدا 41). ئەمەش بەشێوەیەکی بەشەکی بەهۆی ئەو راستیەوەیە کە هەندێک لە تاکەکان لە ماوەدای کۆتای تەمەنێکی گەنجتردا رەچاوکراون (کە لە 15 ساڵیدا دەستپێدەکات)، ئەوانەی بەرزترین بڕوانامەیان سەرەتایی یان ئامادەییە لەراستیدا لە قۆناغی دواتردا دەخوێنن و هێشتا نەچوونەتە هێزی کارەوە.

ڕێژەکانی بێکاری بە هەمان شێوە لەو کەسانەشدا بەزرن کە ئاستێکی خوێندنی باشتریان هەیە. لەوە دەچێت هۆکارێک بۆ ئەمە ئەوە بێت ئەوانەی ئاستی خوێندنیان باڵاترە چاوەڕێی کارێک بکەن کە کارامەییەکانی پیشەیی بەرزتر بێت و سەرچاوەی خێزانی زیاتریان هەیە بۆ پشتگیری کردنیان لەکاتێکدا لە بەدوای کاردا دەگەڕێن.

### ژمارەی بێکاران بەگوێرەی گرووپی تەمەن و رەگەز


وێڕای ڕێژەی بێکاری، بەسوودترە ئەگەر بزانین *ژمارەی* راستەقینەی ئەو کەسانە چەند کە بێکارن. بۆ نمونە، ئێمە هەر پێشتر سەرنجی ئەوەمانداوە لە کاتێکدا بێکاری لەنێو گەنجانی رەگەیز مێدا بەرزە، ژمارەیەکی زیاتر لە گەنجانی رەگەزی مێ وەک لە ژنان بێکارن؛ بەنزیکەیی لەسەدا 60 گەنجانی بێکار لە رەگەزی نێرن (شێوەی 5.4). هەروەک لای سەروو باسکرا، ئەمە رەنگدانەوەی ئەو راستیەیە کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی ژمارەیەکی کەم لە گەنجانی رەگەزی مێ لە هێزی کاردان و دەستیان پێکردووە. هەروەک شێوەی 4.5 پیشانی دەدات، سەبارەت بە زۆربەی گرووپەکانی تەمەن، ژمارەی بێکارانی رەگەزی نێر لە ژمارەی بێکارانی رەگەزی مێ تێدەپەڕێت، سەرەڕای ڕێژەی بەرزی بێکاری لەنێو ژناندا.

گەورەترین گرووپی کەسانی بێکار لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەو گەنجانەی رەگەزی نێرن کە تەمەنیان 15 تا 24 ساڵە (24,838)، بەدوای ئەمیشدا گەنجانی رەگەزی مێی تەمەن 15 بۆ 24 دێت (14,683) و ژنانی تەمەن نێوان 25 تا 34 ساڵ (16,232) دێت.

### نیشاندەرەکانی هێزی کار بەپێی پارێزگا


نیشاندەرەکانی هێزی کار بەپێێ پارێزگا بەشێوەیەکی بەرچاو جیاوازن. هەروەک لە شێوەی 5.5 دا پیشاندراوە، ڕێژەیەکی گەورەتری تاکەکانی تەمەن +15 بەشێکن لە هێزی کار (کە لەرووی ئابوریەوە چالاکە) لە سلێمانی (لەسەدا 41.9) وەک لە هەولێر (لەسەدا 36.7) یان دهۆک (لەسەدا 34.7). بەرزترین ڕێژەی بێکاری لە سلێمانیە (لەسەدا 8.6)، بەدوای ئەمیشدا دهۆکە (لەسەدا 6.8) و هەولێر (لەسەدا 6.2) دێت. لەبەرئەوە،

**شێوەی 5.4**
**کۆی ژمارەی بێکاران بەگوێرەی گرووپی تەمەن و رەگەز**




سەرچاوە: KRLFS.
RAND *RR293-5.4*

**شێوەی 5.5**
**نیشاندەرەکانی هێزی کار بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و ئابوریەکانی تر**




سەرچاوە: KRLFS پەیوەندیدار بە قەزاکانی KRI، IKN پەیوەندیدار بە ناوچەکانی تری عێراق، ILO پەیوەندیدار بە تورکیە، ئاژانسی ناوەندی کۆکردنەوەی گشتی و ئامار ، ماڵپەڕ، 2013، میسر و CBSSYR سوریا. داتا پەیوەندیدارەکان بە تورکیا و میسر پەیوەندی بە سێ مانگی دووهەمی 2012 ەوە هەیە.
داتا پەیوەندیدارەکان بە سوریا و  ناوچەکانی تری عێراق بۆ ساڵی 2011 ەیە؛ داتاکانی KRI میسر پەیوەندی بە سێ مانگی سێهەمی 2012 وە هەیە.
**RAND** *RR293-5.5*

سلێمانی بەرزترین ڕێژەی بەشداریکردنی هێزی کاری هەیە بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەرزترین ڕێژەی بێکاری هەیە.

خشتەی 2.5 پۆلبەندی پارێزگاکان زیاتر ڕووندەکاتەوە بە جیاکردنەوەی بەشداریکردنی ڕەگەزی نێر و مێ و ڕێژەکانی بێکاری. جێ سەرنجە کاتێک دەبینین بەشداریکردنی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە سلێمانی بەرزترینە بە بەراورد بە هەر شوێنێکی تر. بۆ نمونە، لەسەدا 16 ژنانی تەمەن سەروو 15 ساڵ لە هێزی کاردان لە سلێمانی، بە بەراورد بە لەسەدا 7 و لە سەدا 11 لە دهۆک و هەولێر یەک لەدوای یەک. ئەم جیاوازیە بەشێکی بەرچاوی تێکڕای بەرزی ڕێژەی بەشداریکردنی (نێر لەگەڵ مێ) لە سلێمانی ڕوون دەکاتەوە هەروەک لای سەرەوە سەرنجدراوە، لەگەڵ بەشداریکردنێکی بەرزتری ڕەگەزی نێر لە سلێمانی کە باقی ڕەوشەکە ڕووندەکاتەوە. هەروەها بەشداریکردنی بەرزتری ڕەگەزی مێ لە سلێمانی بەشێوەیەکی بەشەکی ڕێژەی تێکڕای بێکاری لەو پارێزگایەدا ڕوون دەکاتەوە. لەبەرئەوەی ڕێژەی بێکاری لە ژناندا زۆر بەرزترە وەک لە پیاوان، هەبوونی ژمارەیەکی ڕێژەیی ژنان لە هێزی کاردا ئەوە دەگەیەنێت کە تێکڕای ڕێژەی بێکاری

**خشتەی 2.5**
**بەشداریکردنی هێزی کار و بێکاری، بەپێی پارێزگا و ڕەگەز، تەمەنی +15**


| پارێزگا | ڕەگەز | بەشداریکردنی هێزی کار (%) | بێکاری (%) |
|---|---|---|---|
| دهۆک | نێر | 63.31 | 6.51 |
| | ژن | 7.06 | 9.20 |
| سلێمانی | نێر | 68.76 | 5.23 |
| | ژن | 16.10 | 22.32 |
| هەولێر | نێر | 64.01 | 3.61 |
| | ژن | 11.22 | 20.29 |

(نێر لەگەڵ مێ) بەرزتر دەبێت، هەموو شتەکان یەکسانن. تەنانەت لە سلێمانیش بەشداریکردنی ڕەگەزی مێ کە دەکاتە لەسەدا 16 هێشتا ئێجگار نزمە.

**نیشاندەرەکانی هێزی کار بەپێی قەزا**

هەروەها ئەو داتایە ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی جێ سەرنج بەپێی قەزا لەم نیشاندەرانەدا هەیە (بڕوانە شێوەی 6.5 و 7.5). ڕێژەی خەمڵێنراوی بەشداریکردنی هێزی کار لە مەودایەکدایە نێوان لەسەدا 26.9 لە قەزای سۆران لە پارێزگای هەولێر تا لەسەدا 47.4 لە قەزای شارباژێر لە پارێزگای سلێمانی (ئەم ژمارەیە سەبارەت بە هەرێمی کوردستانی عێراق بە تێکڕا دەکاتە لەسەدا 38.4). هەرچۆنێک بێت، بۆدەرکەوتنی جیاوازیەکان دەربارەی ئەو جیاوازیە لەسەر ئاستی قەزاکان پێویستی بە وریایی زیاتر هەیە لەبەرئەوەی ئەو ژمارانەی لە قەزاکان وەردەگیرێن بەشێوەیەکی ڕێژەیی سامپڵی بچووکن و هەتا رادەیەکیش ناوردبینن. مەودای ME یەکانی ئەم خەمڵاندنانە لەنێوان لەسەدا 2 تا لەسەدا 7.8 دایە بە کەمترینی لەسەدا 4. بەم جۆرە،


**شێوەی 6.5**
**بەشداریکردنی هێزی کار بەپێی قەزا**




سەرچاوە: KRLFS.

RAND RR293-5.6

**شێوەی 7.5**
**بێکاری بەپێی قەزا**




سەرچاوە: KRLFS.
RAND *RR293-5.7*

بەشێوەیەکی تێکڕا، دەتوانین تەنها لەوە دڵنیا بین کە ڕێژەی ڕاستەقینەی بەشداریکردن لەنێوان لەسەدا 4 خواروو و لەسەدا 4 سەرووی ڕێژەی خەمڵێنراوی لای سەرەوەیە.[6]

شێوەی 7.5 ڕێژەی بێکاری بەپێی قەزا پیشان دەدات. ئەمەش لە مەودایەکدایە لەنێوان لەسەدا 1 بۆ قەزای سەیدسادق لە پارێزگای سلێمانی بۆ لەسەدا 19.2 بۆ دوکان، کە هەر لە سلێمانیە (تێکڕای سەرانسەری هەرێمی کوردستانی عێراق دەکاتە لەسەدا 7.4). بێکاری لەسەر ئاستی قەزا لە سلێمانی وادەردەکەوێت کە زۆرترین گۆڕاوە (کە قەزای خاوەن نزمترین ڕێژەی بێکاری و قەزای خاوەن بەرزترین ڕێژەی بێکاری لەخۆگرتووە)، کە هەروەک پێشتر باسکرا، بە هەمان شێوە ئەو پارێزگایە کە بەرزترین تێکڕای ڕێژەی بێکاری هەیە (شیوەی 4.5). لەکاتێکدا ئەم داتایانە ئاماژەن بە هەبوونی جیاوازەیەکی بەرچاو لە ڕێژەی بێکاری لە قەزاکاندا، ئەم چاودێریە بە هەمان شێوە لەسەر بنەمای سامپڵکاری بچووک داڕێژراوە و پێویستی بە وریاییە. مەودای پەراوێزی هەڵە لەنێوان لەسەدا 1.5 تا لەسەدا 7 دایە بە کەمترینی لەسەدا 4.3. بۆیە هەروەک

6 ئەمەش بەگوێرەی قەزا دەگۆڕێت لەبەرئەوەی ME یەکانی تایبەت بە هەر قەزایەک جیاوازن.

شێوەی ڕێژەی بەشداریکردن، دەتوانین تەنها لەوە دڵنیا بین کە ڕێژەی ڕاستەقینەی بێکاری لەنێوان لەسەدا 4 خواروو و لەسەدا 4 سەرووی ڕێژەی خەمڵێنراوی لای سەرەوەیە. وا دەردەکەوێت ئەو قەزایەی بێکاری زۆر نزمە (ئەو چوار قەزایەی کە ڕێژەی بێکاریان خوار لەسەدا 4 بوو) زیاتر گوندنشین و کشتوکاڵین وەک لەوانی تر. بەدەر لەمە، هیچ پۆلبەندیەکی ڕوونتر نییە بۆ بێکاری لەسەر ئاستی قەزا سەبارەت بە پشکی دانیشتووانی ناوچە دوورەکان و دامەزرانێنراوانی پشکی کشتوکاڵی.


**دامەزراندنی کاتی تەواو و کاتی بەشەکی و لەژێر دامەزراندندا**

پێناسەی کاری *کاتی تەواو* دەوەستێتە سەر سیاقی وڵات یان ناوچەیەکی دیاریکراو. ئێمە لێرەدا کاتی تەواو بەلانی کەم 35 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا دادەنێین لەسەر بنەمای خشتەکانی کاری حکومی ستاندارد لە هەرێمی کوردستانی عێراق. بەشێوەیەکی گشتی، بە لەبەرچاوگرتنی کاتەکانی کارکردن لە هەموو پیشەکاندا بۆ تاکە کەسێک بریتیە لە لەسەدا 76.5 ی هەموو ئەوانەی کە کاردەکەن (کە دەبێت جەختی لەسەر بکرێتەوە، لەوانە هەموو جۆرێکی کار، نەک بە تەنها کاری بەکرێ) کە لانی کەم 35 کاتژمێر لە هەفتەیەکدایە؛ لەسەدا 11.1 ی ئەوانەی کاریان دەکرد لەنێوان 30 و 34 کاتژمێر؛ و لەسەدا 12.5 لەوان کەمتر لە 30 کاتژمێر کاریان کردووە (شێوەی 8.5).

لەبەرئەوە، نزیکەی چواریەکی (لەسەدا 23.5) ی هەموو ئەوانەی لەکاردان (لەوانە ئەوانەی کاری ئازاد دەکەن) بۆ کەمتر لە 35 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا کاریان کردووە، بەمەش بەگوێرەی پێناسەی ئێمە، ئەوانە کاری بەشەکیان کردووە. ڕێژەی سەدی کارکردنی کاتی بەشەکی بەشێوەیەکی گەورە بچووکترە بۆ پیاوان وەک لە ژنان، کە پێشبینی ئەوەیان لێدەکرێت زیاتر ئارەزووی کاری کاتی بەشەکی بکەن بۆ هاوسەنگکردنەوەی کات لە بازاڕی کاردا لەگەڵ ماڵداری و بەخێوکردنی منداڵ: لەسەدا 40.6 ژنانی کارمەند کەمتر لە 35 کاتژمێر کاریان کردووە بە بەراورد بە تەنها لەسەدا 20.7 ی پیاوان.

هەروەک لە خشتەی 3.5 پیشاندراوە، پشکی کارکردنی کاتی تەواو گەورەترینە لە پارێزگای سلێمانی، کە تەنها لەسەدا 14.6 ی دانیشتوانی کارکردوو کەمتر لە 35 کاتژمێر کاریان کردووە و تەنها لەسەدا 13.7 کەمتر لە 30 کاتژمێر کاریان کردووە، بە بەراورد بە لەسەدا 23.5 و لەسەدا 18.6 یەک لەدوای یەک سەبارەت بە هەرێمی کوردستانی عێراق بەگشتی. ئەمە تەبایە لەگەڵ ڕێژەی باڵای بەشداریکردنی هێزی کار لە سلێمانی لەکاتێکدا کە هەردوو بەشداریکردنی تێکڕا و ڕێژەیەکی بەرزی کارکردنی کاتی تەواو بۆ ئەو کەسانەی کاردەکەن نیشانەن بۆ بەشداریکردنێکی مەزنتری هێزی کار.

**شێوەی 8.5**
**ڕێژەی سەدی دامەزراوان بەپێی کۆی کاتژمێرەکانی کارکردن**




سەرچاوە: KRLFS.
RAND *RR293-5.8*

**خشتەی 5.3**
**کاری بەشەکی لە کۆی دانیشتوانی کارکەر، بەپێی پارێزگا**

| | ئەو کارانەی کەمترن لە 35 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | | | ئەو کارانەی کەمترن لە 30 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | مێ | نێر | کۆ | مێ | نێر | کۆ |
| هەموو هەرێمی کوردستانی عێراق | 40.6 | 20.7 | 23.5 | 21.9 | 10.9 | 12.5 |
| هەولێر | 68.6 | 24.6 | 30.5 | 37.5 | 10.2 | 13.9 |
| دهۆک | 65.8 | 26.6 | 30.6 | 23.4 | 15.2 | 16.0 |
| سلێمانی | 15.0 | 14.5 | 14.6 | 11.4 | 9.2 | 9.6 |

سەرچاوە: KRLFS

ئەو کاتە بەشێوەیەکی تێکڕا بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، بەشێکی قەبارەداری ئەو کەسانەی کاردەکەن کەمتر لە کاتی تەواو کاردەکەن. دەکرێت کارکردنی بەرفراوانی کاتی بەشەکی ئاماژەیەک بێت بەوەی ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان ناتوانن بەو ڕێژەیە کاربکەن کە خوازیارن و بەم جۆرە ئەوان ئابوریان ناتەواوە. ئەو تاکانەی کە بە کەمتر لە کاتی تەواو کاردەکەن بەهۆکاری ئەوەی ناتوانن کاری زیاتر بدۆزنەوە بەوە ئەژمار دەکرێن کە *لەژێرکارکردندان*. لەلایەکی ترەوە، گومان لەوەدا نییە کە کاری کاتی بەشەکی لە زۆر حاڵەتدا ڕەنگدانەوەی پەسەندیەکانی کارکردنی کەمترە، بەتایبەتی بۆ ژنان کە بەزۆریی پێویستیان بە ڕاگرتنی هاوسەنگی بەپرسیارێتیەکانی کار و خێزانە، هەروەک پێشتر سەرنج دراوە.

بۆ بەدەمەوەچوونی ئەم جیاکاریە، KRLFS پرسیاری لە هەموو تاکە کاردکردووەکان کرد داخۆ دە*یانویست* لە ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردنی ئێستایان زیاتر کاربکەن و داخۆ چالاکانە بەدوای کاری زێدەدا دەگەڕێن. بەشێوەیەکی فەرمی، هەموو تاکەکەسێک بە ژێرکارکردوو ئەژمار دەکرێت ئەگەر کەمتر لە کاتی تەواو کاربکات، خوازیار بێت و بتوانێت کاتژمێری زێدە کاربکات، و بەدوای کاری زیاتردا بگەڕێت؛ بەم جۆرە پێناسەکە هاوپێوەری پێناسەی ستانداردی بێکاریە.

ئەگەر سەرەتا تەنها ڕەچاوی ئەو کەسانە بکەین کە دەڵێن خوازیارن زیاتر کاربکەن، نزیکەی لەسەدا 17 ی ئەو کەسانەی کەکەمتر لە 20 کاتژمێر کاردەکەن ئەوەیان دەرخستووە کە خوازیاری ژمارەیەک کاتژمێری زیاتر کاربکەن (ئەنجامەکان پیشان نەدراون). سەرنجی ئەوە بدە کە ئەم گرووپە تەنها نزیکەی لەسەدا 4 ی هەموو کارکردووان و کەمتر لە لە سەدا 20 ی هەموو کرێکارانی کاتی بەشەکی پێک دێنێت (ئەوانەی کەمتر لە 35 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا کاردەکەن). لەنێو ئەوانەدا کە 21 و 35 کاتژمێر کاردەکەن (نزیکەی لەسەدا 80 هەموو کرێکاری کاتی تەواون)، لەسەدا 12.7 ئاماژەیان بەوەداوە کە خوازیاری کارکردنی زیاترن. ئەم پشکە ڕێژەییە بچووکە زۆر هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو کرێکارانەی کاتی تەواو کە دەڵێن خوازیارن زیاتر کاربکەن. لە کۆتایشدا، داتاکە ئەوە پیشان دەدات کە کەمتر لە لەسەدا 10 ی کارکردووی کاتی بەشەکی خوازیاری کاردکردنی زیاترن و بەدوای کاری زیاتریشدا دەگەڕێن، بۆ نمونە دەکرێت لەڕووی تەکنیکیەوە بە ژێرکارکردوو پۆلێن بکرێن. کەواتە بە کورتی، ژێرکارکردن وەک دیاردەیەکی بەرچاو لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەرناکەوێت؛ زۆربەی ئەوانەی کەمتر لە 35 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا کاردەکەن خوازیارانە وەها دەکەن.

#### دامەزراندنی فەرمی و نافەرمی

لەبەرانبەر ئەو پێناسانەدا کە بۆ هێزی کار ، دامەزراندن و بێکاری دانراون، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تەبابیەکی کەمتر هەیە لەو شێوازەدا فەرمێتی دامەزراندنی لە رووپێوەکاندا پێ ئەژمار دەکرێت. KRLFS ژمارەیەک پرسیار ئاراستە دەکات بە مەبەستی زانینی ئەوەی داخۆ پیشەیەک فەرمیە یان نافەرمی. بە پەیڕەوکردنی ئەوەی ئەگەری زۆرترین پراکتیزەی باوی لێدەکرێت، ئێمە ڕەچاوی پیشە بە فەرمی دەکەین ئەگەر یەک ستاندارد یان زیاتری سوود یان خەسڵەتەکانی گرێبەستێکی دامەزراندنی تێدابوو. بەتایبەتی، کارمەند بە فەرمی پۆلبەند دەکرێت ئەگەر هەر بیمەیەک وەربگرێت (بیمەی تەندروستی، مۆڵەت بە مووچەوە، یان مۆڵەتی نەخۆشی بە مووچەوە یان ئەگەر کارمەندەکە لە سندوقێکی دڵنیایی کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکات) یان ئەگەر


گرێبەستێکی کاری واژۆ کردبێت. ئەگەر ئەم مەرجانە نەهاتنە دی، ئەوا پێگەی کارمەندەکە بە نافەرمی ئەژمار دەکرێت. خۆدامەزراندن یان کاری ناو کۆمپانیای خێزانی یان کێڵگە (کە بیمەکان وەرناگرێت یان بەشداری لە سندوقی دڵنیایی کۆمەڵایەتیدا ناکات) بە دامەزراندنی نافەرمی ئەژمار دەکرێت.

بەم پێناسەیە، کەمێک زیاتر لە نیوەی هەموو دامەزراندنەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق (لەسەدا 51.4) دەکرێت بە فەرمی بناسرێتەوە، هەروەک لە شێوەی 9.5 دا پیشاندراوە. پشکی فەرمێتی بەگوێرەی پارێزگا دەگۆڕێت، بەجۆرێک کە بەرزترین لە هەولێر (لەسەدا 54.8) و نزمترین لە دهۆکە (لەسەدا 46.6). ئەو جۆرە ڕۆڵە سەرەکیەی دامەزراندنی فەرمی خەسڵەتێکی وڵاتانی ناوچەکەیە. توێژینەوەیەکی ئەم دواییە دەریخستووە کە تێکڕای پشکی کەرتی نافەرمی بۆ دامەزراندن بریتیە لە سەدا 67 بۆ هەموو وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا.[7]

شیاوی باسە کە زۆرینەی زۆری—لەسەدا 91ـی پیشەکان کە لە هەرێمی کوردستانی عێراق وەک فەرمی پێناسەکراون ئەوانەی کەرتی گشتین. ئەمەش دوپاتی ئەوە دەکاتەوە کە کەرتی تایبەتی فەرمی ئابوری هەرێمی کوردستانی عێراق بە گەشەنەکردوویی ماوەتەوە.

هەروەها جیاوازی گەورەی بەپێی ڕەگەزیش لە ئارادان. ژنان بەرێژەیەکی کەمتر لە دامەزراندنی نافەرمیدا دەبینرێن وەک لە پیاوان. هەروەک لە شێوەی 10.5 دا پیشاندراوە، لەسەدا 82.1 ی ژنانی کارکردوو بەشێوەیەکی فەرمی دامەزراون (بەنزیکەیی هەموویان کەرتی گشتین)، ئەمە لەکاتێکدایە کە تەنها لەسەدا 46.4 ی پیاوان دامەزرانراوی فەرمی بوون. ئەمە پێچەوانەی ڕەوشی زۆربەی ئابوریەکانە، کە کاری نافەرمی، بەتایبەتی خۆدامەزران مرونەتێکی زیاتر بە ژنان دەبەخشێت بۆئەوەی بەرپرسیارێتیەکانی کار و خێزان بەیەکەوە گرێ بدەن. بەڵام ئەو داتایەی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەوە دەگەیەنێت کە هەلەکانی کاری نافەرمی کەرتی تایبەت بۆ ژنان کەمن. لێکدانەوەیەکی جێگرەوە یان زیدە بۆ ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە بەهۆی هۆکارە کولتوریەکان، ژنان یان خێزانەکانیان کاری کەرتی تایبەت بۆ ژنان، بەتایبەتی کاری کەرتی نافەرمی بە پەسەند نازانن بۆیان.


**شێوەی 9.5**
**دامەزراندنی فەرمی و نافەرمی بۆ تاکە دامەزراوەکانی تەمەن +15**




سەرچاوە: KRLFS.
RAND *RR293-5.9*

[7] Diego F. Angel-Urdinola and Kimie Tanabe, "Micro-Determinants of Informal Employment in the Middle East and North Africa Region," Washington, D.C.: بانکی نێودەوڵەتی کۆمەڵایەتی, کانونی دووەمی 2012. شیاوی باسە کەئەم نووسەرانە تەنها ئەو کاتە پیشەیەک بە فەرمی دادەنێن کە کرێکار هەندێک بیمەی خانەنشینی تێدا وەربگرێت؛ ئەم پێوەرە تارادەیەک زۆر سنوردارترە لە پێوەرەکانی ئێمە و بۆیە بەگوێرەی خەمڵاندنی ئەو پشکنێکی گەورەتری کرێکاران دامەزراوی نافەرمین.

**شێوەی 10.5**
**دامەزراندنی فەرمی و نافەرمی بەپێی رەگەز**




سەرچاوە: KRLFS.
RAND *RR293-5.10*

**دامەزراندن بەپێی كەرتی خاوەندارێتی**

هەروەک زۆربەی ئابوریەكانی ناوچەكە، دامەزراندنی كەرتی گشتی سەرچاوەیەكی سەرەكی دامەزراندنە لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا. بە نزیكەیی نیوەی دانیشتوانی كاركردوو (لەسەدا 50.5) لە كەرتی گشتیدا كاردەكەن (شێوەی 11.5).[8] لەبەرئەوەی، هەروەک پێشتر سەرنج دراوە، بەنزیكەیی هەموو پیشە فەرمیەكان بریتین لە پیشەكانی كەرتی گشتی، ئەم ژمارانە بەنزیكەیی رچەگری پشكی دامەزراندنی فەرمی لە ئابوریدا دەردەخەن.[9] سەرنجی ئەوە بدە كە ئەمە كەرتی گەورەی سەربازیش لەخۆدەگرێت؛ بەبێ ئەم پۆلبەندە، كەرتی گشتی رێژەی لەسەدا 37 ی هەموو دامەزراندنەكان پێک دێنێت. دامەزراندنی كەرتی تایبەت بە نزیكەیی هەموو پیشە ناحكومیەكان لە ئابوریدا لەخۆدەگرێت، كە زیاتر نیە لە لەسەدا 1 ی كەرتەكانی تر (بۆنمونە رێكخراوە ناحكومیەكان). دامەزراندن لە كۆمپانیا بیانیەكاندا تەنها پشكێكی كەم دەگرێتەوە—كە كەمترە لە لەسەدا 1—ی دامەزراندنەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا.

لە چوارچێوەی كەرتی گشتی، دامەزراندن لە سوپادا رۆڵێكی بەرچاو دەگێرێت و رێژەی لەسەدا 26 ی هەموو دامەزراندنەكانی كەرتی گشتی دەگرێتەوە. كارگێری كەرتی گشتی (ناپەیوەندیدار بە ئاسایش) و خزمەتگوزاریەكانی پشتیوانی لەسەدا 24 پیشەكانی كەرتی گشتی و پەروەردە لە سەدا 20 پێک دێنن. هەروەها شیاوی باسە كە زۆرینەی ئەو ژنانەی كە كاردەكەن—لەسەدا 82—لە كەرتی گشتیدان، بە بەراورد بە تەنها لەسەدا 45 ی پیاوان. ئەمە دەگونجێت لەگەڵ دەركەوتنێكی زیاتری پیاوان لە كەرتی نافەرمیدا، كە بەزۆری كەرتی تایبەتە.


پارێزگای هەولێر بە رەنگدانەوەی ئامادەبوونی وەک شارێكی پایتەخت، بەرزترین دەركەوتنی پیشەكانی كەرتی تایبەتی تێدایە كە دەگاتە بڕی لەسەدا 55.4 ی هەموو دامەزراندنەكان. پشكی پیشەكانی كەرتی گشتی لە سلێمانی نزمترینە (نزیكەی لەسەدا 46) و پشكی دهۆک دەگاتە لەسەدا 52.0.

---

8 ئەم كەرتانەی لای خوارەوە بە "حكومی" پۆلبەند كراون بۆ مەبەستەكانی ئەژماركردنی كەرتی: حكومەت، دامەزراوە حكومیەكان، كەرتی تێكەڵی گشتی و تایبەت (بۆ نمونە ئاژانسی كەرتی گشتی كە بۆ كۆمپانیایەكی كەرتی تایبەت كاربكات، یان كۆمپانیایەكی كەرتی گشتی كە لەلایەن كەرتی تایبەتەوە بەڕیوە ببرێت)، و سوپا.

9 پشكەكانی پیشە فەرمیەكان و پیشەكانی كەرتی گشتی لەراستیدا بەیەكەوە نزیكەی لەسەدا 50 پێک دێنن. رەنگە ئەمە ناتەبا بێت لەگەڵ ئەو راستیەی كە مەرج نیيە هەموو پیشە فەرمیەكان (نزیكەی لەسەدا 90) كەرتی گشتی بن. ئەگەر پیشەكانی كەرتی گشتی لە كەرتی فەرمیدا بن بەڵام بەهەمان شێوە پیشەی فەرمی تریش هەبن كە كەرتی گشتی نەبن، ئەوا ژمارە (و پشكی) پیشە فەرمیەكان دەبێت لەوانەی پیشەكانی كەرتی گشتی زیاتر بن. بەڵام بەشێكی بچوک لە پیشەكانی كەرتی گشتی بەگوێرەی پێناسەی ئێمە فەرمیٔ نیین، ئەمەش بەو مانایە دێت كە ئەوانە بیمەیان پێ وەرناگیرێت یان گرێبەست ناكرێن. پێناسە جێگرەوە بنە پەتەوەكان وێنەیەكی تا رادەیەكی كەم جیاواز دەبەخشن.

**شێوەی 11.5**
**دامەزراندن بەپێی کەرتی خاوەندارێتی**




سەرچاوە: KRLFS.
RAND *RR293-5.12*

**دامەزراندن بەپێی کەرتی چالاکی**


ئێستا دێینە سەر شیکردنەوە بەپێی کەرتی چالاکی پیشەسازی یان ئابوری. لە مەودای دووردا، زۆربەی دامەزراندنەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق—بەنزیکەیی سێ لەسەر چواری هەموو دامەزراندنەکان—لە کەرتە خزمەتگوزاریەکاندا خۆی دەبینێتەوە، هەروەک لە شێوەی 4.5 دا پیشاندراوە. کەرتی پیشەسازی پلەی دووەمە لە دووریدا (لەسەدا 17.95)، بەدوای ئەمیشدا کەرتی کشتوکاڵی دێت (لەسەدا 6.63).

زۆربەی سەرچاوە گرنگەکانی دامەزراندنی کەرتی خزمەتگوزاری لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەبواری سەربازیدایە، کە لەسەدا 18 ی هەموو دامەزراندنە خزمەتگوزاریەکان پێک دێنێت و لەسەدا 13 ی تێکڕای دامەزراندنەکانە لە هەرێمی کوردستانی عێراق. بەدوای ئەمدا کەرتی کارگێڕی گشتی و خزمەتگوزاریەکانی پشتیوانی دێت (لەسەدا 17 ی هەموو دامەزراندنەکانی خزمەتگوزاری) و پەروەردە (لەسەدا 13). لەنێو کەرتی بچوکتری پیشەسازیدا، بیناسازی زۆرینەیە و سێ لەسەر چواری (لەسەدا 74) ی دامەزراندنە پیشەسازیەکان پێک دێنێت. کەرتی دروستکردن لەسەدا 8.7 ی دامەزراندنی پیشەسازیە و کەمترە لە لەسەدا 2 ی هەموو دامەزراندنەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

پشکە تێکڕاکانی خزمەتگوزاریەکان، پیشەسازی و کشتوکاڵ لەسەرجەم پارێزگاکاندا تەبان، بە هەبوونی کەمترین جیاوازیەوە (خشتەی 4.5). کشتوکاڵ ڕێژەیەکی بەرزتری دامەزراندن لە سلێمانی پێک دێنێت (لەسەدا 7.7) بە بەراورد بە دوو پارێزگاکەی تر و بچوکترین پشک هی هەولێرە (لەسەدا 4.9). بەڵام ئەوەی زیاتر سەرنجراکێش بێت وەک لە هەبوونی جیاوازیەکان نزمی پشکی کشتوکاڵە لەهەموو پارێزگاکاندا. بەرزترین ڕێژەی کارمەندان کە لە بواری خزمەتگوزاریدا کاردەکەن لە هەولێرە (لەسەدا 78.9)، کە هۆکارێک بۆ ئەمە پایتەخت بوونی شارەکەیە و بەم شێوەیە پشکێکی بەرزتر بە نزیکەیی پیشەکانی کەرتی گشتی بەردەکەوێت. لەلایەکی ترەوە، هەولێر نزمترین پشکی دامەزراندنی پیشەسازی بەرکەوتووە (لەسەدا 16.1) بە بەراورد بە لەسەدا 19.4 ی دهۆک و لەسەدا 18.8 ی سلێمانی.

سەبارەت بە پۆلبەندی بەپیی ڕەگەز (شیوەی 13.5)، لەکاتێکدا زۆربەی کرێکاران لەهەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە کەرتی خزمەتگوزاریدا خۆیان دەبیننەوە، ڕێژەی ژنان بەرزترە: لەسەدا 88 بە بەراورد بە پیاوان کە بریتیە لە لەسەدا 73.0. ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو پۆلبەندەیە کە لای سەرەوە بینرا، بەجۆرێک کە ژنان لەناو هێزی کاردا بەزۆری لە دامەزراندنی کەرتی گشتیدا (کە بەم پێیە کەرتی خزمەتگوزاریە) دەبینرێنەوە وەک لە پیاوان. بە پێچەوانەشەوە، بچوکترین کەرتی پیشەسازی بەزۆری هەمووی پیاون: بەنزیکەیی لەسەدا 20.4 ی دامەزراندنەکانی ڕەگەی نێر لە چالاکیە پیشەسازیەکاندایە،

**شێوەی 12.5**
**ڕێژەی سەدی دامەزراندن بەپێی کەرتی چالاکی**




سەرچاوە: KRLFS.
RAND *RR293-5.12*

**خشتەی 4.5**
**دامەزراندن بەپێێ کەرتی چالاکی ئابوری، بەپێی پارێزگا (ڕێژەی سەدی)**

| کەرت | هەموو هەرێمی کوردستانی عێراق | دهۆک | سلێمانی | هەولێر |
|---|---|---|---|---|
| کشتوکاڵ | 6.63 | 7.1 | 7.7 | 4.9 |
| پیشەسازی | 17.95 | 19.4 | 18.8 | 16.1 |
| خزمەتگوزاری | 75.38 | 73.5 | 73.4 | 78.9 |


سەرچاوە: KRLFS

بە بەراورد بە تەنها لەسەدا 3.3 ی دامەزراندنی ڕەگەزی مێ لەهەمان کەرتدا. پشکی دامەزراندن لە بواری کشتوکاڵدا بۆ هەردوو ڕەگەز نزمە (لەسەدا 6.3 ی ڕەگەزی نێر بە بەراورد بە لەسەدا 8.8 ی ڕەگەزی مێ). دوبارە، دەرەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە جیاوازیەکی زۆر گەورە هەیە لە چۆنێتی پێگەی پیاوان و ژنان لە بازاڕی کاردا لە کوردستان.

## وێرکشۆپ و توانا سازی

لەکۆتایی تەموزی 2012 و ماوەیەکی کورت پاش کۆکردنەوەی داتا و پێش شیکردنەوەیان، دامەزراوەی راند دوو وێرکشۆپی بەست بۆ KRSO بە تەرکیزکردنە سەر (1) چەمکی بازاڕی کار و نیشاندەرەکان و (2)

**شێوەی 13.5**
**دامەزراندن بەپێی کەرتی چالاکی ئابوری، بەپێی ڕەگەز (ڕێژەی سەدی پشکەکان)**




سەرچاوە: KRLFS.
RAND *RR293-5.13*

شیکردنەوەی ئاماری داتای هێزی کار.[10] ئامانجی وێرکشۆپەکان بریتی بوو لە یارمەتیدانی ستافی KRSO بۆئەوەی شیکردنەوەیەکی سەربەخۆی ڕووپێوەکانی هێزی کار ئەنجام بدەن. یەکەم وێرکشۆپ داپۆشینی کرد بۆ

- مانای چەمکە بنچینەییەکان لە شیکردنەوەی هێزی کاردا
- بە فەرمیکردنی پێناسەکانی ئەم چەمکانە
- کارپێکردنی پێناسەکانی چەمک بەسەر بابەتەکانی ڕووپێودا؛ ئەمەش بەکارهێنان و یەکخستنی پرسیارەکانی ڕوپێوی گرتەوە بۆ دەرخستنی داخۆ کاردانەوە بەرانبەر بە پۆلێکی دیاریکراو هەبووە یان نا (بۆ نمونە داخۆ کەسێک هەبێت بە بێکار ئەژمار بکرێت).
- هەڵبژاردنی ئەوەی چ ئەنجامێک پێشکەش بکرێت
- چۆنێتی پێشکەشکردنی ئەنجامەکان.

وێرکشۆپی دووەم تەرکیزی کردە سەر شیکردنەوەی ئاماریی داتای ڕوپێو. ئەمەش ئەم بابەتە لاوەکیانەی خوارەوەی گرتەوە:

- دەرەنجامەکانی ڕووپێوە ئاڵۆزەکان؛ پێوانە و جیاوازیەکان
  – سەبارەت بەم بابەتە، پێداچوونەوە بە دەرەنجامەکانی ڕازیبوون بە داڕشتنی ڕوپیو بۆ شیکردنەوە ئەنجامدرا، ئەمە و بەکارهێنانی پێوانەکاری بۆ ئەژمارکردنی هۆکارە دروستەکان و جیاوازیەکان و نمونەکانی چۆنێتی ئەنجامدانی ئەمانە.
- مێتۆدەکانی شیکردنەوەی ئاماریی
  – ئەم بەشەی وێرکشۆپەکە چۆنێتی دروستکردنی بڕگەکانی متمانە، تاقیکردنەوە گەورەکان و پەیوندیە هاوبەشەکانی لەخۆگرتبوو. گفتوگۆی چڕوپڕ کرا دەربارەی چۆنێتی بەکارهێنانی ئەم مێتۆدانە بۆ هەڵسەنگاندنی جێ متمانەیی ئەنجامەکان و چۆنێتی ڕاپۆرتکردنی ئاستەکانی متمانە.

ستافی KRSO لە ئۆفیسە سەرەکیەکانەوە ئامادەی وێرکشۆپەکە بوون، کە وەک شیکار ئاراستەمان کردن بۆ ئەوەی بڕۆن لە داتای KRLFS دا کاربکەن. بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەم تاکانە ئەزموونی پێویستیان بەدەستهێناوە لە بواری بنیاتنانی نیشاندەرەکانی هێزی کار و ڕاپۆرتکردنی ئەنجامەکان، ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی

---

[10] پاشکۆکانی I و J یەک لەدوای یەک، مەوادی تێدایە لەم وێرکشۆپانەوە وەرگیراوە.

کە دوابەدوای راهێنان و گفتوگۆی تەواو، تیمەکانی راند و KRSO هەستان بە ئەنجامدانی شیکردنەوەی داتا بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەیەکتری و بەراوردکردنی ئەنجامەکان و پاڵاوتەکردنیان بەپێی پێویست. ئەم پرۆسەیە بەردەوام بووە بەهەبوونی پەیوەندی بەردەوام لەنێوان هەردوو تیمەکەدا. رەنگە شیکردنەوە بوارێکی هەرە قورسی تواناسازی بێت لەبەرئەوەی ئەمە بەرێژەیەکی زۆر دەوەستێتە سەر ئاستە هەبووەکانی راهێنان و کارامەییەکان (بەتایبەتی لەبواری ئاماردا). بەڵام، لەرێگەی هەوڵەکانی ستافی لەخۆبردووی KRSO، بەرەوپێشچوونی گەورە بەدیهات. بەتێپەڕینی کات، گونجانی رووڵەزیادبووی نێوان ئەنجامەکان و ئەو شیکردنانەوەمان بۆ دەرکەوت کە تیمەکانی راند و KRSO بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە یەکتری ئەنجامیاندا.

### قاڵبێک بۆ ئەنجامەکانی راپۆرتکردن

وەک بەشێک لە قۆناغی شیکردنەوەی توێژینەوە، راند لەگەڵ KRSO کاریان کرد لەسەر ئامادەکردنی قاڵبێک بۆ راپۆرتکردنی رێکوپێکی نیشاندەرە سەرەکیەکانی دامەزراندن بۆ کەرتی گشتی و لەچوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. ئەمە پراکتیزەیەکی باوە لەنێو ئاژانسە نیشتیمانیەکانی ئاماردا. دەبێت نمایشکردنی دەرەنجامەکان روون و ناتەکنیکی بن بۆئەوەی بتوانرێت ژمارەیەکی بەرفراوانی بینەر دەسگەیشتنی بۆ هەبێت و دەبێت نمایشەکە بە گشتی کورت و پوخت بێت.[11] دەگونجێت بەپێی پێویست ژمارەیەکی دەسنیشانکراو لەو بابەتانەی دەوری ئەو ئامارە بنەڕەتیانەی پیشاندراون زیاد بکرێت یان ئاڵوگۆڕ بکرێت هەروەک

### پوختە

ئەم بەشە هەندێک لە ئەنجامە سەرەکیەکانی سوڕی یەکەمی KRLFS خستە روو، لەوانە ئامارە هەرێمیەکانی بێکاری و شیکردنەوەی گرووپە لاوەکیەکان. تیمی راند لێرەدا شیکردنەوەیەکی ئەنجامدا، بەڵام ستافی KRSO شیکردنەوەیەکی هاوتەریبیان ئەنجامدا. پرۆسەی شیکردنەوەی هاوبەش خزمەتی بنیاتنانی تواناسازی کرد لەرێگەی "فێربوون بە ئەنجامدان" کە یارمەتیدەری KRSO دەبێت بۆ شیکردنەوەی سوڕەکانی ئایندەی KRLFS و راپۆرتکردنی ئەنجامەکان لەچوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەمووان لە هەرێمی کوردستانی عێراق. دەکرێت داتاکەی KRLFS بۆ شیکردنەوەی وردتر بەکار بهێنرێت لەوەی لێرەدا پێشکەشکراوە، لەوانە رچەگرتنی خاسیەتەکانی هێزی کار بە تێپەڕینی کات کاتێک سوڕەکانی ئایندە کۆدەکرێنەوە؛ شیکردنەوەیەکی وردتری گرووپە لاوەکیەکانی دانیشتووان، کەرت و پیشەسازی و شیکردنەوەی دەستکەوتەکان. هەموو ئەمانە سیاسەتی بڕیاردانی بەئاگا بەرەوپێش دەبات.

دەکرێت ئەنجامە سەرەکیەکانی یەکەم رووپێو وەک لای خوارەوە کورت بکرێتەوە:

- بەشداریکردنی هێزی کار لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی رێژەیی نزمە ــــتەنها لەسەدا 38 ی گەورەساڵانی تەمەن 15 و بەتەمەنتر پێک دێنێت. هۆکاری ئەمە بەشێوەیەکی سەرەکی بەشداریکردنی زۆر نزمی رەگەزی مێیە (لەسەدا 12).
- رێژەی بێکاری بریتیە لە لەسەدا 7.4. لەبەرئەوەی ئەم رێژەیە نزم نیە، دڵخوازانە بەرارد دەکرێت بە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست.
- بەڵام رێژەی بێکاری لەنێو گەنجانی تەمەن 15–24 ساڵدا زۆر بەرزترە (لەسەدا 17.6) لەوەی گەورەساڵانی تەمەن 25 و بەرەو ژوور.
- کەرتی گشتی زاڵە بەسەر ئابوری هەرێمی کوردستانی عێراقدا و نزیکەی لەسەدا 50 ی هەموو دامەزراندنەکان پێک دێنێت و بە نزیکەیی هەموو کارەکانی کەرتی فەرمی تایبەت دەگرێتەوە (لەسەدا 91). بەم شێوەیە کەرتی فەرمی تایبەت بەشێوەیەکی بەرچاو بە دواکەوتوویی دەمێنێتەوە.

---

[11] بڕوانە پاشکۆی D بۆ قاڵبەکان.

- دامەزراندنی کەرتی پیشەسازی پشکێکی کەمی دامەزراندنی بەردەکەوێت (لەسەدا 19)، کە لەبری ئەمە کەرتی خزمەتگوزاریەکان زاڵترە (لەوانە دامەزراندنی حکومی)، کە نزیکەی لەسەدا 75 ی هەموو دامەزراندنەکان پێک دێنێت.
- پێگەی ژنان لەبازاڕی کاردا زۆر جیاوازە لەوەی پیاوان. ئەوان لە بازاڕی کاردا بە ڕێژەیەکی زۆر نزمتر بەشداری دەکەن و ڕێژەیەکی بەرزتر بێکارییان هەیە؛ کاتێک ژنان کاردەکەن، ئەوان بەزۆریی لەکەرتی گشتیدا کاردەکەن وەک لە پیاوان. ڕەنگە هەلەکان لە بازاڕی کاردا، بەتایبەتی دامەزراندنی کەرتی تایبەت بۆ ژنان سنوردار بێت، هەرچەندە پەسەندیەکانی خۆیان یان خێزانەکانیان لەم سیاقەدا ڕۆڵی هەبێت.

# ڕاسپاردەکان بۆ ڕووپێوی دامەزراوەکان

## ئامانج

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان پلان دادەنێت بۆ ئەنجامدانی ڕووپێویەک بۆ دامەزراوە بچووک و گەورەکان، بە هاریکاری لەگەڵ دەستەی ئاماری ناوەندی لە بەغداد، لە سەر بنەمای ڕاپرسیەکانی دەستەی ئاماری ناوەندی کە بۆ ئەم مەبەستە پەرەیپێداوە.[1] لە پرۆژەکانی پێشووتری ڕاند بۆ پشتیوانیکردنی کۆکردنەوەی داتا بۆ دیاریکردنی سیاسەت لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ئێمە جەختمان کردە سەر گرنگی هەبوونی پێوانەی باوەڕپێکراوی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی وەک نیشاندەرێک بۆ چاودێریکردنی ئەدای ئابوری هەرێمی کوردستانی عێراق. ئینجا ئێمە پێشنیازی دەستکاریکردنی ڕووپێویەکە دەکەین بۆ ئەوەی سەرەڕای کۆکردنەوەی زانیاری بەهادار دەربارەی پرۆژەکان، دەتوانێت بەشدار بێت لە هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق.

## بەراوردی سەرانسەری وڵات بۆ ڕووپێوی پرۆژە بۆ هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی

بە هەندێک دەستکارییەوە، دەکرێت پرسیارنامەی ئێستای ڕووپێوی دامەزراوەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان/ دەزگای ناوەندی ئامار بەکاربهێنرێت بۆ هەژمارکردنی کۆبەرهەمی ناوخۆیی بە بەکارهێنانی ڕێبازی بەرهەمهێنان. ئەم ڕێگەیە پێشبینی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی دەردەخات لە ڕێگەی یەکخستنی ئەو بەهایانەی کۆمپانیاکان زیادی دەکەن بۆ ئابوری؛ ئەو بەهایەی زیادکرا بریتیە لە بەهای کۆی ئاوتپوتی تێچووەکانی ماددەکان و خزمەتگوزاریەکان کە لە بەرهەمهێناندا بەکارهاتوون (واتە، کۆی تێچووەکانی کەرەستە ناوەندەکان). ڕێگەی بەرهەم باوترین ڕێگەیە کە بەکاردێت بۆ هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمی و ئەوەی کە زۆربەی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بەکاری دێنن. یەکێک لە سوودە سەرەکیەکانی بۆ هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمی بریتیە لەوەی کە پێویستی بۆ داتا بنبڕ دەکات بۆ گوزەری نێو هەرێمی، کە زۆر زەحمەتە دەست بخرێن.

دوو ڕێگە سەرەکیەکەی تر بۆ هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بریتین لە ڕێگەی داهات، کە پێشبینی داهاتی تاکەکان دەکات لە هەرێم دەژین، و ڕێگەی خەرجی، کە پێشبینی بڕی گشت خەرجیەکانی خێزان، کۆمپانیا و حکومەت دەکات کە دەیکەن لە هەرێم. لە بنەڕەتدا، هەر سێ ڕێگەکە هەمان پێشبینی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمی لەخۆ دەگرن. هەرچۆنێک بێت، ڕێگەی خەرجی پێویستی بە داتایە لە سەر تەوژمی نێو-هەرێمی، لە کاتێکدا ڕێگەی داهات پێویستی بە زانیاری وورده لە سەر داهاتەکانی خێزان و کۆمپانیا، کە هەروەها زەحمەتن کۆ بکرێنەوە. لە بەر ئەم هۆکارانە، ڕێگەی بەرهەم شیاوترین ڕێگەیە بۆ هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

لە کاتێکدا ئێمە ڕووپێویەکانی دامەزراوەی چەندین وڵاتمان تاقیکردەوە، بەراورده تێروتەسەڵەکەمان لێرە لە دوو حاڵەتی نوێنەرایەتیکردن کۆکردەوە: بەحرەین، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، و نیوزیلەند، کە لە پێشەوەی

[1] ئێمە چەمکەکانی *پرۆژە* (enterprise)، *کۆمپانیا* (firm)، و *دامەزراوە* (establishment) وەک یەک بە هەمان مانا بەکاردێنین. لە ڕاستیدا، پرۆژە یان کۆمپانیا دەکرێت چەندین دامەزراوەی هەبێت. ئەو زانیاریەی ئێمە کۆی دەکەینەوە لە بنکەکانی پرۆژەکان یان کۆمپانیاکان دەکرێت جیاواز بێت لەوەی کە ئێمە کۆی دەکەینەوە لە یەکێک لە دامەزراوە لاوەکیەکانی.

وڵاتانی جیهانە لە هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمی بە بەکارهێنانی ڕووپێوی دامەزراوە.[2] بەراوردی ڕاپرسی ڕووپێوی دامەزراوەی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان/دەستەی ئاماری ناوەندی بۆ ئەوانەی لەم دوو وڵاتە، لە خشتەی 1.6 نیشاندراوە، تیشک دەخاتە سەر هەندێک لە سنووردارییەکانی ڕووپێوییەکە بە مەبەستی هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی. ڕووپێوییەکەی ئێستا هاوشێوەیە لەگەڵ بەحرەین بەکاری دێنێت، کە دانراوە بەرەو پێشبینیکردنی بەرهەم هێنانی پیشەسازی، بەڵام جیاوازە لەوەی نیوزیلەندە بەکاری دێنێت.

بۆ هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی، ڕووپێوی دامەزراوەی ئێستای دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان/دەزگای ناوەندی ئامار لەوانەیە لە پێویست ئاڵۆزتر بێت. داوای بڕی بەرچاوی زانیاری دەکات کە پێویست نیە بۆ ئەم مەبەستە، وەک وەسفی تەواوی بڕ و بەهای بەرهەم، فرۆشتن و ژمارەی کاڵاکان، و ژمارەی کارمەندان. بۆیە ئەرکێکی ڕاپۆرتکردنی ناپێویست دەخاتە سەر کارەکە، لە بری تەنها پرسیارکردن دەربارەی بەها سەرەکییەکانی گرنگی پێدان: کۆی داهات، خەرجیەکان، و گۆڕانکاری لە سەرمایە (کە پەیوەستە بە وەبەرهێنان). ئەم جۆرە ئەرکە لەوانەیە ببێتە هۆی دابەزاندنی ڕێژەی وەڵام بۆ ڕووپێوییەکە. لە لایەکی ترەوە، جەختکردنی ڕووپێوییەکە بە تەنها لە سەر پێوەرە بنەڕەتیە پێویستەکان بۆ پێشبینیکردنی کۆی بەرهەمی هەرێمی مانای بریتی نابێت لە کۆکردنەوەی زانیاری تری گرنگ لە کۆمپانیا ڕووپێوکراوەکان، بە تایبەتی دەربارەی کار و زنجیرەیەک ئاستەنگ کە ڕووبەڕووی کۆمپانیاکان دەبێتەوە. ئەگەر لەگەڵ زانیاری تری بازاڕی کار یەک بخرێت، ئەم داتایە دەتوانێت زانیاری سوودبەخشی خاوەن کار- کارمەند دابین بکات. بە ڕوونی، هەردوو پێویستیەکە پێویستە هاوسەنگ بکرێن. بە مەسەتی ئەژمێری نیشتیمانی و هەرێمی و بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە تەندروستی دارایی کۆمپانیاکان، سوودبەخشتر دەبوو کە پرسیار بکات سەبارەت بە بابەتە داراییەکانی تر، وەک دابەشکردنی قازانج، هاوسەنگی کاش، و دۆخی قەرز.

## ڕاسپاردەکان

بە مەبەستی پێشبینیکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بە شێوەیەکی گونجاو، کە ئەولەویەتی سەرەکی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئێمە پێشنیازی دەستکاریکردنی ڕاپرسی ڕووپێوی دامەزراوەی ئێستا دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

1. **چاککردنی ناوەڕۆک** پێویستە ڕاپرسیەکە جەخت بکاتە سەر سێ جۆری وەسفکردنی دۆخی ئابوری و چالاکی دامەزراوە—داهات، خەرجیەکان، و موڵک—هاوشێوەی ڕووپێوی ڕێکخراوی بازرگانی نیو زیلاندە. بۆ مەبەستی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی، ڕووپێویەکە دەتوانێت داواکردنی وەسفی تەواوی بڕ و بەهاکانی بەرهەمهێنان، فرۆشەکان و جەرد و داتای کارمەندان لابدات. سەرچاوە ڕێپێدەرەکان، داتای زیاتر دەربارەی کەل و پەلەکان، بەپرسیاریەتیەکان، و ئینساف پێویستە کۆ بکرێتەوە.
2. **ڕووپێوی تایبەت بە کەرت.** لە بەرئەوەی چالاکی کار هەمەجۆرە لە نێو کەرتە جۆراوجۆرەکان ( بۆ نموونە، کشتوکاڵی، پیشەسازی دروستکردن، و خزمەتگوزاریەکان)، پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ڕووپێوییەکە بکات بە پێنج کەرتی سەرەکی، دەست پێکردن بە ڕاپرسیەکی کاکڵەیی، کە ئینجا بکرێت بگونجێنرێت بۆ هەر یەک لە کەرتەکان. پێویستە بیرکردنەوەی تایبەت دابنرێت بەرەو پەرەپێدانی ڕووپێویەکی تایبەت بۆ کەرتی خزمەتگوزاری، کە تەواو جیاوازە لە پیشەسازی دروستکردن.
3. دیزاینی سامپڵ وەرگرتن. سامپڵ وەرگرتن دەبێت بە ووردی دابڕێژرێت، بەلەخۆگرتنی دابەشکردنی بە سەر کەرتە سەرەکیەکان (خزمەتگوزاریەکان، کشتوکاڵی، بازرگانی و گواستنەوە، دەرهێنانی کانزا و پیشەسازیەکانی گۆڕین، و بنیاتنان). ئێمە پێشنیاری ڕووپێوکردنی گشت کۆمپانیا گەورەکان دەکەین (بە شێوەیەکی ڕێژەیی ژمارەیەکی کەم هەن) لە گەڵ وەرگرتنی سامپڵێکی هەڕەمەکی پرۆژەیەکی بچووک و مام ناوەند، بەو شێوەیەی ئێستا پلانی بۆ دانراوە بۆ ڕووپێوی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان/دەستەی ئاماری ناوەندی.

---

[2] سەرچاوەی داتا بریتی بوون لە ڕێکخراوی زانیاری ناوەندی شانشینی بەحرەین، وێبسایتی "ڕووپێوی بەرهەمی پیشەسازی بەحرەین بۆ دامەزراوە پیشەسازیەکان،" 2007، و ئاماری نیوزیلەندە، وێبسایتی "ڕووپێوی ڕێکخراوی بازرگانی ساڵانەی نیوزیلەندە 2010/2011"، 2011.

**خشتەی 1.6**

**بەراوردی ڕووپێوی دامەزراوەی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان/دەستەی ئاماری ناوەندی، بەحرەین، و نیوزیلەندە**

| ولات | عێراق/ هەرێمی کوردستانی عێراق | بەحرەین | نیو زیلەندە |
|---|---|---|---|
| ناوی ڕووپێوی | فۆرمی دامەزراوەی پیشەسازی بچووک<br>فۆرمی ئابوری و دارایی/ گشت کەرتەکان (دامەزراوەی مام ناوەند و گەورە) | ڕووپێوی بەرهەمی پیشەسازی بۆ دامەزراوەکانی دروستکردن 2007 | ڕووپێوی پرۆژەی ساڵانە 2010/2011 |
| مەبەست | هەمەچەشن | بە شێوەیەکی سەرەکی، ئیندێکسی دروستکردن | ئەژمێرە نیشتیمانیەکان |
| جۆرەکانی دامەزراوە | گشت قەبارەکان، ئاڕاستەکراو بەرەو دروستکردن | گشت قەبارەکان، ئاڕاستەکراو بەرەو دروستکردن | ڕووپێوی جیا بۆ هەر جۆرێک لە چالاکیەکان (بۆ نموونە، خزمەتگوزاریەکان، نا-قازانج، تاک فرۆشی، دروستکردن) |
| ئاستی زانیاریەکان | بەرز سەبارەت بە بەرهەمهێنان: داوای دیاریکردنی هەر بەرهەمێک و ئینپوتی بەکارهێنراو دەکات، و ئەگەر بەرهەمەکە تەواو بوو بێت یان نا | بەرو بە شێوەیەکی ڕێژەیی: داوای دیاریکردنی هەر بەرهەمێک و ئینپوتی بەکارهێنراو دەکات | ناوەند: گرنگیدان بە هاوڕێککردنی داهات/خەرجی. داوای دابەشکردن دەکات لە ڕێگەی جۆر پێشووتر پێناسەکراو |
| ژمارەی ئەو کارمەندانەی پرسیاریان لێکراوە؟ | بەڵێ، لە گەڵ وەستان | بەڵێ، لە گەڵ وەستان | نەخێر |
| بەشە سەرەکی و خشتەکان | 1. کەرەستە چاککراوەکان<br>1. ئەو پرۆژانەی لە قۆناغی جێبەجێکردندان<br>1. گۆڕانکاری جەرد<br>1. بڕ و بەهای بەرهەمەکان، فرۆش، جەردی کەل وپەلەکان<br>1. بەرهەم تەواونەکراوەکان، بەرهەمە لاوەکیەکان<br>1. بڕ و بەهای پێویستیەکانی تر (جۆرە هەمەچەشنەکان)<br>1. پێویستیەکانی خزمەتگوزاری<br>1. کەل وپەلە بەرهەمهاتووەکان<br>1. ماددەی خاوی دابینکراو لە لایەن لایەنی ترەوە<br>1. داهاتی چالاکیەکانی خزمەتگوزاری<br>1. داهاتی گوێزراوە و داهاتەکانی تر<br>1. خەرجی و داهاتی چالاکیە بازرگانیەکان<br>1. خەرجیە گوێزراوەکان<br>1. سوود و کرێی زەوی<br>1. باج و لاوەکی و ناڕاستەوخۆ<br>1. ژمارەی کارمەندان و مووچەکانیان لە ماوەی ساڵێک<br>1. سوودی دراو بە کارمەندان لە ماوەی ساڵ | 1. بەها و بڕی بەرهەم<br>1. خزمەتگوزاری تری دابینکراو بۆ کەسانی تر<br>1. نرخی یەکە—بڕی بەرهەم—بەهای بەرهەم یان ئایتمی سەرەکی<br>1. مادده خاوەکان<br>1. بەکارهێنانی کەرەستە و خزمەتگوزاریەکان<br>1. باج و کرێ و کۆمپانیا لاوەکیەکان<br>1. ژمارەی کارمەندان<br>1. قەرەبو کردنەوەی کارمەندان<br>1. کەرەستە چاککراوەکان و دابەزینی نرخ<br>1. جەرد | 1. داهات<br>1. خەرجی<br>1. کردنەوە و داخستنی پشکەکان (= سەرمایە)<br>1. زیادە یان کورتهێنانی هەژمار<br>1. پشکەکان<br>1. کەرەستە چاککراوەکان<br>1. کەرەستە نابەرجەستەکان<br>1. کاری سەرمایەی ئەنجامدراو لە لایەن کارمەندانی خۆیەوە<br>1. کەرەستەکان (ڕوونکردنەوەی دارایی (البیان المالی)<br>1. مافی خاوەنداریەتی و داواکاریەکان (ڕوونکردنەوەی دارایی) |
| ڕوونکردنەوە داراییەکان: کاش، قەرز، قازانجەکان | نەخێر | نەخێر | بەڵێ |
| چەمکە بێ وێنەکان (بەراوردکراو بەوانی تر) | | | کەرەستە بەرجەستەکان<br>کاری سەرمایەی ئەنجامدراو لە لایەن کارمەندانی خۆیەوە<br>هەروەها: مافی دانەر، مۆڵەتەکانی داهێنان |

4. **داتای بەڕێوەبردنی تەواوکەر** بەو شێوەیەی باوە لە باشترینی کارە جیهانیەکان، هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەکرێت باشتر بکرێت ئەگەر دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ڕووپێوی کۆکردنەوەی داتا تەواو بکات لەگەڵ داتای بەڕێوەبردن (بۆ نموونە، بەکارهێنانی داتای بودجەی حکومەت بۆ چالاکیەکانی حکومەت). لە ڕاستیدا، پێویستیەک هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەمە.
5. **مامەڵەی تایبەتی پرۆژە نێو هەرێمیەکان.** پێویستیەکانی بەهەند وەرگرتن بدرێت بەو پرۆژانەی کە لە سەرانسەری ناوچەکانی عێراق و لە دەرەوەی سنوورە جیهانیەکان کاردەکەن. بۆ هەندێک لەم حاڵەتانە، بە تایبەتی کە ڕووپێوکردن زەحمەتە، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان پێویستی بە تەبەنی کردنی ڕێگەیەکی "سەر بەرەو ژوور" دەبێت، کە دەستپێکردن لە گەڵ داتای فراوانی عێراق و تەرخانکردنی بەشی شیاوی چالاکی پرۆژە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە.

## پوختە

لە کاتێکدا ڕاپرسی ڕووپێوی دامەزراوەی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان / دەزگای ناوەندی ئامار زانیاری سوودبەخشتر کۆدەکاتەوە، ئێمە پێشنیاری ئاسانکردنی ڕووپێویەکە و دەستکاری کردنی دەکەین بۆ ئەوەی زیاتر سوودبەخش بێت بۆ هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمی کوردستانی عێراق. هەروەها ئێمە پێشنیاری دروستکردنی ڕاپرسیەکی کاکڵەیی دەکەین، کە ئینجا بتوانێت بگونجێنرێت بۆ کەرتە سەرەکیەکانی ئابوری.

## دەرەنجامەکان و هەنگاوەکانی داهاتوو

ئەم راپۆرتە چالاکیەکانی راندی دۆکیومێنت کردووە بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی کۆکردنەوەی داتا و راپۆرتکردن لە هەرێمی کوردستانی عێراق. ئامانجی ئەم کارە یارمەتیدانی KRSO بوو بۆ پەرەپێدانی توانا بۆ بەرهەمهێنانی داتای بەهادار بۆ دروستکردنی بڕیار. ئێمە لەنزیکەوە کارمان کردووە لەگەڵ KRSO و بەراوێژ لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ ئامادەکردن، ئەنجامدان و شیکردنەوەی رووپێو کە گرنگە بۆ دروستکردنی بڕیار لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و KRLFS هەر لە دەستپێک هەتا تەواوکردن. ئەم راپرسیە یارمەتیدەرە بۆ چاودێریکردنی بەردەوامی ئاراستەکانی بەشداریکردنی هێزی کار، بێکاری و نیشاندەرەکانی تر بۆ هەرێمەکە.

کاری ئێمە لەگەڵ KRSO تەرکیز دەکاتە سەر تەواوکردنی ئەزموونی بەهێزی ئامادەبوونی لە جێبەجێکردنی مەیدانی رووپێوی، کە لەم ساڵانەی دواییدا بەسەر چەندین رووپێوی مەودا فراواندا پەرەی سەند،بەجۆرێک کە تواناکانی لەبوارەکانی سامپڵکاری، پەرەپێدانی راپرسی، شیکردنەوەی داتادا و راپۆرتکاریدا بەرەوپێشچوونی بەخۆوە دی. بەو سیفەتەی کە ستافی KRSO لە تەواوی "سوڕی ژیانی" رووپێوەکەدا بەشداربووە، هەر لە چەمکەوە بۆ کۆکردنەوەی داتا هەتا سیاسەتی شیکردنەوە و بەرپرسیش بووە لە جێبەجێکردنی کۆتا و شیکردنەوەی رووپێوەکە، توانیان لەرێگەی پراکتیزەوە فێربن.

راپۆرتەکە داڕشتنی ئاراستەی سامپڵکاری KRLFS ی گرتەوە؛ (2) پەرەپێدانی راپرسی رووپێوەکە؛ (3) کۆکردنەوەی داتا، خاوێنکردنەوە و ساغکردنەوە؛ (4) شیکردنەوەی داتای KRLFS بۆ هەڵسەنگاندنی نیشاندەرە سەرەکیەکانی هێزی کار؛ و (5) پەرەپێدانی پێشنیارەکان بۆ دامەزراندنی راپرسی هەرێمی کوردستانی عێراق. هەروەک لە راپۆرتەکەدا هاتووە، چالاکیەکانی (1) تا (4) بە هاوکاری نزیک لەگەڵ KRSO. ئەم کارلێکە لەرێگەی زنجیرەیەکی پێکهاتوو لە پێنج وێرکشۆپی چڕوپڕ لەبارەگاکانی KRSO ئەنجامدرا و لەرێگەی پەیوەندی بەردەوام بەدرێژایی ژیانی پڕۆژەکە هاتەدی.

KRSO لە تەموزی 2012 دا بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە هەڵسا بە ئەنجامدانی سوڕی یەکەمی KRLFS و سوڕی دووەم لە کانونی یەکەمی 2012 دا. شیکردنەوەی داتای سوڕی یەکەم تیشکی خستە سەر ژمارەیەک خاسیەتی گرنگی هێزی کار و ئابوری هەرێمی کوردستانی عێراق، لەوانە نزمی رێژەی بەشداریکردن لە هێزی کاردا، بەتایبەتی ژنان؛ کە تێکڕای رێژەی دامەزراندن بریتیە لە (لەسەدا 7.4) کە بەرێژەیی نزمە بە بەراورد بە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست؛ هەبوونی بێکاری لەنێو چینی گەنجان و ژناندا بەرێژەیەکی بەرز؛ زاڵبوونی بەرچاوی کەرتی گشتی وەک سەرچاوەیەکی دامەزراندن و رۆڵی بچووکی کەرتی فەرمی تایبەت؛ و رۆڵی زاڵبووی دامەزراندنی کەرتی خزمەتگوزاری کە سێ لەسەر چواری هەموو کارەکان دەگرێتەوە.

کارلێکی ئێمە لەگەڵ ستافی KRSO بەدرێژایی سوڕی یەکەم و دووەمی رووپێوەکان ئاراستەی کردین بەرەو ئەو دەرەنجامەی کە تواناسازیەکی بەرچاو بنیاتنراوە. ئەمەش لە ئاڵۆزی ئەو مەسەلانەدا دەردەکەوێت کە لەلایەن ستافە ئەندامەکانەوە لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵماندا باس دەکران لەکاتێکدا کە پڕۆژەکە بەردەوام دەبوو و بەو ئەرکانەدا دەردەکەوێت کە هەر خۆیان بە سەرکەوتوویی ئەنجامیان دەدا. رەنگە سوڕە یەک لەدوای یەکەکانی رووپێوەکانی KRLFS کە ستافی KRSO بەشیوەیەکی سەربەخۆ ئەنجامیان دەدا بەڵگەی حاشاهەڵنەگر بن بۆ ئەو جۆرە تواناسازیە. KRSO هەڵسا بە دەستکاریکردنی راپرسیەکە، ئەنجامدانی سامپڵکاری پێویست (لەوانە هەڵبژاردنی RG نوێکان)، خاوێنکردنەوەی داتا و هەڵسا بە ئەنجامدانی شیکردنەوە بە درێژایی هەمان هێڵی رووپێوی یەکەم. هەروەک پێشبینی دەکرا، هێشتا هەندێک ناوچە هەبوون کە گەشەیان لەوانی تر

کەمتر بوو. ئەو بوارە سەرەکیانەی کە دەکرێت زیاتر تواناسازی تێدا ئەنجام بدرێت بریتین لە شیکردنەوەی داتا و بڵاوکردنەوە. لەکاتی ئێستادا، ستافی KRSO توانای ئەوەیان هەیە مەودایەکی بەرفراوان لە ئامارەکانی کار دروست بکەن و ڕاپۆرتیان بکەن، لەوانە ئەوانەی پێشتر گفتوگۆیان لەبارەوە کرا. ئێمە حەز دەکەین KRSO کارامەیی زیاتر لە بابەتە سەرەکیەکانی شیکردنەوەدا بەدەست بێنێت، وەک زانینی دەستکەوت و بەشداریەکان و کێشانی نەخشەی گۆڕانکاریەکانی نیشاندەرە جیاجیاکان بەشێوەیەکی قووڵتر .

پتر لەمەش، سوڕەکانی KRLFS زانیاری نوێکراوە دەبەخشن لەسەر گرنگی گۆڕانی نیشاندەرەکانی بازاڕی کار بە تێپەڕینی کات و بەدەمەوەچوونی سیاسەتەکان. لەهەمان کاتیشدا، جێبەجێکردنی بەردەوامی رووپێوەکە یارمەتیدەر دەبێت لە بەرەوپێشبردنی تواناکانی KRSO لە کۆکردنەوەی داتا، شیکردنەوە و راپۆرتکردن و بەکارهێنان وەک بنەمایەک بۆ کۆکردنەوەی داتای رووپێوەکانی تر بۆ دەستخستنی پێداویستیە تایبەتەکانی زانیاری.

لەکاتێکدا لە ئایندە دەڕوانین، پێشنیاری ئەوە دەکەین ئەم هەنگاوانە بگیرێنەبەر بۆ بنیاتنانی جێبەجێکردنێکی سەرکەوتووانەی KRLFS و بوارەکانی تری گەشەکردن کە تا ئێستا بەدەستهاتوون:

- جێبەجێکردنی سوڕی یەک لەدوای یەکی KRLFS، پابەندبوون بە مێتۆدی ڕێکوپێک و خشتەکراوی وەرزی و سیستماتیکەوە بەمەبەستی شیکردنەوەی خێرا و راپۆرتکردنی ئەنجامەکان بۆ بڕیاردەران و هەمووان.
- قووڵکردنەوەی توانا شیکاریەکانی KRSO لەرێگەی بەستنی وێرکشۆپی زیاتر و شێوازەکانی تر بە مەبەستی داپۆشینی ئەو بابەتابەی تر کە هەردوو لایەنی شیکردنەوە و راپۆرتکردن بەهێز دەکات، وەک شیکردنەوەی پەیوەندی هاوبەش و کشانەوە و تێهەڵکێشکردنی نەخشەکاری ئاسمانی (سیستمی زانیاری گرافیکی GIS) لەگەڵ داتای رووپێو (بە مەبەستی تێگەیشتنێکی زیاتر لە جیاوازیەکانی نێوان ناوچەکان لەبواری چالاکی ئابوری و پێداویستیەکاندا).
- بەگشتی، گرنگە نوێکردنەوە و تواناسازی سەخپێری بکرێت. وێرکشۆپەکان، کایەکانی راهێنان، بەرنامەکانی بڕوانامەی باڵا لە زانکۆ بیانیەکان لە هەندێک حاڵەتدا و بەردەوامبوون لەسەر فێربوون بە پراکتیزەکردن، ئەمانە هەموویان هۆکارێکن بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە. (هەر لەسەر ئەم ڕێچکەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دارایی سێ شیکاری باڵای کردووە لە KRSO بۆ خوێندن لە بەریتانیا و بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئاماردا.)
- ڕەچاوکردنی لێکۆڵینەوە لە چەندین بواری تری سیاسەت بە بەکارهێنانی سوڕی یەکەم و یەک لەدوای یەکەکانی داتا، لەوانە زانینی کرێ و داهاتەکانی کەرتە جیاوازەکانی بازاڕی کار و بۆ گرووپە جیاوازەکان (بۆ نمونە مووچەی کەرتی گشتی بەراورد بە کەرتی تایبەت) و فاکتەرە پەیوەندیدارەکان بە بەشداریکردنی پیاوان، ژنان و گەنجان لە هێزی کاردا و لە کەرتە جیاوازەکانی ئابوریدا. دەکرێت گفتوگۆ لەبارەی ئەم بابەتانەوە بکرێت بە بەکارهێنانی شیکردنەوەی ئاماریی شرۆڤەیی بنەڕەتیی بەڵام باشترین شێواز بەکارهێنانی ئاراستە کشاوە فرە گۆڕانەکانە کە ڕێگە بەدانانی کۆنترۆڵەکانی جیاوازیەکانی نێوان تاکەکان دەدات. بەشداریکردن لەم شیکردنەوەیەدا توانا شیکاریەکانی KRSO قووڵتر دەکاتەوە هەروەک پێشتر سەرنج درا.
- کارکردن لەگەڵ KRSO بۆئەوەی بتوانرێت بە مرونەتەوە و بەبەکارهێنانی شێوازی دروستی کۆکردنەوەی داتا و شیکردنەوە بوارە گرنگەکانی دیاری بکات و لیی بکۆڵێتەوە. ئامانج لێرەدا ئەوەیە کە KRSO ببێتە ڕێکخراوێکی ئامادە بۆ بەدەمەوەچونی پێداویستی گۆڕانکاری لە بواری شیکردنەوەی داتا بە سەربەخۆیانە و بەبێ پشت بەستن بە ڕێنمایی ڕێکخراوە فرەلایەنەکانی تر.
- هەروەک لەم راپۆرتەدا هاتووە، بوارێکی سەرەکی تر دیاریکراوە کە بریتیە لە پێویست بوون بە ئەژمارە جێ متمانەکانی GDP بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق بە بەکارهێنانی رووپێوەکانی دامەزراوە. KRSO پێشڕەوی هەوڵەکانی رووپێوکردن دەکات و هەروەها دەبێت پەرە بە تواناکان بدات بۆ هێنانەکایەی GDP و ئامارە سەرەکیەکانی تر لەم رووپێوانەوە.

ئەو داتای ئاسۆییەی لەبارەی هێزی کاری هەرێمی کوردستانی عێراق کۆکراوەتەوە گەنجینەیەک زانیاری دەربارەی ڕەوت و گۆڕانکاریەکانی بازاڕی کار دەستەبەر دەکات کە دەکرێت بە وردەکارییەکی زیاترەوە شیبکرێتەوە هەروەک ئێمە بۆ ئەم پوختەیە ئەنجامماندا. هەروەک پێشتر باسکرا، مەودای ئەم توێژینەوەیە

سنوردار بوو بە دیاریکردنی ڕەوتە بنەڕەتیەکان لە بازاڕی کاردا، نەک گەڕان بەنێو مەسەلە تایبەتەکان بە وردەکاری زیاترەوە یان ئەو فاکتەرانەی کە لە پشتی ڕەوتە چاودێرکراوەکانەوەن. شیکردنەوەی داتا بە لەبەرچاوگرتنی دیاریکردنی ئەو هێزانەی لەپشت ڕەوشی بازاڕی کارەوەن کە لە ڕاپۆرتی KRSO دا ڕەنگی داوەتەوە ناوچەیەکی توێژینەوەی بەرهەمدارە بۆ هەردوو KRSO و ڕاند.

# گەلاڵەی نموونەهەڵگری

## ئامانج

هەڵبژاردنی بۆچوونی نمووونەهەڵگری بە پێی ئەگەر بۆ مەزندە کردنی نرخی بێکاری، نرخی بەشداری هێزی کار و گۆڕاوە پەیوەندیدارە دانیشتووانی و ژێر دانیشتووانیە ڕەچاوکراوەکانی KRI بە وردبینی شیاو (یان ME).

## پۆلێنی لەبەرچاو گیراو و پۆڵێنبەندی

*پۆلێن* ژێر گرووپێک (گرووپی لاوەکی) لە یەکە هاوچەشنەکان (هاوشێوە) لە دانیشتووانی گەورەترە کە ئاماری سەرەکی (کلیلی) دەبێت بۆ ئەوانە بژمێردرێت. پۆلێن دەکرێت لە ڕوانگەی جوگرافیاییەوە (وەک پارێزگا یان قەزا) یان بە تایبەتمەندییەکانی تر وەک ڕەگەز (نێر و مێ) و تەمەن پێناسە بکرێت. قەبارەی گشتی نموونە بۆ لێکۆڵینەوە گرێدراوی ئەو پۆلێنە سەرەکییانەیە کە ئامارەکانیان خوازراون. بۆ ئەم باسە، پۆلێنە تایبەتە ڕەچاوکراوەکان، کە مەزندە کردنی باشی ئەوانە بە وردبیەکی شیاو بۆ ئێمە خوازراوە، بریتین لە:

- پارێزگا
- قەزا
- گرووپە تەمەنییەکان (15–30، 31–49، 50–60)
- ڕەگەز (نێر و مێ)
- شارنشین یان گوندنشین.

هەروەها ئەم ئامارە بۆ یەکتربڕینی چەندین پۆلێن دەسەنگێنین:

- ڕەگەز لەگەل شارنشین یان گوندنشین (بۆ وێنە ژنانی ناوچە لادێیەکان)
- گرووپە تەمەنییەکان لەگەڵ شارنشین یان گوندنشین (بۆ وێنە گرووپی ت مەنی 15–30 لە ناوچە شارنشینەکان)
- پارێزگا لەگەڵ شارنشین یان گوندنشین (بۆ وێنە دانیشتووانی گوندنشینی دهۆک).

*پۆلێنبەندی ئاشکرا (دیار)* لە نموونەهەڵگریدا، بۆ وێنە دانیشتووانەکە بە پێی قەزا یان گوندنشین و شارنشین، لە سەر چەندین پۆلێن دابەش دەکات. پاشان نموونە سەربەخۆکانی لە هەر پۆلێنێک بە شێوەی هەڵکەوتی هەڵدەبژێردرێن. ئەمە لە دژی نمونەهەڵگری هەڕەمەکی سادە (SRS) کە نموونەی سادەی هەڵکەوتی لە نێوان دانیشتووانی گشتیدا هەڵدەبژێرێت. پۆلێنبەندی، باشی و ڕادەی وردبینی مەزندەکردنی لێکۆڵینەوە زێدە دەکات. هەروەها پیشاندانی یەکە یەکەی ژێر دانیشتووان یان پۆلێنەکان گەرەنتی دەکات چونکە هەرکام لە ژمارەکان لە پێشدا دیاری دەکرێن و بە پێچەوانەی SRS هەڵبژاردنی هەڵکەوتی بوونی نییە.

ئێمە لە قەزادا نموونەهەڵگریمان بە پۆلێنبەندی ئاشکرا بە پێی دوایین ئامارگرتنی جێبەجێ کراو لە خێزانەکان ئەنجام دا. کەواتە. دانیشتووان بە پێی قەزا (KRI 33 قەزای هەیە) دابەش کران و نموونەیەکی سەربەخۆ و جیاواز لە هەر قەزایەک هەڵگیردرا.

بۆ دیکەی ژێرگرووپە ڕەچاو کراوەکان، وەک تەمەن، ڕەگەز و دانیشتووانی گوندنشین یان شارنشین، پۆلێنبەندی ئاشکرای نموونە ئەنجام نەدرا. ئەندازەکانی نموونەی ئەم پۆلێنانە بە پێی بڵاوبوونەوەیان لە دانیشتووان یان "بڵاوبوونەوەی پەراوێزی" ئەوان دیاری کرا. یەکێک لە هۆکارەکانی نەبوونی پۆلێنبەندی، جگە لە کێشە تەکنیکییەکان لە دەستە جۆربەجۆرەکاندا، ئەوەیە کە ئەم ژێر گرووپە بەربڵاوانە بە شێوەی ئاسایی لە پاش پۆلێنبەندی ئاشکرا بە پێی قەزا دەردەکەون.

دەبێت لە ڕادەی وردبینی تەواوی (ME شیاو) دەرەنجامە دەستەبەرکراوەکان بۆ یەکە یەکەی پۆلێنە ڕەچاوکراوەکان دڵنیا ببین. هەرچەند، تێچوونی دڵنیابوون لە ئاستی بەرزی وردی وەک یەک لە هەموو پۆلێنەکاندا ڕەنگە زۆر لە سەرەوە بێت، ئەندازەی نموونەی پێویست زۆر گەورە دەبێت. کەواتە ئێمە بۆ دیاریکردنی ڕادەی وردبینی شیاو بۆ پۆلێنە جیاوازەکان لە تەخمینی گونجاو کەڵکمان وەرگرت. لێکۆڵینەوە سیاسییەکان دەبێت ئەم بڕیاردانانە بەرێوە بەرن ـــ سیاسەتدانەران بۆ کام ژێر دانیشتووان پێویستیان بە وردترین زانیارییەکان هەیە؟

## گەڵاڵەکردن و دەستەبەندی لێکۆڵینەوەی چەن قۆناغی

لە پاش دیاریکردنی ڕێژەی ئەو خێزانانەی کە دەبێت بە شێوەی هەڵکەوتی (هەڕەمەکی) لە هەر پۆلێنێک (بۆ ئەم بابەتە، قەزا) هەڵبژێردرێن، خێزانەکان بە چ شێوەیەک هەڵدەبژێردرێن؟ ڕێبازی بەکارهێنراو لە لێکۆڵینەوەکانی لە سەر بنەمای خێزان لە KRI و شوێنەکانی تر، گەڵاڵەی دەستەبەندی چەند قۆناغییە. ئەم ڕێبازە بە هەڵبژاردنی هەڵکەوتی یەکە سەرەکییەکانی نموونەهەڵگری (PSU) لە پێڕستی هەموو PSU ەکان دەست پێدەکات. لە KRI، وەک زۆربەی شوێنەکانی تر، PSU ەکان، ناوچەکانی ژماردنی وەرگیراو لە سەرژمێری نیشتمانی دانیشتووانن. بە PSU ەکان *هێشووەکانی (دەستەکانی) لێکۆڵینەوە* ش دەوترێ. لە پاش هەڵبژاردنی PSU ەکان، هەر خێزانێکی پەیوەندیدار بە نموونە لە PSU هەڵدەبژێردرێت. ئەم خێزانانە یەکە لاوەکییەکانی نموونە هەڵگری(SSU) ن.

یەکێک لە هۆکانی گەڵاڵەکردنی دوو- قۆناغی، کەمکردنەوەی تێچوونی کاری مەیدانییە. تێچوونی وتووێژ لەگەڵ گرووپە خێزانییەکانی نزیک لە یەک (لە هێشوویەکدا (یەک دەستە) لە تێچوونی هەڵبژاردنی خێزانەکان لە دانیشتووانی گشتی بۆ وتووێژ زۆر کەمترە. هۆی دووهەم کە ئەویش پەیوەندی بە تێچوونەوە هەیە، ئەوەیە کە چونکە ڕەنگە داتاکانی سەرژمێری کۆن بن، بە شێوەی ئاسایی بە ڕۆژ کردنەوەی پێڕستی خێزانەکان بۆ لێکۆڵینەوە پێش لە نموونەهەڵگری پێویست دەبێت. بە گەڵاڵە و دەستەبەندی دوو-قۆناغی، تەنیا بەرۆژکردنەوەی پێڕستی پەیوەندیدار بە دەستە (هێشوو) هەڵبژێردراوەکان بۆ لێکۆڵینەوە پێویستە و بەرۆژکردنەوەی هەموو دەستەکان یان ناوچەکانی ژماردن پێویست نییە.

لە KRI، یەکەی لاوەکی نموونەهەڵگری، ناوچەی ژماردن یان *بلۆکە*. چوارچێوەی سەرژمێری لە 2011، پێڕستێک لەم بلۆکانە پێشکەش دەکات و ئەندامانی خێزانەکانی هەر بلۆکێک دەژمێرێت. لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەدا، پێڕستە پەیوەندیدارەکان بە PSU ە هەڵبژێردراوەکان بەرۆژ کرایەوە و خێزانەکانی ناویان بە SRS هەڵبژێردران.

## پۆلێنبەندی هاوڕێژەیی و ناهاوڕێژەیی

جیاوازی دانیشتوان لە 33 قەزای KRI گەورەیە. بۆ وێنە، ڕێژەی دانیشتوانی دوو قەزای گەورەی سەنتەری هەولێر لە هەولێر و سەنتەری سلێمانی لە سلێمانی، نزیکەی 100 ئەوەندەی دوو قەزای چکۆلەیە. لە ڕێبازی نموونەهەڵگری هاوڕێژەیی –بە-ئەندازە، ڕێژەیەک کە بۆ هەر قەزایەک لە بەر چاو دەگیردرێت، هاوشێوەی ڕێژەیەکە کە بۆ هەموو دانیشتووان ڕەچاو دەکرێت. بەم شێوە، نرخی نموونەهەڵگری هاوبەش (یان لە سەدی خێزانەکان) بۆ هەموو قەزاکان جێبەجێ دەکرێت. کەواتە، کێشی نموونەهەڵگری بۆ ئەژمێرکاری و لێکدانەوەی

ئامار بۆ ئاستە جیاوازەکان پێویست نییە. هەرچەند، بوونی جیاوازی زۆر لە ئەندازەی قەزاکان بەو واتایەیە کە بەشی خێزانی هەندێک لە قەزاکان بە گوێرەی نموونەی گشتی کەمتر و بەشی هەندێک لە قەزاکان زۆرتر دەبێت. سنووردار کردنی ئەندازەی گشتی نموونە بە 5,000 تا 7,000 خێزان بەو واتایەیە کە ئەندازەی نموونەی قەزا چکۆلەترەکان بۆ دەستەبەرکردنی ME لە مەزندە کردنی پەیوەندیدار بە ئاستی قەزاکانی نرخەکانی بەشداری هێزی کار و بێکار بەس نابێت.

کەواتە، ئێمە ڕێبازی کۆکردنەوەی ناهاوڕێژەییمان هەڵبژارد. بە پێی ئەوە، نموونەکان بە نرخی بەرزتر لە قەزا بچووکەکان لە رادە بەدەر (بە هەمان شێوە لە قەزا گەورەترەکان لە رادە کەمتر) لە نموونەدا دەردەکەون. قازانجی نموونەهەڵگری ناهاوڕێژەیی لە بەراورد لەگەڵ نموونەهەڵگری هاوڕێژەیی لەوەدایە کە بۆ وردبینی تایبەت یان لانیکەمی ئاستی قەزایی پەیوەندیدار بە قەزا گەرەنتی دەکات. خاڵی لاوازی نموونەهەڵگری ناهاوڕێژەیی، پێویستبوونی بەرهەمهێنانی تەخمینی نیشتمانی یان ئاستی بەرزە (بۆ نموونە پارێزگایی) بۆ پیشاندانی دروستی بەشی دانیشتووانی هەموو قەزایەکە. کاریگەری وەزندانان (کێشدانان)، زێدەبوونی هەڵەی ستاندارد و کەمبوونەوەی رادەی وردبینی تەخمینی نیشتمانیی یان تەخمینی ئاستی لە سەرەوە لە دەرەنجامی کاریگەری گەڵاڵە (DEFF) یە (دواتر شرۆڤە دەکرێت). هەرچی کە رادەی لادان لە تەرخانکردنی هاوڕێژەیی زیاتر بێت، رادەی وردبینیی تەخمینی نیشتمانیی یان تەخمینی ئاستی بەرز کەم دەبێتەوە و یەکێک لە کێشەکانی گەڵاڵەی ناهاوڕێژەیی ئەوەیە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردی شێوەی دابەشکردنی نموونەی گشتی لە ئاستی قەزاکان یان تەرخانکردنی نموونە، بە پێی ئەژمێرکاریی ئەزموونی سەخت، هەیە.

فۆرمێکی باو و سادە لە نموونەهەڵگری ناهاوڕێژەیی لە ئاستی پۆلێنەکان، بەکارهێنراو لە IHSES ی ساڵەکانی 2007 و 2012، *تەرخانکردنی یەکسان* ە کە لەوێدا ڕێژەیەکی یەکسان لە خێزانەکان لە هەموو قەزایەکدا دەگیردرێت (لە HESS دا نزیکەی 200). ئەم ڕێبازە بریتی لە هەڵبژاردنی ئەندازەیەکی تاک بۆ هەموو قەزاکان بۆ دڵنیابوون لە ئاستی وردی یەکسان و شیاو لە مەزندە کردنی پەیوەندیدار بە ئاستی قەزاییە. بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم ڕێبازە، ئێمە ئەندازەی لانیکەمی نموونەمان بە گەڵالەی نموونەهەڵگری ناهاوڕێژەیی بە تەرخانکردنی یەکسان بۆ هەر قەزا ئەژمێر کرد. بە ڕەچاوکردنی ئەندازەی پێویست بۆ هەر قەزایەک، بە لێدانی ئەم ژمارە لە ڕێژەی قەزاکان (33)، ئەندازەی گشتی نموونە دەگیردرێت. مەزندەی ئێمە وەها بوو کە ئەندازەی گشتی نموونە 6,600 خێزانی (واتە 200 خێزان × 33 قەزا) ئاستی وردبینی یان پەراوێزی هەڵەی 5 لە سەد بۆ هەر قەزایەک گەرەنتی دەکات.

هەرچەند بە ڕەچاوکردنی جیاوازییەکان (نابەرابەرییەکان) لە دانیشتووانی قەزا ئاماژە پێکراوەکان، بەم ڕێبازە نرخی نموونەهەڵگری بچووکترین قەزا بە تەواوی 100 ئەوەندەی گەورەترین قەزاکان دەبێت. بە هۆی نرخی زۆر لە سەرەوەی نموونەهەڵگری لە رادە بە دەر و کەمتر لە رادە و دروست بوونی ڤەریانسی لە سەرەوە لە وەزنی نموونەهەڵگری پەیوەندیدار بەوانە، ئەژمێرکارییەکان، کەمبوونەوەی توندی وردی لە مەزندە نیشتمانییەکانی پیشان دا. وێرای ئەوە، هەرچەند کە گەورەیی قەزا بچووکترەکان بۆ گەیشتن بە ME گونجاو شیاوە، هیوادارین کە بۆ قەزاکانی گەورەتر کارامەیی باشترمان (نموونە زۆرتر گەورەکان و زۆرتر وردبینانە، بە تایبەت بۆ ژێرگرووپەکان) هەبێت، چونکە ئەم شوێنانە بە بۆنەی گەورەیی قەبارە گرنگایەتی ئابووری زۆرتریان هەیە. کەواتە، ئێمە ئەم مەزاندە 6,600 خێزانییەمان وەکوو خاڵی دەستپێکی مەزندە کۆتاییەکان لە بەر چاو گرت و ئەو تەعدیلانەی (چاککردن) کە دواتر شرۆڤەیان دەکەین، جێبەجێمان کردن.

بۆ خۆپاراستن لە کێشە پەیوەندیدارەکان بە سنوورەکانی (سەرترین و خوارترین ئاست) نموونەهەڵگری ناهاوڕێژەیی لە لایەک و تەرخانکردنی یەکسان لە لایەکی ترەوە، زۆرێک لە گەڵەڵەکانی لێکۆڵینەوە رادەیەکی ناوەنجی لە نێوان ئەم دوو گەڵاڵە هەڵدەبژێرن. کەڵک وەرگرتن لە ڕێبازی هاوڕێژەی گشتی و زێدەکردنی ئەندازەی نموونە بۆ پۆلێنە زۆرتر بچووکەکان بۆ گەیشتن بە ئاستێکی نزیک بە لانیکەمی رادەیەکی مام ناوەندییە. دیاریکردنی ئەندازەی لانیزۆری نموونە بۆ قەزاکان و کەمکردنەوەی ئەندازەی نموونە بۆ قەزا زۆرتر گەورەکانیش دەکرێت بە رادەی مامناوەندی دابنرێت.

کیش (Kish)، 1988، جۆرێکی نەرمتر (توانای گۆڕانی هەیە) لەم بیرۆکە بۆ پۆلێنەکانی خاوەن ڤاریانسی لە سەرەوە دەناسێنێت. تەرخانکردن بۆ قەزای $h$ هاوڕێژە دەبێت بە

$$n\sqrt{W_h^2 + \frac{1}{H^2}},$$

کە $n$ ئەندازەی گشتی نموونە، $W_h$ ڕێژەی گشتی دانیشتووان لە قەزا $h$ و $H$ ڕێژەی گشتی قەزاکانە (33 لە KRI). ئەم فۆرمووله رادەیەکی زیاتر بۆ قەزا پڕ دانیشتووانەکان تەرخان دەکات و لە هەمان کاتدا ئەم کاریگەرییە بە زێدەکردنی ڕێژەی قەزاکان هاوکێش دەکات. هەروەها کە دواتر دەیبینن، ئێمە ئەم ڕێبازەمان بەکارهێنا و نموونەی تەواومان$n$ لە سەر 7,000 خێزان ڕێکخست. ئێمە بە هاوکێش کردنێکی تر، ئەندازەی لانیزۆری نموونەی 400 مان بۆ گەورەترین قەزاکان لە بەر چاو گرت بۆ ئەوەی نموونەکە بە شێوەیەکی یەکسان تر تەرخان بکەین. بەم شێوە ڕێژەی خێزانەکان تەنیا بۆ دوو قەزای گەورەتر کەم دەبێتەوە و خێزانە "سڕدراوەکان" لەم قەزایانەدا بە شێوەی یەکسان بە سەر دیکەی قەزاکاندا دابەش دەکرێن. بە پێی ئەم تەرخانکردنە، بچووکترین قەزا 160 خێزان و گەورەترین قەزا، هەروەها کە ئاماژەی پێکرا، 400 خێزانی دەبێت بە شرۆڤەکردنی ئەژمێرکارییەکانی ئەندازەی نموونە، بە کورتی لێرە ئاماژە بە دەرەنجامی کۆتایی دەکەین:

- گەلاڵەی *تەرخانکردنی یەکسان*، بە ڕەچاو کردنی ناونووسی لانیکەمی ڕێژەی خێزانەکان لە هەموو قەزاکان بۆ دەستەبەرکردنی ME پێنج لە سەدا بۆ نرخی بەشداری هێزی کار و 4.4 لە سەدی بۆ نرخی بێکاری، پێویستی بە ئەندازەی نموونەی 6,600 خێزانییە. DEFF ی وەزندان (کێشدانان) بۆ ئەم ڕێبازە 2.50 یە. ئەم DEFF پیشان دەدات کە ڤەریانسی مەزندەکان لەم گەلاڵە 2.5 ئەوەندەی ڤەریانسی بە دەستهاتوو لە گەلاڵەی نموونەهەڵگری هاوڕێژەیی، بە بێ وەزندانە.
- گەلاڵەی بەکارهێنراو لە ڕێبازی هاوکێشکراوی"کیش" بۆ 7,000 خێزان و دیاریکردنی زۆرینە بۆ گەورەترین قەزا 400 خێزانییەکان، DEFF ی کەمتر لە 1.58 لە وەزندان (دڵنیایی مەزندە زۆر وردبینانەکان نۆ ژێرگرووپەکان و ئاستی نیشتمانی) هەیە و دیسان دەکرێت کە بە ئاستی هاوکێش (چاک) بۆ وردی لە قەزا زۆرتر بچووکەکان بگات. کەمبوونەوەی ڤەریانس دەکرێت لە کەمبوونەوەی DEFF لە 2.5 بۆ 1.58 بە شێوەی ڕاستەوخۆ مەزندە بکرێت.

ئێمە ڕێبازی دووهەممان پێشنیار کرد. هۆی سەرەکیمان بۆ ئەوە وردبینی باشتر بۆ ژێرگرووپەکان (بۆ وێنە نرخی بێکاری لە ناوچە لادێیەکانی دهۆک) بوو. ئەم ڕێبازە هەروەها بۆ مەزندەکردنی نیشتمانی لە ڕێبازی یەکەم کارامەیی باشتری هەیە. لە مەزندە کردنی پەیوەندیدار بە قەزا، وردبینی لە سەرەوە (ME نزیکەی 3.5 لە سەد) بۆ قەزاکانی زۆرتر گەورە و وردبینی گونجاو (ME نزیکەی 7.5 لە سەد) بۆ قەزا بچووکترەکان پێشکەش دەکات. ئەندازەی گشتی نموونە 7,000 دیسان لە ڕوانگەی پێویستی سەرچاوە مرۆییەکان و سەرچاوەکانی تر KRSO گونجاوە.

لە بەرانبەردا، هەموو ڕووپێوە جێبەجێ کراوەکانی پەیوەندیدار بە خێزان لە KRI کە ئێمە ئاگامان لێیان هەیە، لە تەرخانکردنی یەکسان لە ئاستی قەزاکان کەڵکیان وەرگرتووە. هەر چەند، هەروەها کە ئاماژەی پێکرا، خاڵی لاوازی دابەشکردنی یەکسان، کەمبوونەوەی کارامەیی بۆ مەزندە پەیوەندیدارەکان بە ژێرگرووپەکان و مەزندە نیشتمانییەکانی تر بە هۆی ئەندازە گرتنی نموونەی تاک و کەمبوونەوەی ڕادەی وردبینی بۆ ناوچە گەورە و بچووکەکانە. کەواتە، ڕێبازی دووهەم، ڕادەیەکی گونجاوە لە نێوان گەڵاڵەکانی تەرخانکردنی بە تەواوەتی هاوڕێژە و بە تەواوەتی یەکسان.

## پارامەترە بەکارهێنراوەکان لە ئەژمێرکارییەکانی پەیوەندیدار بە ئەندازەی نموونە

لە کاتی ئەژمیری مەزندەکانی ئەندازەی نموونەی پێویست، باشتر وایە لە لانیزۆری زانیاری پاشماوە لە ڕووپێوە پێشووەکان یان سەرچاوەکانی تری داتا کەڵک وەربگیردرێت. هەرچەند، ئەگەر ئەمە بۆی نەبێ، دەبێت ڕادە گونجاوەکان بۆ ناوکەوتە پێویستەکان لە سەر بنەمای داتا پەیوەندیدارەکان بە وڵاتەکانی تر یان قەبڵاندنەکانی نزیکەو ڕاست لە بەرچاو بگیردرێت. ئەمەش پێویستی بە لێکدانەوەی هەستیاری و گۆڕینی

ڕادەکان بۆ پێوانی گۆڕانکارییەکانی پەیوەندیدار بە ئەندازەی نموونە پێوستە. پارامەتره سەرەکییە پێویستەکان بۆ ئەژمێرکارییەکانی ئەندازەی نموونە بریتین لە

1. ڕادەکانی مامناوەند و ڤەریانسەکانی دەرەنجامە بە بایەخەکان (لێرەدا، نرخی بەشداری هێزی کار و نرخی بێکاری)
2. ICC
3. ڕادەی مامناوەندی ڕێژەی کەسانی هەر خێزان و چ ڕەگەز(نێر و مێ بوون) و تەمەنێکیان هەیە.

بەختەوەرانە، بۆ KRI، بۆ داتاکانی ڕووپێوە پێشووەکان—IHSES ساڵی 2007 و ڕووپێوی بێکاری 2008— هەیە و ئێمە توانیمان زانیارییەکانی سەرەوە لە داتا ڕاستەقینەکان بگرین. داتا بەکارهێنراوەکان لە ئەژمێرکارییەکان لە لاپەڕەی Excelی جیادا پێشکەش دەکرێت.

ئێمە هەروەها دوو پارامەتری ترمان بۆ ئەژمێرکارییەکان دیاری کرد:

1. ئاستی شیاوی وردبینی یان ME
2. ڕێژەی خێزانەکان یان ئەندازەی نموونە لە هەر دەستەیەک.

بەشە لاوەکییەکانی خوارەوە ئەم پارامەترانە بە وردەکارییەوە شرۆڤە دەکەن.

**ڕادەی مامناوەند و ڤەریانسی دەرەنجامەکان**

ئێمە ئەم بابەتانەی خوارەوەمان لە IHSES ی ساڵی 2007 دەست کەوتووە:

1. نرخی پەیوەندیدار بە مەزندەی بەشداری هێزی کار لە KRI (ڕادەی مامناوەندی 42.39 لە سەد، ڤەریانسی 0.49)
2. نرخی پەیوەندیدار بە مەزندەی بێکاری لە نێوان تاکەکانی کە یەکێک لە هێزی کاری KRI ین (ڕادەی مامناوەندی 11.9 لە سەد، ڤەریانسی 0.32).

ڕادەی مامناوەندە پیشان دراوەکان لێرەدا پەیوەندیدارە بە دانیشتووان گەورەساڵانی (پیاوان و ژنانی 15 ساڵ بەرەوەسەر) تەواوی KRI. هەروەها لە ئەژمێرکارییەکانماندا لە ڕادە مامناوەندییە پەیوەندیدارەکان بە IHSES ژێرگرووپە جیاوازە ڕەچاوکراوەکان، وەک پیاوان و ژنانی گرووپە تەمەنییە جیاوازەکان، کەڵک وەرگیراوە.

**هاوپەیوەندی (نێوانیەتی دووسەری) نێو دەستەیی**

ئەم ڕاستییە کە خێزانەکان نێوان دەستەیەک لە بواری دەرەنجامە ڕەچاوکراوەکان هاوشێوەن، گۆڕانکاری گشتی لە نموونە بە گوێرەی بابەتی بە بێ دەستەبەندی، وەک SRS، کەم دەکاتەوە. بەم شێوە کارامەیی یان وردبینی مەزندەکان کەم دەبێتەوە. چاوەڕوانی ئێمە ئەوەیە کە خێزانەکان یان تاکەکانی نێوان دەستەیەک هاوشێوە بن چونکە دوو کەسی دانیشتووی یەک قەزا لەگەڵ دەرفەتەکان و سنووردارییەتییە هاوشێوەکان ڕووبەڕوو دەبنەوە و هاوشێوە بوونی ئاکاریان لە بەراورد لەگەڵ دوو کەس کە دانیشتووی دوو شوێنی جیاوازن، زۆرترە. لە بواری ئامارییەوە، ICC هاوپەیوەندییەکانی دەرەنەجامەکانی نێوان یەکەکانی ناو دەستەیەک ئەندازە دەگرێت. بە تاوتوێکاری ڤەریانس باشتر ئەم بابەتە شرۆڤە دەکرێت. ئەگەر تاکەکان لە گرووپەکاندا (وەک دەستەکانی ڕووپێو) ڕێکبخرێن و ئەگەر ڤەریانسی گشتی دەرەنجام دابەش بکەینە سەر ڤەریانسی "ناو گرووپی" و "نێوان گرووپی"، ICCای نیسبەتی ڤەریانسی گشتی "نێوان گرووپیی"ە. ئەگەر ICC لە سەرەوە بێت، زۆرینەی ڤەریانس بە هۆی جیاوازی نێوان گرووپەکانە و بە هۆی جیاوازی ناو گرووپەکانەوە نییە (ICC سەرەوە ئەو واتایە هەیە کە تاکەکانی ناو گرووپ هاوشێوەیی زۆرتریان هەیە).

ICC پەیوەندیدارە بە ئەژمێرکارییەکانی ئەندازەی نموونەی ئێمە. هەروەها کە لە "گەڵاڵە و دەستەبەندی ڕووپێوی چەند قۆناغی"دا ئاماژەی پێکرا، گەڵاڵەی ڕووپێوی دوو قۆناغی، بە پێی جێگاکانی پەیوەندیدار بە ژماردنی سەرژمێری ، نموونە لە ناو دەستەکان دادەنێت. ئەگەر تاکەکان لە ناو دەستەکاندا زۆر لە یەک بچن،

جیاوازییەکی زۆر بوونی نابێت و ئەگەر دەستەبەندی نەبێت ڕادەی وردبینی نیسبەت بە SRS کەمبوونەوەیکی گەورە (هەست پێکراو) بە خۆیەوە دەبینێت. ئەمە، لە جێگای خۆیدا پێویستی بە نموونەیەکی گەورەتر ـــ هەندێ جار زۆر گەورەتر ـــ بۆ گەیشتن بە مەزەندەکان بە ME دراو، هەیە. ئەم بابەتە لە "شرۆڤەی ئەژمێرکارییەکانی ئەندازەی نموونە" شرۆڤە کراوە. لەو بەشەدا پیشان دراوە کە بۆ ئەژمێرکاری کاریگەرییەکانی دەستەبەندی ICC چۆن دەبێت لە ئەژمێرکارییەکانی ئەندازەی نموونە بهێنرێتە ناوە.

ICC هەروەها لە هەڵبژاردنی ڕێژەی خێزان بۆ هەر دەستر ڕۆڵی هەیە. ئەگر ICC لە سەرەوە بێت، زێدەبوونی ئەندازەی نموونە بە زێدەکردنی خێزانی زۆرتر بە هەر دەستەیەک، جیاوازی گشتی دەرەنجام ناباتە سەرەوە و لە ئاکامدا کاریگەرییەکی زۆری لە سەر باشتر کردنی ڕادەی وردبینی مەزندەکان نییە. زێدەبوونی ئەندازەی نموونە بە زێدەکردنی دەستەی زۆرتر بە نموونە (بە هۆی زێدەبوونی ڕادەی جیاوازی) کارامەیی زۆرتری دەبێت.

سەرنج بدەن کە ICC ڕەنگە جیاواز بێت لەگەڵ نرخی بەشداری هێزی کار و نرخی بێکاری. مەزندەکانی ICC بۆ پێوەرەکانی پەیوەندیدار بە نرخی بەشداری هێزی کار و نرخی بێکاری بە داتاکانی IHSES ساڵی 2007 و بە مۆدێلە لۆجیستیکییەکانی پلە بەرزبوونەوە بە فەرمانی Xcluster لە STATA (بە بەکارهێنانی پێوەری دەستە لە IHSES ساڵی 2007 وەک گۆڕاوەی دەستەبەندی) ئەژمێردران. ئەم مۆدێلانە ئەم هەلەمان بۆ دەڕەخسێنن کە چ ڕادەیەکی جیاوازی ناو-گرووپی لە بەرانبەر نێوان گرووپی، دەرەنجامەکانی بەشداری هێزی کار و بێکاری شرۆڤە دەکەن. ئێمە ICC بە ڕیزی 0.0268 و 0.0335 بۆ بەشداری هێزی کار و بێکاری مەزندە کرد و لەم ڕادانە بۆ ئەژمێرکارییەکانی ئەندازەی نموونە کەڵکمان وەرگرت.

**ڕادەی مامناوەندی ڕێژەی تاکەکانی هەر خێزان**

لە ئاکامدا، نموونەی پەیوەندیدار بە ڕاڤە (تاوتوێکاری)، کۆپڵەیەکە لە تاکەکان و خێزانەکان نییە. بۆ وێنە، ئێمە نرخی بەشداری هێزی کار لە نێوان پیاوان و ژنانی گەورەساڵ یان لە نێوان لاوانی 15–19 ساڵمان پێخۆشە. هەرچەند، نموونەهەڵگری بە پێی خێزانەکان (کە SSU یەکانن) جێبەجێ دەکرێت، کە لە سەر ئەم بنەما، دیاریکردنی ڕێژەی خێزانە پێویستەکان بۆ گەیشتن بە ڕێژەی تاکە پێویستەکان بابەتێکی پێویستە. بۆ وێنە، ئەگەر پێویستمان بە 10,000 گەورەساڵی 15 ساڵ و سەرتر بۆ ئەژمێرکاری نرخی بەشداری هێزی کار بە ME خوازراو هەبێت، و ئەگەر بە شێوەی مامناوەندی 2.5 کەسی گەورەساڵ لە هەر خێزانێکدا هەبن، پێویستمان بە نموونەیەکی 4,500 خێزانی (10,000 ÷ 2.5) دەبێت. بۆ ژێرگرووپە ڕەچاوکراوەکان وەک لاوان یان ژنان لە بەرانبەر پیاوانەوە، دەبێت ئەژمێرکاری هاوشێوە بە بەکارهێنانی ڕادەی مامناوەندی تاکەکان لە هەموو جۆرێک و لە هەموو خێزانێکی ئەو جۆرە، ئەنجام بگیردرێت.

لێرەشدا ئێمە بۆ دەستەبەرکردنی زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕادەی مامناوەندی ڕێژەی تاکەکان و پێکهێنەرەکانی هەر خێزانێک لە ڕووپێوە پێشووەکان یارمەتیمان وەرگرت. ئێمە لە زانیاری دانیشتووانی پەیوەندیدار بە IHSES ساڵی 2007 کەڵکمان وەرگرت. ڕادەی مامناوەندی ڕێژەی کەسانی 15 ساڵ و سەرتری هەموو خێزانێک لە کوردستان لە IHSES نزیکەو 3.77 ە. کەواتە، لە پاش دیاریکردنی ئەندازەی نموونەی خوازراو – *ڕێژەیتاکەکان*- بۆ مەزندەکردنی نرخی گشتی بەشداری هێزی کاری گەورەساڵ، ئێمە فاکتەری گۆڕینی (1 ÷ 3.77) مان بۆ دیاریکردنی ڕێژەی خێزانی پێویستەکان بۆ ئەم ڕووپێوە بە کارهێنا. هەروەها کە لە خوارەوە دەیبینن، نرخی بێکاری، لە بەرانبەر، تەنیا بۆ کەسانێک کە یەکێک لە کەسانی هێزی کارن، دەژمێردرێت. کەواتە، فاکتەری گۆڕین یەکێک سەرترە لە ڕادەی مامناوەندی ڕێژەی بەشداربووانی هێزی کار لە هەر خێزانێک کە لە IHSES نزیکەی 1.60 بوو.

هەروەها، ئێمە ڕادەی مامناوەندی ڕێژەی تاکەکان لە گرووپە جیاوازەکان، ڕێژەی ژنان و پیاوان و ڕادەی مامناوەندی ڕێژەی ژێرگرووپەکانی تر لە هەر خێزانێکدا بۆ ئەژمێرکارییەکانی ئەندازەی نموونەی ئەو ژێرگرووپانەمان ئەژمێر کرد.

**پەراوێزی هەڵە**

ME ناوبەری دڵنیایی ئەژمێردراو بۆ ئامارە (وەک نرخی بێکاری).ئەم ناوبەرە بازنەیەک کە لەوێ ڕادەی ڕاستەقینە لە ئاستێکی تایبەتی ئیحتیمال، بە شێوەی ئاسایی 95 لە سەد، دەکەوێتە ئەوێوە، پیشان دەدات. ME، نیوەیەک لە پانی ناوبەری دڵنیاییە. هەر دوو بۆ پیشاندانی ڕادەی گۆڕان لە مەزندەی دەرەنجام کە

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی نموونەهەڵگری هەڵکەوتییە ، بەکار دەبرێن. بۆ وێنە دایبنێن کە پێمان وتراوە کە مەزندەی بێکاری (نرخی بێکاری) 15 لە سەد بە پەراوێزی هەڵەی 15 لە سەدایە. واتە بە ئەگەری 95 لە سەد نرخی *راستەقینەی* بێکاری لە ناوبەری 3± لە سەدی مەزنندەی لە سەدایە. واتە مەزندەی راستەقینە رادەیەک لە نێوان 12 و 18 لە سەدایە. پانتایی ناوبەری دڵنیایی 6 لە سەد (18 لە سەد تا 12 لە سەد) یان دوو ئەوەندەی ME یيە.

لە بەر ئەوەی کە ڤەریانسی مەزندە بە زێدەبوونی ئەندازەی نموونە کەم دەبێتەوە، ME بچووکتر پێویستی بە ئەندازەی نموونەی گەورەتر هەیە. ئەژمێرکارییەکانی ئەندازەی نموونە بە دیاریکردنی ME پەیوەندیدار بە ئەندازەکانی نموونەی جیاواز، یان دیاریکردنی ME خوازراو بۆ دەرەنجام و ئەژمێرکاری ئەندازەی نموونەی پێویست بۆ دەستەبەر کردنی ئەو ئاستەی وردبینی، دەڕواتە بەرەوە. ئێمە رێبازی دووهەممان هەڵبژارد و ئاکامەکانی ئەندازەی نموونەی چوار پەراوێزی هەڵەمان تاوتوێ کرد: 3 لە سەد، 5 لە سەد، 7.5 لە سەد و 10 لە سەد. بە پشکنینی ستانداردەکانی ILO سەرچاوەکانی تر، 3 لە سەدمان وەکوو پێوەری ستاندارد دیاریکرد. هەر چەند 3 لە سەد وەک پێداویستییەکی سەخت دیارە، لە روانگەی سیاسییەوە لێکۆڵینەوەی بایەخدارە. هەروەها کە ئاماژەی پێکرا، بۆ نرخی بێکاری 15 لە سەد، پەرواێزی هەڵەی 3 لە سەد بەو واتایەیە کە ئێمە دەتوانین 95 لە سەد دڵنیا بین کە رادەی راستەقینە لە نێوان 12 و 18 لە سەد دایە. ئەمە ناوبەرێکی تا رادەیەک پانە. ئەگەر هەلی گەورە کردنی پەراوێزی هەڵە بۆی هەبێت، لە 5 لە سەد، ئێمە دەتوانین تەنیا دڵنیا بین لەوەیکە رادەی راستەقینە لە نێوان 10 لە سەد و 20 لە سەد دایە. بێ گومان سیاسەتدانەران بە جیاوازی هەر زۆری نێوان بێکاری 10 لە سەدا و 20 لە سەد دەزانن و وێدەچێت داواکاری مەزندەکردنێکی وردبینانەتر لە نرخی بێکاری دەبن. کەواتە، رادەی وردبینی زۆر گرنگە. لە لایەکی ترەوە، رادەی وردبینی سەرتر پێویستی بە نموونەی گەورەترە و ئەم ئەم پێویستییە رەنگە پڕ خەرج بێت یان نەکرێت. کەواتە، ئێمە پێویستییەکانی ئەندازەی نموونە بۆ ME یيەکانی زیاتر لە 3 لە سەد و تا 10 لە سەدیشمان (بە پێی پێشنیاری رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ رووپێوە بچووکەکان) ئەژمارد.

**ئەندازەی نموونە لە دەستە**

هەروەها کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، ئەگەر خێزانەکانی ناو دەستەیەک زۆر لە یەک بچن (ICC لە سەرەوە بێت)، زێدەکردنی خێزانەکانی زۆرتر بە هە دەستەیەک رادەی وردبینی وەها باشتر ناکات. باشتر وایە کە رێژەی خێزان لە هەر دەستەیەک بە شیوەی نەگۆڕ رابگرین و رێژەی دەستەکان ببەینە سەرەوە. هەر چەند سەرچاوەکانی کاری مەیدانی ئەم کارە پڕخەرجە. بە لە بەرچاو گرتنت تێچوونە نەگۆڕەکانی هاتوچۆ بە/لە دەستە و چالاکی لە دەستە، زێدەکردنی خێزان بە هەر دەستەیەک هاسانتر لە زێدەکردنی رێژەی دەستەکانە. بۆ وێنە، وەها دایبنێن کە 1,000 خێزانی نموونە لە 100 دەستەی دە خێزانیدا دانراون. تێچوونی زێدەکردنی ئەندازەی نموونە بە 1,500 بە زێدەکردنی 50 دەستە، زیاترە لە تێچوونی وتووێژ لەگەڵ پێنج خێزانی زۆرتر لە هەر دەستەیەک. هەرچەند، رێبازی یەکەم دەرەنجامەکە زۆرتر دەگۆڕێت و کەواتە ئەمە مەزندەی وردبینانەتری بە شوێنەوەیە. لە بەر ئەمە، بڕیار دان بۆ زێدەکردنی خێزان بە دەستەکان یان زێدەکردنی رێژەی دەستەکان بریتییە لە پێکهێنانی هاوکێشی لە نێوان تێچوون و وردبینی.

لە رووپێوە پێشووەکان لە KRI لە بلۆکەکان (دەستەکانی) دە خێزانی کەڵک وەرگیردرا کە ئەم رادەیە نیسبەت بە رووپێوەکانی پەیوەندیدار بە خێزان لە دنیا (کە بۆ هەموو دەستەیەک دە دانە 25 خێزان رەچاو دەکرێت) بچووکە. ژمێرکارییەکانی ئەندازەی نموونەی ئێمە بریتی لە دوو ئەندازەی دە و 15 خێزانی بۆ هەر بلۆکێک بوو کە لە بەراورد لەگەڵ دەستەبەندی 15 خێزانیدا، بۆ ئەژمێرکارییەکانی بەشداری گشتی هێزی کار، بە ریز 38 و 57 کەس زێدە دەمانەوە. مەزندەکردنی 1.75 کەسی بۆ هەر خێزانێک لە هێزی کار، ژمارەکانی 16 و 24 کەسی لە ئەژمێرکارییەکانی نرخی بێکاری بۆ دوو ئەندازەی دەستە دروست کرد.

## ئەژمێرکارییەکانی ئەندازەی نموونە

خشتەکانی کۆتایی ئەم پاشکۆ بریتی لەو ئەژمێرکارییانەی ئەندازەی نموونەن کە لێرەدا شرۆڤە کراوە ئێمە ئەندازەی نموونەی پێویست لە ئاستی قەزا کە نموونە لەوێدا پۆلێنبەندی دەکرێت، و هەروەکا دەرەنجامەکانی رادەی لە سەرەوەی کۆبوونەوە، لەوانە بۆ تەواوی KRI (مەزندە "نیشتمانییەکان") لە بەر چاو دەگرین. هەروەها کە دەیبینن، کۆبوونەوە بریتی لە بەکارهێنانی وەزنەکانی نموونە لە کاتی تێکەڵ کردنی چەندین قەزا بە تەرخانکردنی ناهاوڕێژەیی و زێدە کردنی ئەندازەی نموونەی پێویستە.

#### ئەندازەکانی نموونەی گشتی و قەزایی

ئێمە دەبێت سەرەتا نموونەیەک کە بە پێی SRS پێویستمان پێی دەبێت، بژمێرین. ئەم نموونە بە ناوی ئەندازەی نموونەی کاریگەریش(ESS) دەناسرێت. بۆ گۆڕاوەی دوو – دوویی، وەک بەشداری هێزی کار یان بێکاری، ئەندازەی نموونەی پێویست بۆ SRS بەم جۆرە ئەژمێردرێت

$$ESS = \frac{z_{0.95}^2 \times p(1-p)}{e^2}, \quad (1)$$

کە لەوەدا p مەزندەی رادەی مامناوەندی دەرەنجام (لێرەدا نرخی بەشداری هێزی کار یان نرخی بێکاری)یە؛ $e$ پەراوێزی هەڵەی خوازراوە و $Z_{0.95}$ ئامارەی z بۆ ناوبەری دڵنیایی 95 لە سەدایە کە بەرابەرە لەگەڵ 1.96.

پاشان DEFF ئەژمێرین. هەروەها کە ئاماژەی پێکرا، ئەندازەی نموونەی گەڵاڵەی دەستەیی دوو – قۆناغی بۆ گەیشتن بە ئاستێکی تایبەت لە رادەی وردبینی، لە ئەندازەی نموونەی SRS زۆرترە. ئێمە ناچار بووین کە ئەم ئەندازەی نموونە بگۆڕین بەو شتەی کە گەڵاڵەی دەستەیی لە راستیدا پێویستیەتی. فاکتەری گۆڕینی SRS بۆ گەڵاڵەی ئاڵۆز(سەخت)، DEFFی بەستراوی ئەم گەڵاڵەیە. DEFF زێدەبوونی هاوڕێژەیی لە ڤەریانسی مەزندەی پەیوەندیدار بە SRS پیشان دەدات.

بە پێی پێناسە، DEFFی نیسبەتی ڤەریانسی مەزندەی دەستەبەرکراو لە گەڵاڵەی ئاڵۆز (بۆ وێنە دەستەیی) زیاتر لە ڤەریانسی هەمان مەزندەی دەستەبەرکراو لە SRSییە. ئەگەر DEFF گەورەتر لە 1 بێت، رادەی وردبینی دەرەنجامەکان کەمتر لە رادەی وردبینی پەیوەندیدار بە SRS دەبێت. بۆ نموونەی $m$ کەسە لە هەموو دەستەیەک و ICC بە ئەندازەی $r$ ، ئەندازەی DEFFی شیاو بۆ دەستەبەندی بریتییە لە

$$DEFF_c = 1 + (m-1) \times r. \quad (2)$$

DEFF، بە پێی چاوەڕوانییەکان، لەگەڵ $r$ زێدە دەبێت چونکە هاوپەیوەندی دیتنکارییە ناو دەستەییەکان دەبێتە هۆی زێدەبوونی ڤەریانسی مەزندەکان. ئەگەر دیتنکارییەکان دەستەبەندی جوگرافیییان نەبێت (بابەتی SRS)، رادەی ICC سفر و رادەی DEFF دەبێتە یەک. بۆ ئەم بابەتە (نا راستەقینانە) کەمبوونەوەی رادەی وردبینی بە گوێرەی SRS بوونی نییە.

سەرنج بدەن کە بۆ ئەندازەی نموونەی گشتی دیاریکراو $n$، رادەی DEFF هەمیشە بە $m$ واتە رێژەی بینینەکان لە هەموو دەستەیەک، زێدە دەبێت. بە دیاری بوونی ئەندازەی نموونەی گشتی، زێدەبوونی دیتنکارییەکان لە دەستە واتای کەمبوونەوەی گشتی دەستەکان لە نموونە یە. لە بەر ئەوەی کە ناو دەستەکان هاوشێوەن، هەبوونی رێژەیەکی زیاتر لە دەستە بە خێزانی کەمتر کە هەر دەستەیەک بە گوێرەی هەبوونی رێژەی کەم بە رێژەیەکی زۆر لە خێزانی هاوشێوەی هەر دەستە، خوازراوترە.

مەزندە نیشتمانییەکان پێویستیان بە هاوکێش کردنی دووهەمینە. ئەم فاکتۆرە DEFF ییەکی سەربەخۆیە کە بە هۆی بەکارهێنانی وەزنەکانی نموونە (نایەکسان) بۆ پۆلێنە (قەزاکان) جیاوازەکان بە دی دێت. ئەم DEFF یان $DEFF_W$ دەبێت لە کاتی تێکەڵ کردنی نموونەکانی پەیوەندیدار بە قەزا لەگەڵ نموونە نیشتمانییەکاندا رەچاو بکرێت. ئەم فاکتۆرە هەروەها بۆ مەزندەکانی تری پەیوەندیدار بە ئاستی سەرەوە کە قەزاکان تێکەڵ دەکەن (وەک مەزندەکانی پەیوەندیدار بە پارێزگا) پێویستە. ئەم فاکتۆرە بە شێوەی خوارەوە ئەژمێردرێت:

$$DEFF_w = 1 + (CV_w)^2 , \quad (3)$$

کە لەوێدا $CV_w$ هاوکۆڵکەی بەربڵاوی (گۆڕان) (یان لادانی ستاندارد دابەش بوو لە سەر رادەی مامناوەند) وەزنەکانی قەزایە. سەرنج بدەن کە هەرچی وەزنەکان نایەکسانتر یان بەربڵاوتر بن، ئەم فاکتۆرەیش زێدە دەبێت و بەم جۆرە رادەی مامناوەند نەگۆڕ دەمێنێت. بەم شێوە بۆ گەیشتن بە ئاستێکی تایبەت لە وردبینی زێدەبوونی نموونە پێویست دەبێت. بۆ ئەمدازەکانی نموونەی یەکسان بۆ هەموو قەزایەک، وەزن زۆر نایەکسان دەبێت (قەزا بچووکترەکان دەبێت وەزنی (کێش) زۆر لە خوارەوە و قەزا گەورەترەکلان دەبێت وەزنی زۆر لە سەرەوەیان هەبێت) و لە ئاکامدا $DEFF_W$ گەورە دەبێت.

بە لە لای یەکتریدانانی دوو DEFF، فاکتەری تەعدیل بۆ گۆڕینی ئەندازەی نموونەی SRS بە ئەندازەی نموونەی لە ژێر گەڵاڵەی ئاڵۆز و سەخت بۆ مەزندەی ئاستی نیشتمانی بریتییە لە

$$DEFF = DEFF_c \times DEFF_w . \quad (4)$$

بۆ گەیشتن بە ئەندازەی نموونەی راستەقینە یان پەیوەندیدار بە ناوی پێویست *n*، رادەی ESSی دەستکەوتوو لە (1) لە DEFF دەستکەوتوو لە (4) لێکبدەن:

$$n = ESS \times DEFF = \frac{z_{0.95}^2 \times p(1-p) \times DEFF}{e^2} . \quad (5)$$

وەها دابینێن کە *n* بەرابەر لەگەڵ 1000 و DEFF بەرابەر لەگەڵ 1.5 بێت. ئەم رادەی DEFF پیشان دەدات کە ڤەریانسی مەزندەی 50 لە سەد زۆرترە لە SRS. کەواتە ESS بەرابەر لەگەڵ 677 دەبێت. رادەی وردبینی مەزندە هاوتایە لەگەڵ ئەو شتەی کە ئێمە بە SRS تەنیا 677 دیتنکاری دەستەبەر دەکەین.

بە کورتی، ئەو قۆناغانەی کە بریتین لە ناردنەناوی DEFF ەکان بۆ گەیشتن بە ئەندازەی نموونەی پێویست بۆ مەزندە نیشتمانییەکان یان مەزندەکانی تری ئاستی کۆمەڵێ (کۆبوونەوە لە سەر یەک) بریتین لە

1. ئەژمێرکاری ئەندازەی نموونەی پێویست بۆ ستراتیجی نموونەهەڵگری SRS (بە پەراوێزی هەڵەی خوازراوەوە). ئەمە ESS بە دەستهێنراو لە (1)ە.
2. ئەژمێرکاری $DEFF_C$ بۆ پێکهێنانی گەڵاڵەی دەستەیی، بە کەڵک وەرگرتن لە (2).
3. ئەژمێرکاری $DEFF_W$ بۆ وەزندان یان تەرخانکردنی ناهاوڕێژەیی لە ئاستی قەزاکان بە کەڵک وەرگرتن لە (3).
4. لێکدانی ESS لە DEFF ی گشتی دەسکەوتوو لە (4) بۆ مەزندەکردنی *n* یان بۆ ئەندازەی نموونەی پێویست بۆ مەزندەکانی ئاستی نیشتمانی.
5. دابەش کردنی ئەندازەی نموونەی دەستکەوتوو لە قۆناغی 4 (بە پێی تاکەکان) لە سەر رادەی مامناوەندی رێژەی تاکەکان لە هەر خێزانێکدا بۆ گەیشتن بە رێژەی خێزانی پێویست.

دیاریکردنی ئەندازەی نموونەی پێویست بۆ ئەو مەزندانەی کە دەبێت لە ئاستی قەزاییدا راپۆرت بکرێن، بە هەمان شێوە جێبەجێ دەکرێت بەڵام قۆناغی 3 بە جێ دەهێڵێت. لە بەر ئەوەیکە ئەمە خەریک بە یەکە یەکەی قەزاکان دەبێت، $DEFF_W$ بە کار نایەت. هەر چەند کە دەستەبەندی دیسان لە سەر ئەم مەزندانەی پەیوەندیدار بە قەزا کاریگەری دەبێت، $DEFF_C$ دەبێت بنێردرێتە ناو.

### تەرخانکردنی نموونە لە ئاستی قەزاکان

نموونەی گشتی دەبێت لە ئاستی قەزاکاندا تەرخان بکرێت. ئەندازەی نموونەی گشتی بۆ دڵنیابوون لە رادەی وردبینی لە ئاستی سەرەوەدا بۆ مەزندەکانی نیشتمانی و دیکەی مەزندە کۆمەڵییەکان (بە پێی پارێزگا، بە پێی پیاوان لە بەرانبەر ژنان، بە پێی گرووپی تەمەنی) و گەیشتن بە ئاستێکی شیاوی رادەی وردبینی بۆ قەزا بچووکترەکان، ئەژمێردرێت. هەروها کە لە ژێر بەشی "پۆلێنبەندی هاوڕێژەیی و ناهاوڕێژەیی" ئاماژەی پێکرا،

هاوکێشییەک لە نێوان ئەم ئامانجانەدا هەیە کە ئێمە بەرەو هەڵبژاردنی یاسای تەرخانکردنی چاکسازی کراوی "کیش" رادەکێشێت.

بۆ ئەژمێرکاری ئەم تەرخانکردنە شوێن پرۆسەیەکی دووپاتکراوە کەوتین. ئێمە کارەکەمان بە مەبەستی گەیشتن بە پەراوێزی هەڵەی 5 لەسەد بۆ هەموو مەزندەکانی قەزایی لە ژێر تەرخانکردنی یەکسانی نموونە لە ئاستی قەزاکاندا دەست پێکرد. ئەم شێوازە ئێمەی بە رەقەمی سەرەتایی 6,534 خێزان بۆ نموونەی گشتی گەیاند. (خشتەی 1.A).

لە بیرتان بێت کە یاسای تەرخانکردنی "کیش" پێویستی بە تەرخانکردن بە قەزایانە کە هاوڕێژەیە لەگەڵ :

$$n\sqrt{W_h^2 + \frac{1}{H^2}}, \qquad (6)$$

کە $n$ ئەندازەی گشتی نموونە، $W_h$ نیسبەتی تەواوی دانیشتووان لە قەزای $h$ و $H$ رێژەی تەواوی قەزاکانە (33). ئێمە ئەم یاسامانە لە سەر ئەندازەی نموونەی گشتی 6,534 خێزان دەستکەوتوو لە ئەژمێرکارییەکانی سەرەوە جێبەجێ کرد و دوو تەعدیلمان ئەنجام دا. تەعدیلێک لە سەر تەرخانکردنی "کیش" کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، دیاریکردنی ئەندازەی نموونەی لانیزۆری 400 بۆ قەزاکانی گەورەتر بۆ بەرگیری لە گەورە بوونی لە رادە بەدەری تەرخانی ئەوانە بوو. بەم شێوە رێژەی خێزانەکان تەنیا بۆ دوو قەزای گەورەتر کەم دەبێتەوە و خێزانە سڕدراوەکان لەم قەزایانە بە شیوەی یەکسان لە سەر قەزاکانی تردا دابەش دەکرێن. ئەم تەعدیلە لە بەراورد لەگەڵ یاسای پەتی "کیش" تەرخانی گشتی کەمێک یەکسانتر دەکات.

ئێمە بە دەستپێکردن لە ئەندازەی نموونەی سەرەتایی، ME یەکانمان بۆ ئەندازەکانی نموونەی گشتی جیاواز لە ژێر یاسای چاکسازی کراوی تەرخانکردنی "کیش" ژمارد. دیاریکرا کە ئەندازەی نموونەی 7,000 مازندەگەلێکی زۆر باش (رادەی وردبینی لە سەرەوە) بۆ کۆمەڵە نیشتمانییە پەیوەندیدارەکان بە بەشداری هێزی کار و بێکاری بەرهەم دێنێت و وێرای ئەوە بە شێوەی گشتی ME گەلێکی زۆر باش بۆ مەزندەکانی قەزایی (پارێزگایی) و مەزندەکانی پەیوەندیدار بە گرووپەکانی دانیشتووان وەک لاوان و ژنان پێک دەهێنێت. لە هەمان کاتدا، هەروەها کە ئاماژەی پێکرا، ئەم ئەندازەی نموونە، رادەی وردبینی شیاو لە ئاستی قەزایی بۆ زۆربەی قەزاکان بە دەستەوە دەدات. لە پرپۆزاڵی کۆتاییدا، ئێمە ئەندازەی نموونەی 7,000 خێزان بە ئەندازەی نموونەی دیاریکراو بە یاسای "کیش"مان پێشنیار دا کە ئەندازەی قەزای لانیکەمی 160 خێزانی و لانیزۆری 400 خێزانی (لە پاش تەعدیلی ئاماژە پێکراو) بە دەست هێنرا. خشتەی 2.A ژمارەی خێزانەکان و دەستە دەستکەوتووەکان (بە رەچاو کردنی دە خێزان لە دەستە) بۆ هەرکام لە 33 قەزا پیشان دەدات.

خشتەکانی 3.A و 4.A پەراوێزی هەڵە و ئەندازەی نموونەی کاریگەری پەیوەندیدار بە هەندێک ئەسامشێن بۆ مەزندەکانی پەیوەندیدار بە قەزا، ئاستی نیشتمانی و ئاستەکانی تر پیشان دەدات.

#### دەرەنجامەکانی ئەژمێرکارییە قەزاییەکان

سەرەتا رادەی وردبینی قەزایی دەپشکنین کە بەرنامەی تەرخانکردنی پێشنیارکراومان ئەوە پێشنیار دەکات. ئەژمێرکارییەکانی ئەندازەی نموونە بۆ نرخی بەشداری هێزی کار و نرخی بێکاری گرێدراوی ئەو پارامەترانەی کە پێشتر لە بەشی "پارامەترە بەکارهێنراوەکان لە ئەژمێرکارییەکانی ئەندازەی نموونە" باسمان کرد جیاواز دەبن.

##### *نرخی بەشداری هێزی کار*

ئێمە لە مەزندەی 42.3 لە سەدا $p$ بۆ ئەژمێرکارییەکانی نرخی بەشداری هێزی کار کەڵکمان وەرگرت. بە رەچاو کردنی دە خێزان لە هەر دەستەیەک، $m$ پەیوەندیدار لە هەر دەستەیەک بۆ هاوکێشەی (2)، 38 کەسە (بە دانانی رادەی مامناوەندی بە 3.77 گەورەساڵ لانیکەم 15 ساڵان لە هەر خێزانێک). بۆ ئەم رادە $m$، رادەی $DEFF_C$ لە هاوکێشەی (1) بەرابەرە لەگەڵ 1.99. کەواتە، ئەندازەی نموونەی پێویست بۆ یەک قەزا بۆ گەیشتن بە پەراوێزی هەڵەی 5 لە سەد، 198 خێزانە. بۆ مسۆگەرکردنی کارامەیی کاری مەیدانی، گەیاندنی رێژەی خێزانەکانی هەموو دەستەیەک بە 15 (گەیشتن بە ژمارەی 57 بۆ رادەی $m$)، رەقەمی زۆر گەورەی 2.49 را بۆ DEFF بە دەستەوە دەدات. کەواتە پەراوێزی هەڵەی 5 لە سەدی بۆ ئەندازەی نموونەی 247 خێزان بۆ هەر قەزایەک پێویست دەبێت.

بە پێی یاسای چاکسازی کراوی "کیش" کە قبووڵمان کرد، ئەندازەکانی نموونەی قەزایی لە 400 تا 160 خێزان دەگۆڕدرێت. کەواتە، پەراوێزی هەڵەی پەیوەندیدار لە از 3.5 لە سەد تا 5.6 لە سەد بۆ بەشداری هێزی کاری گەورەساڵ دەگۆڕدرێت.

***نرخی بێکاری***

ئێمە لە مەزندەی 11.9 لە سەدی *p* بۆ ئەژمێرکارییەکانی نرخی بێکاری کەڵکمان وەرگرت. بۆ دەستەی دە خێزانی، لە هەر دەستەیەکدا 16 کەس (رادەی مامناوەندی 1.60 بۆ هەر خێزانێک) یەکێک لە هێزی کار دەبن و DEFF ی ئەم دەستەبەندییە 1.50 دەبێت. بەم ئەسامشنانەوە، گەیشتن بە پەراوێزی هەڵەی 5 لە سەدی پێویستی بە ئەندازەی نموونەی 149 خێزانی هەیە. گەیاندنی رێژەی یەکەکانی خێزان لە هەر دەستە بە 15، دەمانگەیەنێتە رەقەمی 1.77 برای DEFF کە بەم جۆرە ئەندازەی نموونەی گەورەتر واتە 176 خێزانی بۆ گەیشتن بە هەمان پەراوێزی هەڵە پێویستە.

بە پێی یاسای چاکسازی کراوی "کیش" کە قبووڵمان کرد، پەراوێزی هەڵەی پەیوەندیدار بۆ مەزندە قەزاییەکان لە 3.1 تا 5.0 لە سەد بۆ نرخیبێکاری دەگۆڕدرێت.

**کورتە**

بە پێی گەلاڵەی تەرخانکردنی یەکسان، مازندەی ئێمە ئەوە بوو کە بۆ گەیشتن بە پەراوێزی هەڵەی 5 لە سەدی و 4 لە سەدی بە ریز بۆ بەشداری هێزی کار و بێکاری، پێویستمان بە ئەندازەی نموونەی گشتی 6,534 هەیە. هەر چەند، هەروەها تەخمینمان کرد کە "تێچوون" یان DEFF ی پەیوەندیدار لەگەڵ ئەم گەلاڵە لە سەرەوەیە($DEFF_W$ = 2.5) چونکە وەزنەکان زۆر نایەکسانن. بۆ تەرخانکردنی چاکسازی کراوی "کیش" رادەی $DEFF_W$ زۆر کەمترە (1.58). بۆ دوو قەزای گەورەتر، ئەم گەلاڵە دیسان پەراوێزی هەڵەی 3.5 لە سەدی و 3.1 لە سەدی بە ریز بۆ مەزندەکانی پەیوەندیدار بە بۆ بەشداری هێزی کار و نرخی بێکاری بە دەستەوە دەدات. بۆ دوو قەزای بچووکتر، ئەم گەلاڵە پەراوێزی هەڵەی 5.6 لە سەدی و 5.0 لە سەدی بە ریز بۆ ئەم دوو مەزندە گەرەنتی دەکات.

**دەرەنجامەکانی پەیوەندیدار بە مەزندە نیشتمانی و ژێر گرووپییەکان بە پێی گەلاڵەی چاکسازی کراوە "کیش"**

ئێستا چاوێک دەخشێنین بە رادەی وردبینی مەزندە نیشتمانی و پارێزگاییەکان بە پێی گەلاڵەی نموونەهەڵگری پێشنیاکراو. مەزندەی کۆتایی ئێمە بۆ ئەندازەی نموونە 7,000 خێزانە کە بۆ ئەندازەی نموونەی 26,390 کەس (7,000 × 3.77) بە دەست هاتووە. ناردنە ناوی دوو فاکتەری تەعدیل $DEFF_C$ (1.99) و $DEFF_W$ (1.58) ئێمە دەگەیەنێتە ESS ی بەرابەر لەگەڵ 8,393 کەس بۆ مەزندەکانی پەیوەندیدار بە نرخی بەشداری هێزی کار—(7,000 × 3.77) ÷ (1.99 × 1.58). ESS پەیوەندیدار بە نرخی بێکاری 3,562 کەسە. (7,000 × 1.60) ÷ (1.99 × 1.58)—چونکە رێژەی کەسانی پەیوەندیدار لە هەر خێزانێک لێرە 1.60ە.

پەراوێزی هەڵەی مەزندەی گشتی نیشتمانی بۆ بەشداری هێزی کار بچووک و بەرابەرە لەگەڵ 1.1 لە سەد (دێڕی یەکەمی خشتەی 3.A). ناوبەری دڵنیایی 95 لە سەدی نزیکەو نرخی بەشداری مەزندەکراوی هێزی کاری 42.3 لە سەدی 41.3 لە سەد تا 43.4 لە سەد دەبێت. بە هەمان شێوە، پەراوێزی هەڵەی پەیوەندیدار بە مەزندەی گشتی نیشتمانی نرخی بێکاری بچووک و بەرابەرە لەگەڵ 1.1 لە سەد (دێڕی یەکەمی خشتەی 4.A). ناوبەری دڵنیایی95 لە سەدی نزیکەو نرخی بێکاری مەزندەکراوی 11.9 لە سەدی 10.8 لە سەد تا 13.0 لە سەد دەبێت.

هەر چەند ئێمە دەمانەویست دیاری بکەین کە ئاخۆ ئەم گەلاڵەی نموونەهەڵگرییە وردبینی پێویست بۆ ئاماری نیشتمانی و پارێزگایی رەچاو کراو نە تەنیا بۆ دانیشتووانی گشتی گەورەساڵ بەڵکوو بۆ ئاماری لە سەر بنەمای رەگەز و گرووپی تەمەنی مسۆگەر دەکات یان نا. ئەم ژێر – نموونانە، بە شێوەی سرووشتی، مەزندەی بە وردبینی کەمترەوە بە گوێرەی گشتی نموونە پێشکەش دەکەن. بە تایبەت، ئێمە نیگەرانی ئەم بابەتە بووین کە ئەو پۆلێنانەی کە لە دانیشتووانیدا بە کەمی دەردەکەون (بۆ وێنە کەسانی 50–64 ساڵان و ژنانی هێزی کار) رەنگە ئەندازەی نموونەی کەم و لە ئاکامدا رادەی وردبینی ناتەواویان هەبێت. بۆ ئەژمێرکارییەکانی پەیوەندیدار بە قەزا لە سەرەوە، ئێمە رادەیەکی دیاریکراوی وردبینیمان لە بەر چاو گرت و بە شوێن ئەندازەی نموونەی پێویستدا گەڕاین. لێرە، ئێمە ئەندازەی نموونەی گشتیمان بە دراو(ئاشکرا) دانا و بە شوێن پەراوێزەکانی هەڵەی ژێر گرووپە جیاوازەکاندا گەڕاین.

ئێمە مەزندەکانی پەیوەندیدار بە نرخی بەشداری هێزی کاو و نرخی بێکاریمان($p$ پێویست بۆ ئەژمێرکارییەکان) لە IHSES ی ساڵی 2007 و داتا پەیوەندیدارەکان بە ژێر گرووپە جیاوازەکان (وەک ژێرگرووپە ڕەگەزیی، تەمەنی، گوندنشین یان شارنشین) وەرگرت. ئێمە بە کەڵک وەرگرتن لە سەهمی ئەم ژێر گرووپانە لە دانیشتووان و نموونەی گشتی دانراوی 7,000 خێزانی، ڕێژەی دیتنکارییەکانی هەر گرووپ/پۆلێنێکمان لە نموونە مەزندە کرد. وەک خشتەی A.1 ناوبەری دڵنیاییمان بە 95 لە سەد دانا. لە کۆتاییدا، بۆ ئەژماردنی ME $e$ هەر ژێر دانیشتووانێک، هاوکێشەی (1)مان کەمێ گۆڕی.

$$e = Z_{0.95} \times \sqrt{\frac{p \times (1-p)}{ESS}}. \qquad (7)$$

**دەرەنجامی ئەژمێرکارییە پەیوەندیدارەکان بە ژێر گرووپەکان**

***نرخی بەشداری هێزی کار***

خشتەی 3.A دەرەنجامەکانی ئەم ئەژمێرکارییانە بۆ بەشداری هێزی کار پیشان دەدات. بە لەبەرچاو گرتنی نرخی پەیوەندیدار بە مەزندەی 42.3 بۆ بەشداری گشتی هێزی کار، پەراوێزی هەڵەی دەوروبەری ئەم ئامارە بە گشتی گەورەترە لە مەزندە خاڵییەکانی (پنت) نرخی بێکاری. چونکە بڵاوکردنەوەی دوو – ڕستەیی زۆرترین ڤەریانسی لە ئاستی 50 لە سەد هەیە. پەراوێزی هەڵە بۆ هیچ مەزندەیەک لە 5 لە سەد تێنەپەڕیبوو کە ئەم ڕەقەمە بە ئاستی وردبینییەکی گونجاو دادەنرێت. هەروها، پەراوێزی هەڵە تەنیا بۆ چەن پۆلێن لە ئەوپەڕی ئاستی بچووکی 3 لە سەدی زۆرتر بوو: پیاوانی 50–64 ساڵان، کەسانی 50–64 ناوچە شارنشینەکان، کەسانی 15–30 ناوچە لادێییەکان، کەسانی 31–49 ناوچە لادێییەکان، کەسانی 50–64 ناوچە گوندنشینەکان، و مەزندە پەیوەندیدارەکان بە ناوچە لادێییەکان بۆ هەر سێ پارێزگا. لەم خشتەدا ئەو بابەتانەی کە پەراوێزی هەڵەیان لە 3 لە سەد زۆرترە، پیشان دراوە.

***نرخی بێکاری***

خشتەی 4.A دەرەنجامەکانی ئەم ئەژمێرکارییانە بۆ بێکاری پیشان دەدات. نرخی گشتی بێکاری 11.9 لە سەد دایە. ئەم ئامارانە تەنیا بۆ کەسانێک کە یەکێکن لە هێزی کار (42.3 لە سەدی ئەندازەی نموونەی کاریگەری گشتی) ئەژمێردران. ئێمە دۆزیمانەوە کە پەراوێزی هەڵە تەنیا بۆ یەک پۆلێن لە 5 لە سەد تێپەڕیوە: ژنانی 50–64 ساڵان. لە لایەکی ترەوە، پەراوێزی هەڵە بۆ ژنانی هەر سێ گرووپی تەمەنی (15–30، 31–49 و 50–64)، لە ناوچە شارنشینەکان، کەسانی 15–30 ساڵان یان 50–64 ساڵانی ناوچە لادێییەکان و مەزندە پەیوەندیدارەکان بە ناوچەکان بۆ هەر سێ پارێزگا لە 3 لە سەد تێپەڕی. پەراوێزەکانی هەلەی گەورە بۆ ژێرگرووپی لادێیی، ژنان و کەسانی 50–64 ساڵانی دانیشتووان بە بەربڵاوبوونی کەمی ئەم گرووپانە لە دانیشتووان یان نرخی لە خوارەوەی بەشدارییان لە هێزی کار کە نموونە کەم دەکاتەوە، پاساو دەکرێت. لەم خشتە پەراوێزی هەڵەی زیاتر لە 3 لە سەد دیاری کراوە. بە گشتی گەڵاڵەی پێشنیارکراوی نموونەهەڵگری ئاستێکی لە سەرەوەی وردبینی بۆ خۆربەی ژێرگرووپەکان بە دەستەوە دەدات.

### خشتەی 1.A
### ئەژمێرکارییەکانی نموونەی کاریگەر لە ئاستی قەزایی

| ژمارە HH-2 | NSS-2 | DEFF-2 | ژمارە HH-1 | NSS-1 | DEFFC-1 | CI 95 سنووری سەرەوە (%) | CI 95 سنووری خوارەوە (%) | پەراوێزی هەڵە (%) | (Z(95 | SE | مەزندە کردن (%) | ESS | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | | | | نیشتمانی |
| | | | | | | 43.4 | 41.3 | 1.06 | 1.96 | 0.0054 | 42.3 | 8,394 | Est LFP |
| | | | | | | 13.0 | 10.8 | 1.1 | 1.96 | 0.0054 | 11.9 | 3,552 | Est UE |
| | | | | | | | | | | | | | قەزا |
| 61 | 231 | 2.49 | 49 | 185 | 1.99 | 52.4 | 32.3 | 10.0 | 1.96 | 0.0512 | 42.3 | 93 | Estd. LFP |
| 109 | 410 | 2.49 | 87 | 328 | 1.99 | 49.9 | 34.8 | 7.5 | 1.96 | 0.0385 | 42.3 | 165 | |
| 198 | 746 | 2.49 | 158 | 597 | 1.99 | 47.9 | 36.7 | 5.6 | 1.96 | 0.0285 | 42.3 | 300 | |
| 247 | 933 | 2.49 | 198 | 747 | 1.99 | 47.3 | 37.3 | 5.0 | 1.96 | 0.0255 | 42.3 | 375 | |
| 495 | 1,866 | 2.49 | 396 | 1493 | 1.99 | 45.9 | 38.8 | 3.5 | 1.96 | 0.0180 | 42.3 | 750 | |
| 44 | 70 | 1.77 | 37 | 59 | 1.50 | 52.4 | 32.2 | 10.1 | 1.96 | 0.0517 | 11.9 | 39 | Estd. UE |
| 77 | 124 | 1.77 | 66 | 105 | 1.50 | 49.9 | 34.7 | 7.6 | 1.96 | 0.0388 | 11.9 | 70 | |
| 141 | 225 | 1.77 | 119 | 191 | 1.50 | 48.0 | 36.7 | 5.6 | 1.96 | 0.0288 | 11.9 | 127 | |
| 176 | 281 | 1.77 | 149 | 238 | 1.50 | 47.4 | 37.3 | 5.0 | 1.96 | 0.0257 | 11.9 | 159 | |
| 352 | 562 | 1.77 | 298 | 477 | 1.50 | 45.9 | 38.8 | 3.6 | 1.96 | 0.0182 | 11.9 | 317 | |
| 471 | 752 | 1.77 | 400 | 639 | 1.50 | 45.4 | 39.2 | 3.1 | 1.96 | 0.0157 | 11.9 | 425 | |

تێبینی: Number of persons ages 15 and above in a household: 3.77.
Number of persons ages 15 and above in the labor force per household: 1.60.

**خشتەی 1.A—درێژە**

**دەستەبەندی لە پێوەری بێکاری**

| ICC | ئەندازەی دەستە | DEFF-دەستەبەندی |
|---|---|---|
| 0.034 | 16 | 1.50 |
| 0.034 | 24 | 1.77 |

| DEFF | ME (%) | HH/قەزا | ژمارەی قەزا | لانیکەم HH |
|---|---|---|---|---|
| 1.55 | 3 | 423 | 33 | 13,959 |
| 1.55 | 5 | 149 | 33 | 4,917 |
| 1.85 | 3 | 499 | 33 | 16,467 |
| 1.85 | 5 | 177 | 33 | 5,841 |

**Clustering in Indicator of Labor Force Participation**

| Est.ICC | Persons/cluster | DEFF-دەستەبەندی |
|---|---|---|
| 0.027 | 38 | 1.99 |
| 0.027 | 57 | 2.49 |

| DEFF | ME (%) | HH/قەزا | ژمارەی قەزا | لانیکەم HH |
|---|---|---|---|---|
| 1.99 | 3 | 554 | 33 | 18,282 |
| 1.99 | 5 | 198 | 33 | 6,534 |
| 2.49 | 3 | 693 | 33 | 22,869 |
| 2.49 | 5 | 247 | 33 | 8,151 |

**خشتەی 2.A**

**ژمارەی خێزانەکان بەپێی قەزا لەسەر بنەمای یاسای (کیش) ی هەموارکراو**

| | (1) | (2) | (3) | (4) | (5) | (6) | (7) | (8) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ڕێژەی خێزانەکان | | | | |
| | پارێزگا | قەزا | دانیشتووان بە گشتی | تەرخانکردنی دانیشتووان | یاسای کیش | ڕێسای کیش، زۆرترین ڕێکبەند هەتا 400 و دوبارە دابەشکردنەوەی پاشماوە بەسەر باقی قەزاکاندا | ژمارەی هێشووەکان بە نزیککردنەوە لە 0 | ڕێژەی خێزانەکان |
| 1 | هەولێر | سەنتەری هەولێر | 852,329 | 1,215 | 797 | 400 | 40 | 400 |
| 2 | سلێمانی | سەنتەری سلێمانی | 761,557 | 1,086 | 715 | 400 | 40 | 400 |
| 3 | دهۆک | سەنتەری دهۆک | 323,400 | 461 | 328 | 351 | 35 | 350 |
| 4 | دهۆک | زاخۆ | 237,236 | 338 | 258 | 281 | 28 | 280 |
| 5 | هەولێر | دەشتی هەولێر | 203,072 | 290 | 232 | 255 | 25 | 250 |
| 6 | سلێمانی | ڕانیە | 198,518 | 283 | 229 | 252 | 25 | 250 |
| 7 | هەولێر | مەخمور | 178,319 | 254 | 214 | 237 | 24 | 240 |
| 8 | سلێمانی | کەلار | 170,624 | 243 | 209 | 232 | 23 | 230 |
| 9 | دهۆک | سیمێل | 162,058 | 231 | 203 | 226 | 23 | 230 |
| 10 | هەولێر | سۆران | 159,969 | 228 | 201 | 224 | 22 | 220 |
| 11 | دهۆک | ئاکرێ | 152,124 | 217 | 196 | 219 | 22 | 220 |
| 12 | سلێمانی | چەمچەماڵ | 146,358 | 209 | 192 | 215 | 21 | 210 |
| 13 | دهۆک | شێخان | 145,043 | 207 | 192 | 214 | 21 | 210 |
| 14 | هەولێر | شەقلاوە | 131,660 | 188 | 183 | 206 | 21 | 210 |
| 15 | دهۆک | بەردە ڕەش | 118,841 | 169 | 176 | 198 | 20 | 200 |
| 16 | سلێمانی | پشدەر | 114,731 | 164 | 173 | 196 | 20 | 200 |
| 17 | دهۆک | ئامێدی | 95,797 | 137 | 163 | 186 | 19 | 190 |
| 18 | هەولێر | کۆیە | 95,746 | 137 | 163 | 186 | 19 | 190 |
| 19 | هەولێر | خەبات | 95,148 | 136 | 163 | 186 | 19 | 190 |
| 20 | سلێمانی | هەڵەبجە | 91,611 | 131 | 161 | 184 | 18 | 180 |
| 21 | سلێمانی | سەید سادق | 73,010 | 104 | 153 | 176 | 18 | 180 |

**خشتەی 2.A—درێژە**

| | (1) | (2) | (3) | (4) | (5) | (6) | (7) | (8) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ڕێژەی خێزانەکان | | | | |
| | پارێزگا | قەزا | دانیشتوان بە گشتی | تەرخانکردنی دانیشتوان | یاسای کیش | ڕێسای کیش، زۆرترین ڕێکبەند هەتا 400 و دوبارە دابەشکردنەوەی پاشماوە بەسەر باقی قەزاکاندا | ژمارەی هێشووەکان بە نزیکردنەوە لە 0 | ڕێژەی خێزانەکان |
| 22 | سلێمانی | دوکان | .62,881 | 90 | 149 | 172 | 17 | 170 |
| 23 | سلێمانی | شارەزور | 58,536 | 83 | 147 | 170 | 17 | 170 |
| 24 | هەولێر | مێرگەسور | 52,865 | 75 | 146 | 169 | 17 | 170 |
| 25 | سلێمانی | کفری | 47,250 | 67 | 144 | 167 | 17 | 170 |
| 26 | سلێمانی | دەربەندیخان | 43,297 | 62 | 143 | 166 | 17 | 170 |
| 27 | سلێمانی | پێنجوێن | 40,475 | 58 | 142 | 165 | 16 | 160 |
| 28 | هەولێر | چۆمان | 28,404 | 40 | 140 | 163 | 16 | 160 |
| 29 | هەولێر | ڕواندوز | .22,608 | 32 | 139 | 162 | 16 | 160 |
| 30 | سلێمانی | شارباژێڕ | 18,628 | 27 | 138 | 161 | 16 | 160 |
| 31 | سلێمانی | خانەقین | 11,967 | 17 | 138 | 161 | 16 | 160 |
| 32 | سلێمانی | قەرەداخ | 7,983 | 11 | 137 | 160 | 16 | 160 |
| 33 | سلێمانی | ماوەت | .7,839 | 11 | 137 | 160 | 16 | 160 |
| | کۆی گشتی | | 4,909,884 | 7,000 | 7,000 | 7,000 | 700 | 7,000 |

تێبینی:
خشتەی (4) ڕادەی تەرخانکردن لە قەزاکانی لە ژێر تەرخانکردنی هاوڕێژەیی بۆ n=7,000 پیشان دەدات.
خشتەی (5) تەرخانکردن لە قەزاکانی لە ژێر تەرخانکردنی هاوڕێژەیی بۆ n=7,000 پیشان دەدات.
خشتەی (6) تەرخانکردنی چاکسازی کراوی یاسای کیش بە مەبەستی پێناسەی 400 خێزان وەکوو زۆرینەی ڕێژەی خێزان لە یەک نموونە قەزا پیشان دەدات. لە لەوێ خێزانە زیدەکان لە قەزاگەلێک کە دانیشتوانی کەمتر لە 400 خێزانیان هەیە دابەش کراون بۆ ئەوەی ڕێژەی گشتی نموونەکان بەرابەر بێت لەگەڵ 7,000 دا.
خشتەی (7) ژمارەی بە دەست هێنراوی پەیوەندیدار بە دەستەکان، PSU بۆ هەر قەزا پیشان دەدات کە لەوێدا ژمارەکان سەرڕاست کراونەتەوە (خرت کراونەتەوە) بۆ ئەوەی لە هەموو دەستەیەک 10 خێزان بگونجێت.
خشتەی (8) ژمارەی بە دەست هێنراوی پەیوەندیدار بە ڕێژەی خێزان لە هەرر قەزایەک پیشان دەدات (= ڕێژەی دەستەکان x 10 خێزان لە هەر دەستە).

**خشتەی 3.A**
**پەراوێزی هەڵە لە ئاستی نیشتمانی و ژێر گرووپ بۆ ڕێژەی بەشداری هێزی کار**

| | کۆی گشتی ESS | N | Est LFP (%) | SE | Z (95) | پەراوێزی هەڵە (%) | CI 95 سنووری خوارەوە (%) | CI 95 سنووری سەرەوە (%) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆی گشتی | 15+ | 8,394 | 42.3 | 0.0054 | 1.96 | 1.1 | 41.3 | 43.4 |
| تەمەنەکان | 29–15 | 4,532.8 | 37.7 | 0.0072 | 1.96 | 1.4 | 36.3 | 39.1 |
| | 49–30 | 2,770.0 | 55.2 | 0.0094 | 1.96 | 1.9 | 53.4 | 57.1 |
| | 64–50 | 1,091.2 | 45.4 | 0.0151 | 1.96 | 3.0 | 42.4 | 48.3 |
| رەگەز | ژن | 4,331.3 | 14.7 | 0.0054 | 1.96 | 1.1 | 13.7 | 15.8 |
| | پیاو | 4,146.6 | 72.1 | 0.0070 | 1.96 | 1.4 | 70.7 | 73.5 |
| شارنشین-گوندنشین | شارنشین | 6,639.7 | 42.3 | 0.0061 | 1.96 | 1.2 | 41.1 | 43.4 |
| | گوندنشین | 1,754.3 | 45.7 | 0.0119 | 1.96 | 2.3 | 43.4 | 48.0 |
| پیاو | 29–15 | 2,230.9 | 63.1 | 0.0102 | 1.96 | 2.0 | 61.1 | 65.1 |
| | 49–30 | 1,355.9 | 94.9 | 0.0060 | 1.96 | 1.2 | 93.7 | 96.1 |
| | 64–50 | 559.8 | 80.2 | 0.0168 | 1.96 | 3.3 | 76.9 | 83.5 |
| ژن | 29–15 | 2,364.9 | 13.0 | 0.0069 | 1.96 | 1.4 | 11.7 | 14.4 |
| | 49–30 | 1,394.7 | 19.6 | 0.0106 | 1.96 | 2.1 | 17.5 | 21.6 |
| | 64–50 | 545.4 | 14.2 | 0.0149 | 1.96 | 2.9 | 11.3 | 17.1 |
| شارنشین | 29–15 | 4,342.3 | 36.1 | 0.0073 | 1.96 | 1.4 | 34.6 | 37.5 |
| | 49–30 | 1,806.0 | 52.8 | 0.0117 | 1.96 | 2.3 | 50.5 | 55.1 |
| | 64–50 | 491.3 | 43.4 | 0.0224 | 1.96 | 4.4 | 39.1 | 47.8 |
| گوندنشین | 29–15 | 689.5 | 39.2 | 0.0186 | 1.96 | 3.6 | 35.6 | 42.9 |
| | 49–30 | 694.7 | 57.5 | 0.0188 | 1.96 | 3.7 | 53.8 | 61.1 |
| | 64–50 | 370.2 | 47.3 | 0.0259 | 1.96 | 5.1 | 42.2 | 52.3 |
| شارنشین | پیاو | 3,280.0 | 74.0 | 0.0077 | 1.96 | 1.5 | 72.5 | 75.5 |
| | ژن | 3,426.1 | 12.0 | 0.0056 | 1.96 | 1.1 | 10.9 | 13.1 |
| گوندنشین | پیاو | 866.6 | 76.1 | 0.0145 | 1.96 | 2.8 | 73.3 | 78.9 |
| | ژن | 905.2 | 16.6 | 0.0124 | 1.96 | 2.4 | 14.2 | 19.0 |
| دهۆک | نێر | 875.5 | 71.3 | 0.0153 | 1.96 | 3.0 | 68.3 | 74.3 |
| | ژن | 893.3 | 11.3 | 0.0106 | 1.96 | 2.1 | 9.2 | 13.4 |
| هەولێر | نێر | 1,447.3 | 70.9 | 0.0119 | 1.96 | 2.3 | 68.6 | 73.3 |
| | ژن | 1,574.5 | 12.7 | 0.0084 | 1.96 | 1.6 | 11.0 | 14.3 |
| سلێمانی | نێر | 1,728.1 | 79.6 | 0.0097 | 1.96 | 1.9 | 77.7 | 81.5 |
| | ژن | 1,864.5 | 19.1 | 0.0091 | 1.96 | 1.8 | 17.3 | 20.9 |
| دهۆک | شارنشین | 1,289.9 | 39.4 | 0.0136 | 1.96 | 2.7 | 36.7 | 42.1 |
| | گوندنشین | 489.7 | 42.9 | 0.0224 | 1.96 | 4.4 | 38.5 | 47.3 |
| هەولێر | شارنشین | 2,466.4 | 38.8 | 0.0098 | 1.96 | 1.9 | 36.9 | 40.7 |
| | گوندنشین | 555.5 | 42.2 | 0.0210 | 1.96 | 4.1 | 38.1 | 46.4 |
| سلێمانی | شارنشین | 2,905.2 | 46.1 | 0.0092 | 1.96 | 1.8 | 44.3 | 47.9 |
| | گوندنشین | 687.5 | 50.1 | 0.0191 | 1.96 | 3.7 | 46.4 | 53.9 |

**خشتەی 4.A**
**پەراوێزی هەڵە لە ئاستی نیشتمانی و ژێر گرووپ بۆ ڕێژەی بێکاری**

| | | N | Est UE (%) | SE | Z (95) | پەراوێزی هەڵە (%) | CI 95% سنووری خوارەوە (%) | CI 95% سنووری سەرەوە (%) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆی گشتی | | 3,552 | 11.9 | 0.0054 | 1.96 | 1.1 | 10.8 | 13.0 |
| تەمەنەکان | 29–15 | 1,707 | 15.3 | 0.0087 | 1.96 | 1.7 | 13.5 | 17.0 |
| | 49–30 | 1,530 | 8.0 | 0.0070 | 1.96 | 1.4 | 6.7 | 9.4 |
| | 64–50 | 495 | 9.4 | 0.0131 | 1.96 | 2.6 | 6.8 | 11.9 |
| ڕەگەز | ژن | 638 | 16.5 | 0.0147 | 1.96 | 2.9 | 13.6 | 19.3 |
| | پیاو | 2,989 | 10.9 | 0.0057 | 1.96 | 1.1 | 9.8 | 12.0 |
| شارنشین-گوندنشین | شارنشین | 2,806 | 12.0 | 0.0061 | 1.96 | 1.2 | 10.8 | 13.2 |
| | گوندنشین | 802 | 11.0 | 0.0111 | 1.96 | 2.2 | 8.8 | 13.2 |
| پیاو | 29–15 | 1,408 | 14.0 | 0.0093 | 1.96 | 1.8 | 12.2 | 15.8 |
| | 49–30 | 1,287 | 7.6 | 0.0074 | 1.96 | 1.5 | 6.2 | 9.1 |
| | 64–50 | 449 | 8.6 | 0.0133 | 1.96 | 2.6 | 6.0 | 11.2 |
| ژن | 29–15 | 308 | 21.1 | 0.0233 | 1.96 | 4.6 | 16.5 | 25.6 |
| | 49–30 | 273 | 9.9 | 0.0181 | 1.96 | 3.5 | 6.3 | 13.4 |
| | 64–50 | 77 | 13.2 | 0.0384 | 1.96 | 7.5 | 5.6 | 20.7 |
| شارنشین | 29–15 | 1,566 | 15.7 | 0.0092 | 1.96 | 1.8 | 13.9 | 17.5 |
| | 49–30 | 954 | 8.3 | 0.0089 | 1.96 | 1.7 | 6.5 | 10.0 |
| | 64–50 | 213 | 9.6 | 0.0202 | 1.96 | 4.0 | 5.7 | 13.6 |
| گوندنشین | 29–15 | 271 | 14.4 | 0.0213 | 1.96 | 4.2 | 10.2 | 18.6 |
| | 49–30 | 399 | 7.6 | 0.0132 | 1.96 | 2.6 | 5.0 | 10.2 |
| | 64–50 | 175 | 8.8 | 0.0215 | 1.96 | 4.2 | 4.6 | 13.0 |
| دهۆک | نێر | 438.7 | 8.5 | 0.0133 | 1.96 | 2.6 | 5.9 | 11.1 |
| | ژن | 447.6 | 7.6 | 0.0125 | 1.96 | 2.5 | 5.1 | 10.1 |
| هەولێر | نێر | 631.2 | 5.7 | 0.0092 | 1.96 | 1.8 | 3.9 | 7.5 |
| | ژن | 686.7 | 7.5 | 0.0101 | 1.96 | 2.0 | 5.5 | 9.5 |
| سلێمانی | نێر | 645.9 | 4.8 | 0.0084 | 1.96 | 1.6 | 3.2 | 6.4 |
| | ژن | 696.9 | 6.9 | 0.0096 | 1.96 | 1.9 | 5.0 | 8.8 |
| دهۆک | شارنشین | 646.3 | 17.7 | 0.0150 | 1.96 | 2.9 | 14.8 | 20.6 |
| | گوندنشین | 245.3 | 16.2 | 0.0235 | 1.96 | 4.6 | 11.6 | 20.8 |
| هەولێر | شارنشین | 1,075.6 | 11.4 | 0.0097 | 1.96 | 1.9 | 9.5 | 13.3 |
| | گوندنشین | 242.2 | 10.5 | 0.0197 | 1.96 | 3.9 | 6.6 | 14.3 |
| سلێمانی | شارنشین | 1,085.8 | 10.0 | 0.0091 | 1.96 | 1.8 | 8.2 | 11.8 |
| | گوندنشین | 256.9 | 9.1 | 0.0180 | 1.96 | 3.5 | 5.6 | 12.7 |

# گەڵاڵەی سووڕان بۆ KRLFS

## بۆچی گەڵاڵەکانی سووڕان؟

لە کاتی جێبەجێ کردنی رووپێو دوابەدوای یەکەکان بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکاریی بەردەوامی هەندێ پێوەر وەک رادەی بێکاریی، دیسانەوە دیمانە کردن لەگەڵ هەر ئەو خێزانانە یان تاکەکان بەکەڵکە. بە شێوەی گشتیتر، چاکتر وایە کە لە خولێکەوە بۆ خولێکی تر زۆرترین بەسەریەکدا کەوتوویی نموونە هەبێت. بەسەریەکدا کەوتوویی ڤەریانسی مەزندەکانی گۆڕانکاریەکان کەم دەکاتەوە و وردبینی مەزندەکە زێدە دەکات لەبەر ئەوەی کە کەسانی ناو نموونە لە خولێکەوە بۆ خولێکی تر ناگۆڕدرێن. لە بەرانبەردا، ئەگەر هەر خولێک نموونەگرتن لە کەسانی تەواو جیاواز لە نموونەگرتنەکانی پێشوو بێت، گرێدراوی (پێبەستەبوونی) دەرەنجامی خولەکان زۆر کەمبوونەوەی دەبێت. بەمجۆرە مەزندەکانی گۆڕان ڤەریانسی بەرزتری دەبێت.

لەوێوە کە گۆڕانی دەرەنجامگەلێک وەک رادەی بێکاریی لە ماوەی کورتدا رەنگە تاڕادەیەک کەم بێت، بۆ دیاریکردنی گۆڕانکارییە گرنگەکانی پێوەندیدار بە ئامار دەبێت مەزندەکان زۆرینەی وردبینییان هەبێت. بۆ وێنە، دابەزینی رادەی بێکاریی لە 10 بۆ 7 لەسەد، لە روانگەی سیاسییەوە چاکتربوونی بەرچاو دێتە ئەژمێر. هەرچەند، ئەم گۆڕانە 3 لەسەدییە بە شێوەی رەها (خاڵی لەسەد) ئەوەندە گەورە نییە و بۆ بەردەوام بوونی گرنگایەتی پێوەندیدار بە ئامار پێویستی بە ڤەریانسی تاڕادەیەک نزم هەیە. بۆ سەلماندنی جیاوازبوونی رادەکان، پەراوێزی هەڵەی مەزندەی گۆڕان دەبێت کەمتر لە 3 لەسەد بێت.

ئەم تێبینیانە دەبێت بریتی بێت لەوەی کە رێبازی چاک بۆ پشکنین و رووپێوی دووپاتکراوەیی، گەڕانەوە بۆ هەر ئەو خێزانانە لە هەر خولێکدا و جێبەجێ کردنی ئەم کارە بە شێوەی بێ سنوورە (بەسەریەکدا کەوتوویی تەواوی نموونەکان). هەرچەند، ئەم بارودۆخە دەبێتە هۆی ماندوویەتی زۆری نموونەکە. هەندێ لە وەڵامدەران لە رووپێو ماندوو دەبن و لە خولەکانی دواتردا هاوکاری ناکەن. ئەم ماندوویەتییە بە تێپەڕینی کات زۆرتریش دەبێت. دەکرێ لەو کەسانەی کە خێزانی نوێ پێکدەهێنن، جێگۆڕکێ بکرێت بەڵام رەوتی چوونەدەرەوە رەنگە سیستماتیک بێت (بۆ وێنە کەسانی دەوڵەمەند رەنگە تاقەتیان کەمتر بێت و بیانەوێت زووتر بچنە دەرەوە). کەواتە، گەرەنتی نوێنەرایەتی نموونە، تەنانەت بە جێگۆڕکێ، هەستەم دەبێت. تەمەنی کەسانی بنەماڵەکە بە تێپەڕینی کات دەڕواتە سەرەوە و نموونەی سەرەتایی ئێمە ئەگەر چەندین ساڵ بپارێزرێت، لە باری جەماوەرناسییەوە نوێنەرایەتی ناکات.

*گەڵاڵەی سووڕان* ئاستی نێوەنجی نێوان بەسەریەکدا کەوتوویی تەواوی نموونە (بنەماڵەکان یان کەسانی هاوشێوە لە هەر خولێکدا) و نموونە تەواو سەربەخۆکان (تەنیا جارێ دیمانە لەگەڵ بنەماڵەکان). ئەم گەڵاڵە کارامەیی پێوەندیدار بە ئامار گەرەنتی دەکات و کێشەکانی پێوەندیدار بە ماندوویەتی چارەسەر دەکات. لایەنی بنەڕەتی گەڵاڵەکانی سووڕان ئەوەیە کە بنەماڵەکان یان تاکەکان بۆ چەندین خول لە نموونەدا دەمێننەوە و پاشان بۆ هەتاهەتایە لە نموونە دەخرێنە دەرەوە (بە "سووڕان" لە نموونە دەکەونە دەرەوە). کەواتە، بەسەریەکدا کەوتوویی بەرچاو بەڵام ناتەواوی نموونە بە تێپەڕینی کات دەپارێزرێت.

لە جۆرێکی باوی گەڵاڵەی سووڕان، بنەماڵەکان چەندین خول دەکەونە ناو نموونەیەکەوە، بۆ ماوەی چەندین خول دەکەونە دەرەوەی نموونە و دیسانەوە بۆ ماوەی جەندین خول دەکەونە ناو نموونەکەوە و دەرەنجام بۆ هەتاهەتایە لە نموونە دەخرێنە دەرەوە. رێبازی پێشنیارکراوی ئێمە بۆ ئەم رووپێوە گەڵاڵەی سووڕانی "2-(2)-2" بوو. هەر بنەماڵەیەک بۆ ماوەی دوو وەرزی دوا بە دوای یەک دەکەوێتە ناو نموونە، لە ماوەی دوو وەرزی دواتردا "پشووی" دەبێت، پاشان بۆ ماوەی دوو وەرز دەخرێتەوە ناو نموونە و پاش


ئەوە لە نموونە دەخرێتە دەرێ. قازانجی ئەم ڕێبازە ئەوەیە کە خێزانەکان بۆ دەرکردنی ماندوویەتی بە هۆی دیمانەوە چەند خول لە نموونە دەخرێنە دەرەوە و بەمجۆرە ئەگەری دەرچوون کەم دەبێتەوە. وێرای ئەوە، گەڕانەوەی خێزانەکان پاش ماوەیەک—لەمبارەوە دوو وەرز—بەو واتایە کە خولی تەواوی دیتنی تاقمێکی تایبەت تاڕادەیەک درێژخایەن (شەش وەرز یان ساڵ و نیوێک) و زیاتر لە ماوەی دیتنی ئەوان بۆ ماوەی چوار وەرزی دوا بە دوای یەکە (یەک ساڵ).

## لایەنە گرنگەکانی گەڵاڵە

وێنەی B.1 گەڵاڵەی سووڕانی 2-(2)-2 بە پیشاندانی نموونەهەڵگرتن لە سێ ساڵی سەرەتاییدا پیشان دەدات. چوار تاقم یان گروپ هەیە کە هەرکامیان یەک-چوارەمی (1,750) نموونەی گشتی 7,000 یەکەیی پێکدەهێنن. هەر تاقم بۆ ماوەی دوو وەرزی پشت سەریەک دەکەوێتە بەر دیمانە، بۆ ماوەی دوو وەرز دەکەوێتە دەرەوەی نموونە و دیسانەوە بۆ ماوەی دوو وەرز دەخرێتەوە نێو نموونە. بەسەریەکدا کەوتنی تاقمەکان لە ڕێگای دوابەدوای یەک بوونی ڕەوتی زێدەبوونی هەر تاقم دەستەبەر دەبێت. دەرەنجام، لە وەرزی ٢ی ساڵی 2 دا، چوار تاقم هاوکات دەکەونە بەر دیمانە. لەم قۆناخەدا، نموونە بە 7,000 خێزانەوە دەگاتە "دۆخی بەردەوامی" و ئەم بارودۆخە پاش ئەوە درێژەی دەبێت. لایەنە گرنگەکانی ئەم گەڵاڵە بریتین لە:

- پاش گەیشتن بە دۆخی بەردەوامی، چوار تاقم لە هەر خولێکدا دەکەونە ناو نموونەوە: تاقمێکی تەواو نوێ، تاقمێکی پاشماوەی وەرزی پێشوو، تاقمێکی بەر دیمانە پاش هاتنەناو نموونە لە ساڵی پێشوودا و تاقمێکی بەر دیمانە پاش هاتنەناو نموونە لە وەرزی پێشوودا و لە ساڵی پێشوودا. بۆ وێنە، لە وەرزی 3 ی ساڵی 2 دا، دیمانەکارەکان 1,750 خێزانیان بۆ تاقمی 7 (تەواو نوێ) زێدە کرد، لەگەڵ 1,750 خێزانی تاقمی 6 دا (کە لە وەرزی ڕابردوودا بۆ یەکەمین جار کەوتبوونە بەر دیمانە) دیسانەوە دیمانەیان کرد، لەگەڵ تاقمی 3 (کە دوایین دیمانەی ئەوان هی ساڵی ڕابردوو بوو و پاش دوو وەرز پشوودان گەڕابوونەوە) دیسانەوە دیمانە کرا و لەگەڵ تاقمی 2 (کە لە وەرزی ڕابردوودا و ساڵی ڕابردوو کەوتبوونە بەر دیمانە)، دیسانەوە دیمانەیان کرد.

**شکڵی 1.B**
**گەڵاڵەی سووڕان 2-(2)-2 بۆ ڕووپێوی تەواوی نموونە (7,000 = n)**




تێبینی: هەر ڕەنگێک (بۆیە) پیشاندەری دەستەیەکە.

RAND *RR293-B.1*

- واتە، لە هەر وەرزدا، نیوەیەک لە خێزانەکان لە وەرزی پێشوو دەپارێزرێن (لەم وێنەیەدا تاقمەکانی 2 و 6) لە کاتێکدا کە نیوەکەی تر بە شێوەی کاتیی یان هەمیشەیی لە نموونە دەخرێنە دەرەوە و جێگای خۆیان دەدەن بە خێزانەکانی تر (تاقمی 1 بە شێوەی کاتیی بۆ پشووی دوو وەرزیی دەچێتە دەرەوە و تاقمی 5 بۆ هەتاهەتایە دەخرێتە دەرەوە و جێگای خۆی دەدات بە تاقمی 3 کە دیسانەوە دێتە ناو، و تاقمی 7 نوێیە). بەمجۆرە، لە وەرزێک بۆ وەرزێکی تر بەسەریەکدا کەوتوویی 50 لەسەدی بۆ نموونە هەیە. ئەم بەسەریەکدا کەوتووییە یارمەتی کەمبوونەوەی ڤەریانس دەدات لە مەزندەکانی گۆڕاندا بە تێپەڕینی کات.
- وێرای ئەوە، ئەم گەڵاڵەیە بەسەریەکدا کەوتوویی 50 لەسەدی نموونە نێوان *ساڵەکان*، مسۆگەر دەکات و کارامەیی زۆری مەزندەی گۆڕانکاریی ساڵ-بۆ-ساڵ گەڕەنتی دەکات.

## گروپەکانی سووڕان

بۆ بەڕێوەبەرایەتی گونجاوی ئەم ڕێبازی نموونەهەڵگرییە، باشتر وایە دەستەکانی نموونە (سەبارەت بە ئێمە، بلۆکەکان) دابەش بکەنە سەر RG یە جیاوازەکان. ئێمە سیستەمێک بە دوو RG بۆ نموونەی گشتی 700 دەستەیی و 7,000 خێزانی خۆمان پێشنیار دا.

- هەر RG بریتیە لە یەک نیوە (350) لە دەستەکانی نموونە و نیوەیەک (3,500) لە خێزانەکانی نموونە.
- دوو تاقم لە چوار تاقمی ناوکەوتی نموونە لە وەرزێکی دیاریکراو تایبەت بە RG 1 دوو تاقم تایبەت بە RG 2 دەبن.

ستراتیجی دوو-RG وەک ئەمە، بۆ وێنە لە ڕووپێوی هێزی کاری فەلەستین بەکار دەهێنرێت.

ئێمە دروستکردنی RGەکانمان بە شێوەی خوارەوە دەست پێکرد. یاداشتی ئێمە سەبارەت بە نموونەهەڵگری پەیوەندی بە پۆلێنبەندی بە پێی قەزا و گەڵاڵەی دوو قۆناغییەوە ( هەڵبژاردنی دەستەکان یان PSU یەکان و پاشان خێزانەکانی ناو ئەوان) بوو. بە پێی ڕێبازی چاکسازی کراوی "کیش" بڕیار وابوو لە قۆناغی یەکەم ڕێژەیەکی جیاوازی دەستە بە شێوەیەکی هەڵکەوتی لە قەزاکان هەڵبژێردرێن. بۆ پێکهێنانی دوو RG، وا کارمان کرد کە دڵێی دەمانەوێت دوو نموونە پێکبهێنین کە هەرکام نیوەی ئەندازەی نموونەی کۆتایی 7,000 خێزانی لە 700 دەستەدا بن. کەواتە، ئێمە دەستەکانمان لە قەزاکان بە پێی تەرخانکردنی ئاماژەپێکراو لە یاداشتی نموونەهەڵگری هەڵبژارد بەڵام ئەم کارەمان دوو جار و هەر جار بە هەڵبژاردنی نیوەی ڕێژەی دەستە دیاریکراوەکان لە هەر قەزایەک جێبەجێ کرد.

بۆ وێنە، ئەگەر بۆ قەزایەک 22 دەستە دانرابوو، ئێمە بە شێوەی هەڵکەوتی 11 بلۆکمان لەو قەزا هەڵبژارد و بۆ RG 1 تەرخانمان کرد. پاشان، لە بلۆکە پاشماوەکانی قەزا، 11 دنکی ترمان بە شێوەی هەڵکەوتی هەڵبژارد و بۆ RG 2 تەرخانمان کرد. کەواتە، ئێمە گەیشتین بە دوو RG کە هەرکام 350 بلۆکیان هەبوو و دەستەکانی هەر قەزا بە شێوەی یەکسان لە نێوان RG 1 و RG 2 دابەش کرابوون.

بۆ ئاگاداری لە شێوازی کار، سەردانی شکڵی B.1 بکەن. لە وەرزی یەکەم، ئێمە تاقمی 1مان بە نموونەهەڵگری 1,750 خێزان لە RG 1 هەڵبژارد. ئەگەر وەها دابنێین کە RG 1 لە 350 بلۆک پێکهاتووە، ئێمە پێنج خێزان بە شێوەی هەڵکەوتی لە پێڕستی خێزانەکانی هەر دەستە لە RG 1 هەڵدەبژێرین(تا بە 350 × 5 = 1,750 خێزان بگەیین).

لە وەرزی سێهەم، تاقمی 2 لە دەستەکانی RG 2 زێدە دەکرێت. لە هەرکام لەم دەستانەدا، پێنج خێزان بە شێوەی هەڵکەوتی هەڵدەبژێردرێن. تاقمی 1 یش بۆ دووهەمین جار وتووێژی لەگەڵ دەکرێت.

لە وەرزی سێهەمدا، تاقمی 1 دەچێتە ناو پشووی دوو وەرزی خۆیەوە و تاقمی 2 بۆ دووهەمین جار وتووێژی لەگەڵ دەکرێت تاقمی 3 بە تازەیی لە RG 1 بە نموونە زێدە دەکرێت. پێنج خێزانی نوێی هەر دەستە لە RG 1 زێدە دەکرێن تا 1,750 خێزانی تاقمی 3 مسۆگەر بکرێت. سەرنج بدەن کە *خێزانەکانی تاقمی نوێ لە هەمان دەستەیەک زێدە دەکرێن کە تاقمی کۆن (دەستەی 1) لەوێ سراونەتەوە*. چونکە هەردوو لە RG 1 یدان. ئەم پاتێرنە بە شێوەی ڕێکوپێک لەم گەڵاڵەدا دووپات دەبێتەوە و دەرەنجامی ئاماری هەیە کە

دواتر ئاماژەیان پێ دەکەین. لە ڕوانگەی تایبەتەوە، لە هەرکام لە دەستەکانی RG 1، دەبێت پێنج خێزانی نوێ بە شێوەی هەڵکەوتی لە پێرستی خێزانەکان جگە لەوانەی کە بۆ تاقمی 1 هەڵبژێردراون، هەڵبژێرین، چونکە خێزانەکانی تاقمی 1 پێشتر دووجار وتووێژیان لەگەڵ کراوە و ئێستا لە پشووی دوو وەرزیدان. تاقمەکان دەبێت بە شێوەی ئاڵ و گۆڕانە گرووپەکانی تایبەت بە خێزانەکان بن.

لە وەرزی چوارەمدا، تاقمی 4 لە RG 2 زێدە دەکرێت. هاوکات، گرووپی 2 بۆ ڕۆشتن بۆ پشووی دوو وەرزی RG 2 بە جێ دەهێڵێت. جارێکی تر، گرووپەکان لە هەمان دەستەکانەوە دەڕۆنە ناو نموونە و لێی دێنە دەرەوە. کەواتە، پێنج خێزان بۆ تاقمی 4 بە شێوەی هەڵکەوتی لە پێرستی خێزانەکانجگە *لەو* خێزانانەی کە پێشتر لە تاقمی 2 دا بوون، هەڵدەبژێردرێن. تاقمی 3 بۆ دووهەمین جار وتووێژیان لەگەڵ دەکرێت.

ئەم پرۆسە بە پێی شکڵی B.1 تا وەرزی 2 ساڵی 2 درێژەی دەبێت کە لەوکاتەدا نموونەی تەواوی چوار تاقمی و 7,000 خێزانی پێک دێت. لە پاش ئەم قعناغە (دۆخی بەردەوام) تایبەتمەندییەکانی ئاماژەپێکراو لە بەشی "لایەنە سەرەکییەکانی گەڵاڵە" شرۆڤە دەکرێت.

- چوار تاقم لە هەموو وەرزێک وتووێژیان لەگەڵ دەکرێت.
- دوو تاقم لە RG 1 و دوو تاقم لە RG 2.
- لە هەر وەرزێکدا، نیوەیەکی نموونە یان دوو تاقم لە وەرزی پێشوو دیسان وتووێژیان لەگەڵ دەکرێت. ئەم دوو تاقمە لە یەک RG ین.
- لە هەر وەرزێکدا، نیوەیەکی نموونە یان دوو تاقم دەڕۆنە دەرەوە و جێی خۆیان بە دوو تاقم لە یەک RG دەدەن.

دەبێت سەرنجی دوو تێبینی بدرێت. یەکەم، ئەم ڕاستییە کە تاقمی خێزانە دەرکەوتەکان لە ڕەوتی ڕووپێو دەبێت جێی خۆیان بە تاقمێکی نوێ لە خێزانە هاودەستەکان بدەن، زۆر گرنگە. هەر چەند ئەم شێوازە یارمەتی بەڕێوەبەرایەتی و هەڵگرتنی پێشینەکان دەدات، ئامانجی سەرەکی لە ئەنجامدانی ئەو کارامەیی ئامارییە. هەروەها کە ئاماژەی پێکرا، بەسەریەکدا کەوتوویی بەردەوامی نموونە بە هۆی هاوپەیوەندی خولەکان، ڕادەی وردبینی باشتر دەکات. بێ گومان بەهێز ترین هاوپەیوەندی ئەو کاتە بە دی دێت کە خێزانەکانی نموونە بە تێپەڕینی کات نەگۆڕدرێن. بەم هاوپەیوەندییە، هاوپەیوەندی سەرەکی دەوترێت لە بەر ئەوەی کە گرووپی ئێمە بە شێوەی سووڕانە، دروست کردنی وەها بە سەریەکدا کەوتنێک بۆی نییە. هەر چەند، ئەگەر خێزانە ناوکەوتەکانی هاو دەستە ئەوانەی بن کە دەڕۆنە دەرەوە، تا ڕادەیەک کارامەیی دەست دەکەوێت. ئەم تایبەتمەندییە دەرەنجامی هاوپەیوەندی لە نێوان خێزانە هاودەستەکانە کە وەها چاوەڕوان دەکرێت کە لە بوارە جیاوازەکاندا وەک یەک بن ( وەک ئەو شتەی کە لە یاداشتی نموونەهەڵگریماندا سەبارەت بە ICC و DEFF باس لێکرا). کەواتە، هاوپەیوەندی لاواز قازانجێکی هەیە بە ناو هاوپەیوەندی لاوەکی. ئەم قازانجە کاتێک دەردەکەوێت کە خێزانەکان لە هەمان شوێنی خێزانە دەرکەوتەکان هەڵبژێردرێن). ئەم بارودۆخە تایبەتە RG شرۆڤە دەکات.

دەبێت سەرنجی ئەم ڕاستییە بدرێت کە تاقمە نوێکان بە درێژایی کات لە گرووپە هاوشێوەکانی دەستەکان هەڵدەبژێردرێن. هەروەها کە ئاماژەی پێکرا، تاقمی نوێ دەبێت بە شێوەی هەڵکەوتی لە پیرستی خێزانەکان هەڵبژێردرێت. بێگومان بۆ بەرگیری کردن لە ماندوویەتی وەڵامدەران، ئەو خێزانانەی کە پێشتر لە ڕووپێودا بەشدارییان کردووە، دەبێت وەلا بنرێن. ئەگەر نەمانهوێت لە خێزانەکان زیاتر لە سووڕێک بۆ هەر تاقم کەڵک وەربگرین، سەرچاوەی ئەو خێزانانە کە بۆ تاقمە نوێکان لە دەستە هەمانن بە درێژایی کات بچووک و بچووکتر دەبێت. کەواتە، بۆ هەندێک جار، هەڵبژاردنی نموونەی نوێ لە دەستەکان لە چوارچێوەی نموونەهەڵگری پێویست دەبێت. واتە قۆناغی یەکەمی نموونەهەڵگری دەبێت دووپات بکرێتەوە.

### دەستپێکی رووپێو بە نموونەی تەواو

ئەم پرۆسە کە باسی لێکرا، پەرەپێدانی وەرز بە وەرزی نموونە بە زێدەکردنی تاقمێکی نوێ لە هەر وەرزێکە کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی نموونەی 7,000 خێزانی و چوار تاقم تا وەرزی شەشەمی رووپێو (ساڵی 2، وەرزی 2، لە شکڵی 1.B). لە هەمان کاتدا کە جێبەجێ کردنی ئەم پرۆسە تا رادەیەکی زۆر هاسانە، ئەم خاڵی لاوازەی هەیە کە ئەندازەی کۆتایی نموونە تا ماوەیەک بە دی نایەت و رادەی وردبینی مەزندەکانی پێش لەو کاتە (بۆ وێنە نرخی بێکاری نیشتمانی) کەمتر لە رادەی خوازراو دەبێت.

هەر چەند، دەکرێت کارەکە بە نموونەی تەواو دەست پێبکرێت و وەها دابنرێت کە دەڵێی پرۆسەی رووپێو لە وەرزی 2 لە ساڵی 2 (وەک خولی 1 ی رووپێو لە شکڵی 1.B) دایە. ئێمە ئەم رێبازە پێشنیار دەدەین بۆ ئەوەیکە لە خولی یەکەمی رووپێو مەزندەی بە رادەی وردبینی لە سەرەوە دەستەبەر بکرێت. ئەم ئامانجە بەم جۆرە بە دەست دێت:

1. دوو RG بە پێی شێوازێک کە باسی لێکرا پێک بهێنن.
2. لە هەر دەستەیەکی RG 1، پێنج خێزان بە شێوەی هەڵکەوتی بۆ تاقمی 1 هەڵبژێرن. پاشان، لە پێڕستی خێزانە پاشماوەکانی ئەم دەستانە، پێنج خێزان بە شێوەی هەڵکەوتی بۆ تاقمی 5 هەڵبژێرن.
3. لە هەر دەستەیەکی RG 2، پێنج خێزان بە شێوەی هەڵکەوتی بۆ تاقمی 2 هەڵبژێرن. پاشان، لە پێڕستی خێزانە پاشماوەکانی ئەم دەستانە، پێنج خێزان بە شێوەی هەڵکەوتی بۆ تاقمی 6 هەڵبژێرن.
4. لەگەڵ هەموو ئەم خێزانانە (7,000=n) وتووێژ دەکرێت.

لە وەرزی دواتر، بە جۆرێک کار دەکەین وەک ئەوەی کە وەرزی 3 ی ساڵی 2 داین (سەردانی شکڵی 1.B بکەن) و بە گوێرەی ئەمە لەگەڵ هەر تاقمێک مامەڵە دەکەین:

- لەگەڵ تاقمی 1 وەها مامەڵە دەکرێت وەک ئەوەی کە تا وەرزی پێشوو چوار جار وتووێژی لەگەڵ کراوە، پاشان لە رووپێو وەلا دەنرێن.
- لەگەڵ تاقمی 2 وەها مامەڵە دەکرێت وەک ئەوەی کە ئەم وەرزە وتووێژی چوارەمیەتی. واە درێژە بەم خولە دەدات و پاشان بۆ هەمیشە لە نموونە دەرواتە دەرەوە.
- لەگەڵ تاقمی 5 وەها مامەڵە دەکرێت وەک ئەوەی کە وەرزی پێشوو دیمانەی دووهەمی بووە، کەواتە ئەم وەرزە بۆ رۆشتن بۆ پشووی دوو وەرزی خۆی بە جێ دەهێڵێت کە بۆ دوو خولی رووپێوی تر ئامادە ببێت.
- لەگەڵ تاقمی 6 وەها مامەڵە دەکرێت وەک ئەوەی کە دیمانەی دووهەمیەتی. واتە لە پاش ئەم وەرزەدا دەچێتە ناو پشووی دوو وەرزی خۆیەوە کە بۆ دوو خولی رووپێوی تر ئامادە ببێت .
- تاقمی 3 لە دەستەکانی RG 1 دروست دەبێت (پێنج خێزانی نوێ لە هەموو دەستەیەک). ئێمە لەگەڵ ئەم تاقمە وەها مامەلە دەکەین وەک یەوەی کە لە پاش دوو خولی وتووێژ دیسان هاتوەتەوە و پاشان بۆ ماوەی دوو وەرز بۆ پشوو ڕۆشتووە. کەواتە لە وەرزی دواتردا دیسان وتووێژی لەگەڵ دەکرێت و پاشان بۆ هەمیشە نموونە بە جێ دەهێڵێت.
- تاقمی 7 یش نزیک لە دەستەکانی RG 1 دروست دەبێت (پێنج خێزانی نوێ لە هەموو دەستەیەک) تا بۆ یەکەمین خول لە چوار خولی رووپێو ئامادە بکرێت.

درێژە بەم رێبازە بۆ چەند وەرزی دواتر دەدەین.

## سەرچاوەکان


ئانجێل-ئوردینولا (Angel-Urdinola)، دیێگۆ ف. (Diego F.) و کیمی تانابە (Kimie Tanabe)، "مایکرۆ- دیاریکەرەکانی کار و دامەزرانی نافەرمی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا"، واشینگتۆن، دی.سی: بانکی جیهانی، جانیوەری 2012. لە 23 ی نۆڤەمبەری 2013:
http://documents.worldbank.org/curated/en/2012/01/15763718/micro-determinants-informal-employment-middle-east-north-africa-region

ساندرا بێری (Sandra H. Berry)، نیکۆلاس بێرگر (Nicholas Burger)، هارۆن دۆگۆ (Harun Dogo)، کریشنا کومار (Krishna B. Kumar)، ئالێساندرۆ مالکیودی (Alessandro Malchiodi)، جێفری مارتینی (Jeffrey Martini)، تووداج مینگیستۆ (Tewodaj Mengistu)، هاوارد شاتز (Howard J. Shatz)، ئالێکساندریا ئیسمیت (Alexandria C. Smith)، ئارتور یوسانوف (Artur Usanov) و یوان یونگ (Joanne K. Yoong)، *گەڵاڵەکردنی سیستەمی کۆکردنەوەی داتای پەیوەندیدار بە سیاسەت بۆ هەرێمی کوردستان- عێراق* ، سانتامونیکا، کالیفۆرنیا: دەزگای راند، MG-1184-KRG، 2012.

ئاژانسی ناوەندی کۆکردنەوەی گشتی و ئامار (میسر) CAPMAS، ماڵپەڕ، 2013. لە 25ی نۆڤەمبەری 2013:
http://www.capmas.gov.eg

دەزگای ناوەندی ئاماری سوریا ، ماڵپەڕ، بە بێ بەروار.

Eurostat، *هێزی گرووپی تایبەتی پەیوەندیدار بە کواڵیتی راپرسی هێزی کار: راپۆرتی کۆتایی*، لوکزەمبورگ: دەستەی پەخشکردنی (بڵاوکراوە) یەکیەتی ئەوروپا ، 2009: لە 25 ی نۆڤەمبەری 2013:
http://epp.eurostat.ec.europa.eu/cache/ITY_OFFPUB/KS-RA-09-020/EN/KS-RA-09-020-EN.PDF

سندۆقی نێودەوڵەتی پارە، "بۆردی راگەیاندنی ستانداردەکانی پەیوەندیدار بە بڵاوکردنەوە"، ماڵپەڕ، 2012. لە 25 ی نۆڤەمبەری 2013:
http://dsbb.imf.org

راپرسی کۆمەڵایەتی-ئابووری خێزان (خێزانەکانی (ماڵ) عێراق - 2007 -IHSES، ماڵپەڕ، جانیوەری 2009. لە 31ی جانیوەری 2014:
http://web.worldbank.org/WBSITE/EXTERNAL/COUNTRIES/MENAEXT/IRAQEXTN/0,,contentMDK:22032522~menuPK:313111~pagePK:2865066~piPK:2865079~theSitePK:313105,00.html

دەستەی ناوەندی راگەیاندنی شانشینی بەحرەین ، "لێکۆڵینەوەی بەرهەمهێنانی پیشەیی دامەزراوە پیشەسازەکانی بەحرەین "، وب‌سایت، 2007. لە 26 ی نۆڤەمبەری 2013:
http://www.cio.gov.bh/cio_eng/SubDetailed.aspx?subcatid=255

کیش، لێزلی، "گەلاڵەکانی نموونەی چەند-بابەتە"، *مێتۆدۆلۆژی راپرسی*، بەرگی14، ژمارە 1، 1988، صص. 19-32.

دەستەی ئاماری نیوزیلەند، "راپرسی ساڵانەی کاروکاسبی نیوزیلەند "، ماڵپەڕ، 2011. لە 26 ی نۆڤەمبەری 2012:
http://www2.stats.govt.nz/domino/external/quest/sddquest.nsf/12df43879eb9b25e4c256809001ee0fe/e54943cd044ac240cc2579210075be08?OpenDocument

دامەزراوەی ئاماری تورکیا، ماڵپەڕ، بە بێ بەروار. لە 25 ی نۆڤەمبەری 2013:
http://www.turkstat.gov.tr/

بانکی جیهانی *راپرسی کۆمەڵایەتی-ئابووری خێزان (خێزانەکانی (ماڵ) عێراق* ، 2007. لە 31 ی جانیوەری 2014:
http://web.worldbank.org/WBSITE/EXTERNAL/COUNTRIES/MENAEXT/IRAQEXTN/0,,contentMDK:22032522~menuPK:313111~pagePK:2865066~piPK:2865079~theSitePK:313105,00.html

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان

RAND
کۆمپانیا

ڕاڤە بە ڕوانگەیەکی ڕاستەقینانە.
ڕێگاچارەسەرە کارامەکان.

ئاماری گشتگیر و بڕوادار بۆ سیاسەتدانانی ئابووری زۆر پێویستە. هەرێمی کوردستانی عێراق ئاماری پێویست بۆ باشتر کردنی ژێرخان، دابینکردنی بوار بۆ هاندانی پەرەپێدان، ڕاکێشانی سەرمایە بیانییەکان و گەیشتن بە گەشەی ئابووری بەردەوامی لە بەردەستدا نییە. RAND هاوکاری نزیک دەکات لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و ڕاوێژکاری هەبوو لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ ئامادەکردن، جێبەجێکاری و ڕاڤەی خولی سەرەتایی ئامارگرتن لە هێزی کاری پەیوەندیدار بە هەرێم کە بۆ سیاسەتدانانی حکومەتی زۆر پێویستە. کۆمپانیای RAND ڕێنموونییە گشتییەکان و فێرکاریی تاوتوێکارانە و کردەوەییانەی بە فەرمانبەرانی فەرمانگە پێشکەش کرد. وێڕای ئەوە، فەرمانبەرانی فەرمانگە  بە بەشداریکردن لە خولی ژیانی تەواوی ڕووپێو، لە گەڵاڵەی سەرەتاییەوە تا کۆکردنەوەی داتاکان بۆ ڕاڤەی سیاسەتی، و بە قبووڵکردنی بەرپرسایەتی جێبەجێکاری و ڕاڤەی کۆتایی ڕووپێوەکان لە فێرکاری کردەوەییانە کەڵکیان وەرگرت. خولەکانی دواتری ڕووپێو، زانیاری بەرۆژ سەبارەت بە ڕەوتی گۆڕانی ئەم پیشاندەرانە (ئیندیکاتۆر) و پیشاندەرە گرنگەکانی تر بە درێژایی کات و لە وەڵامی سیاسەتەکاندا، پێشکەش دەکات.

$29.95

ISBN-10 0-8330-8745-2
ISBN-13 978-0-8330-8745-4
52995
9 780833 087454

RR-293/3-KRG